# هێمای ژمارە چوار

**پێڕست:**

**1- زانستی دەرەنجام**

**2- وردەکارییەکانی دۆسیەکە**

**3- گەڕان بە دوای چارەسەرێکدا**

**4- چیرۆکی پیاوە قژ ڕووتاوەکە**

**5- تراژیدیای بۆندچێری لۆج**

**6- هۆڵمز شیکردنەوەیەک دەخاتە ڕوو**

**7- ڕووداوی بۆشکەکە**

**8- هێزە نانیزامییەکانی شەقامی بەیکەر**

**9- نهێنییەکی شاراوە**

**10- مەرگی دوورگەنشینە دڕندەکە**

**11- گەنجینە مەزنەکەی ئاگرا**

**12- چیرۆکە سەیرەکەی جانسن سمۆل**

# بەشی یەکەم

## زانستی دەرەنجام

**بە ناوی خودا... هۆڵمز ڕۆیشتە لای ئاگردانەکە، لەسەر ڕەفی ئاگردانەکە کۆمەڵە شووشەیەکی بچووکی دانابوو، ئەو شووشە بچووکانە پڕ بوون لە جۆرەها ماددەی هۆشبەر، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی شووشەیەکی هەڵگرت، ئەوا دەستی بۆ دەرزییەک برد کە ڕووکەشی دەرەوەی لە پێستی بزن دروستکرابوو. نووکی دەرزییەکەی لەناو شووشەکە هاویشت و پێکهاتەکەی مژی، دواتر شێرلۆک قۆڵی چەپی کراسەکەی لابرد و پەتێکی توندی لە باسکی بەست (مەبەست لەمە دەرخستنی دەمارەکانە لە ڕێگەی پەستانەوە-وەرگێڕ). پێش ئەوەی دەرزییەکە لە خۆی بدات، ئەوا بۆ ساتێک وەستا و بە هەناسەیەکی قووڵەوە سەیری باسکە باریک و بەهێزەکەی کرد، باسکێک کە پڕ بوو لە شوێنەواری دەرزی. دواتر دەرزییەکەی لە خۆیدا و بە ئاسوودەییەکی زۆرەوە ڕاکشایە سەر کورسییەکەی. بۆ ماوەی چەندین مانگ ئەم کارەی لە ڕۆژێکدا سێ جار دووبارە دەکردەوە، بەڵام ئەم بەردەوامی و دووبارەکردنەوە وای نەکرد کە ئەو کارە قبوڵ بکەم، بەڵکو بە پێچەوانەوە... هەرجارێک کە سەیری ئەو کارەیم دەکرد، ئەوا بێزم دەکردەوە. ویژدانیشم ئازاری دەدام بەوەی کە بوێری ئەوەم نەبوو ڕێگری لێ بکەم یاخود بە لایەنی کەمەوە سەرزەنشتی بکەم. چەندین جار بەڵێنم بە خۆمدا کە لەسەر ئەمە ڕووبەڕووی دەبمەوە و ڕای خۆمی لەسەر پێدەڵێم، بەڵام شێواز و مامەڵەی ساردی ئەو وایکرد کە وا نەکەم، شێرلۆک کاتێک بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات، ئەوا هەرکەسێک لە دەوری بێت نایەوێت بە ئازادی قسەی لەگەڵدا بکات. شایەنی باسیشە کە توانا مەزن و زیرەکییە ناوازەکەی وایکرد کە بترسم لە ڕادەربڕین، ئیتر بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بووم. بەڵام پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بێدەنگییەکەم شکاند، ئەویش وابزانم بە هۆی ئەو مەیە فەڕەنسییە بووبێت کە لەگەڵ ئەوم خواردبۆوە، یاخود بە هۆی بێباکی ئەوەوە توڕە بووبووم، ئیتر نازانم. بەهەرحاڵ بە توڕەییەکی زۆرەوە پرسیم: ئەمڕۆ چی لە خۆت دەدەیت؟ مۆرفین، کۆکایین؟!**

**کاتێک شێرلۆک ئەمەی بیست، ئەوا چاوی لەسەر ئەو پەرتووکە لابرد کە چەند پیتێکی گەورەی ڕەش لەسەر بەرگە کۆنەکەی بوون و گوتی: کۆکایینە، ڕێژەیی خەستی بریتییە لە 7%، ئایا دەتەوێت؟ منیش بە شێوەیەکی سارد وەڵامم دایەوە و گوتم: هێشتا ماندوویی کارکردنم لە ئەفغانستان بەری نەداوم، ناتوانم جەستەم بە شتێکی وەها زیاتر ماندوو بکەم. ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: ڕاست دەکەیت واتسن، کاریگەری خراپی لەسەر جەستە هەیە، بەڵام بڕوام وایە کە وریاکەرەوەیەکی باشە بۆ چالاککردنی مێشک، ئەو کاریگەرییە باشەش کاریگەرییە خراپە لاوەکییەکان پەردەپۆش دەکات. منیش بە شێوەیەکی شێلگیرانە گوتم: بەڵام بیری لێبکەوە! بیر لە ئاکامەکەی بکەوە! ڕاستە کە مێشکت وریا دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەمارەکانت ماندوو دەکات، ئەمەش تەندرووستیت لاواز دەکات .**

**شایەنی باسیشە کە شەڕانگێزیشت دەکات، کەوایە بۆچی ئەو هزر و توانا مەزنانەی خۆت دەکەیتە قوربانی خۆشییەکی کاتی؟ بەڕاستی جێی داخە. من ئەمانەت تەنیا وەکو هاوڕێیەک پێ ناڵێم، بەڵکو وەکو پزیشکێکیش کە نیگەرانی تەندرووستی و سەلامەتی تۆیە. وادیار بوو کە بەم قسانەم قەڵس نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە... پەنجەکانی دەستی خستە سەر یەک و ڕاکشایە سەر کورسییە نەرمەکەی، دواتریش وەکو کەسێک کە بیهەوێت گفتوگۆیەک بکات دەستەکانی خستە سەر ڕاگرەکانی کورسییەکەی و گوتی: لەم هێمنییە بێزارم، پێویستم بە کێشەیەکە تاکو چارەسەری بکەم، دۆسیەیەک تاکو ڕاستییەکانی ئاشکرا بکەم، مێشکم تەنیا بەم جۆرە شتانە ئاسوودەیە، نەوەکو هێمنی و بێدەنگی. ئەگەر شتێکی وەهام بۆ بێتە پێش، ئەوا واز لەم ماددە هۆشبەرانە دێنم. بەڕاستی ڕقم لە ژیانی ڕۆتینی ڕۆژانەیە، بۆیە**

**ئەم پیشەیەشم هەڵبژارد بەوەی کە پڕ بە پێستی خۆمە (دەربڕینی وەرگێڕ). لە ڕاستیدا نەوەکو تەنیا هەڵمبژارد، بەڵکو دامهێنا، چونکە لەم جیهانەدا من تاکە کەسێکم کە ئەم پیشەیە ئەنجام بدات.**

**برۆیەکانم وەکو نیشانەی سەرسووڕمان بەرز کردەوە و گوتم: ئایا تەنیا تۆ لێکۆڵەرێکی نافەرمیت؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: لێکۆڵەرێکی ڕاوێژپێکراوی نافەرمی، دەتوانیت بڵێیت کە من نوێترین نموونەی لێکۆڵەرانم. کاتێک گرێگسن یان لێستراد یاخود ئاسلنی جۆنز تووشی دۆسیەیەک دەبن کە ناتوانن چارەسەری بکەن (ئەمەش زۆرجار ڕوودەدات)، ئەوا دێن و ڕاوێژ بە من دەکەن، منیش سەیری زانیارییەکان دەکەم و دواتریش وەکو شارەزایەک ڕای خۆم دەردەبڕم.**

**بەڵام ناهێڵم هیچ کەسێک (خەڵکی ئاسایی-وەرگێڕ) بەوە بزانێت کە من ڕاستی ئەو دۆسیانەم ئاشکرا کردووە، بۆیە ڕێگە نادەم ناوم لە ڕۆژنامەکاندا بنووسرێت، چونکە خودی کارەکە بۆ من گەورەترین خەڵاتە. چێژ لەو کارە دەبینم کە تێیدا دەتوانم توانایەکانمی لێ وەگەڕخەم، خۆشت شێوازی کارکردنی و توانایەکانی منت لە دۆسیەی جێفرسن هۆپ بینی (مەبەستی لەو دۆسیەیە کە لە ڕۆمانی یەکەمدا ڕوویدا، ڕۆمانی لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵ-وەرگێڕ). منیش گوتم: ڕاست دەکەیت، هێشتا بەو دۆسیەیە و شێوازی ئاشکراکردنی تۆ بۆ ڕاستییەکان سەرسامم، بۆیە باسی ئەو دۆسیەیەم لە دەفتەرێکی بچووکدا نووسی، ناوێکی سەیریشم لێنا، ناوەکەش بریتییە لە "لێکۆڵینەوەیەکی ئاڵ". شێرلۆک سەری نارەزایەتی سووڕاند و گوتی: سەیرم کرد و خوێندمەوە، بەڵام ناتوانم بڵێم کە بەدڵم بوو، پیشەی لێکۆڵینەوە وردە و دەبێت بابەتیانە و دوور لە هەست و سۆز باسی لێوە بکرێت. بەڵام تۆ قاڵبێکی ڕۆمانسی و پڕ لە هەست و سۆزت خستە پاڵی، ئەمەش هیچ گرنگییەکی نییە. منیش بە نارەزایی گوتم: بەڵام خۆی ڕووداوەکە پڕ بوو لە هەست و سۆز، هەروەها ناشتوانم ڕاستی ڕووداوەکان بشارمەوە. ئەویش لە وەڵامدا گوتی: هەندێک ڕاستی هەیە کە پێویستە پەردەپۆش بکرێت، تاکە شتێک کە گرنگ بووبێت بریتی بوو لەوەی کە من بە لێکدانەوەیەکی درووست بۆ بەڵگەکان توانیم کۆتایی بە دۆسیەکە بێنم. ئەم ڕەخنە توندەی ئەو منی توڕە کرد لە کاتێکدا ئەو چیرۆکەم نووسی تاکو ئەوی پێ دڵخۆش بکەم. شایەنی باسیشە کە خۆپەرستی ئەو بێزاری کردبووم کاتێک لە نووسراوەکانمدا تەنیا دەیەویست باسی مەزنایەتی و زیرەکی ئەو بکەم. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە لەگەڵ ئەودا ژیابووم، هەستم بە خاڵێکی گرنگ دەربارەی ئەو کردبوو، ئەو خاڵەش بریتی بوو لەوەی کە ئەو کەمێک لەخۆبایی و خۆ بەزلزان بوو. بەهەرحاڵ دواتر گرنگیم بە قسەکانی نەدا، بۆیە دانیشتم و پشووم بە قاچە برینداربووەکەم دا کە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش گوللەیەکی بەر کەوتبوو، دەمتوانی بە ئاسایی بڕۆم... بەڵام کاتێک کەش و هەوا دەگۆڕا، ئەوا زۆر ئازاری دەدام .**

**دوای ئەوەی سەبیلەکەی پێکرد کە لە ڕەگی گوڵی کێوی درووستکرابوو، ئەوا گوتی: ماوەیەکە چالاکییەکانم لە تەواوی ئەوروپا دەنگیان داوەتەوە، ئەوەتا حەفتەی ڕابردوو فرانسوا لو ڤیلارد داوای ئامۆژگاری من کرد، دڵنیام دەشزانیت کە ئەو ماوەیەکە لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی فەڕەنسیدا ناوبانگێکی باشی بۆ خۆی پەیدا کردووە. لە تێبینی کردندا بەڕاستی ناوازەیە، بەڵام زانیاری وردی نییە، هەروەها دەبێت پەرە بە لایەنەکانی تری تواناکانی بدات. دۆسیەکە دەربارەی وەسیەتێک بوو کە جێی سەرنج بوو، بۆ ئەوەی چارەی ئەو دۆسیەیە بکات، ئەوا دوو دۆسیەی هاوشێوەم بە نموونە بۆ هێنایەوە. یەکێکیان لە ریجا لە ساڵی 1857ز ڕوویدا، ئەوی تریشیان لە سانت لویس لە ساڵی 1871ز ڕوویدا. ئەم دوو نموونە هێنانەوەیش وایکرد کە بتوانێت سوود بەو بگەیەنێت و دۆسیەکەی پێ چارەسەر بکات. ئەمەش کە دەیبینیت بریتییە لەو نامەیەی کە تێیدا ستاییشم دەکات بەوەی کە یارمەتیم داوە. لە کاتێکدا لە قسەکردن بەردەوام بوو، ئەوا نامەکەی فڕێدا، منیش هەڵم گرتەوە و خوێندمەوە. کە سەیرم کرد، ئەوا بینیم چەندین وشە و دەستەواژەی فەڕەنسییان تێدا بوو کە مەبەستیان ستاییش کردن بوو، بۆ نموونە نووسرابوو "ناوازەیە"، "ئافەرین"، "بەڕاستی پێکات"، ئەمانە هەمووی نیشانەی سەرسامی ئەو لێکۆڵەرە فەڕەنسییە بوو بەرامبەر شێرلۆک. دواتر گوتم: وەکو چۆن قوتابییەک قسە لەگەڵ مامۆستایەکەی دەکات و ستاییشی دەکات، ئەوا هەمان شتیش بەرامبە تۆ دەکات. وەکو ئەوەی لای گرنگ نەبێت گوتی: لە ستاییشکردنی مندا زیادەڕۆیی دەکات، ئەو زۆر بە توانایە، دوو لە سێ سیفەتەکانی لێکۆڵەرێکی سەرکەوتووی تێدایە کە ئەوانیش سەرنجێکی ورد و لێکدانەوەی دەرەنجامە. بەڵام پێویستە زانیارییەکانی ڕێک بخات، ئەمەش بە پێی کات چارە دەبێت. شایەنی باسە کە لە ئێستادا بەرهەمەکانم بۆ زمانی فەڕەنسی وەردەگێڕێت .**

بەرهەمەکانت؟ -

بە پێکەنینەوە گوتی: ئایا نازانیت؟ لە ڕاستیدا چەندین بابەتم دەربارەی وردەکاری و شێوەکانی لێکۆڵینەوە نووسیوە. بۆ نموونە لە یەکێک لە بابەتەکان باسم لە جیاوازی جۆریەتی پشکۆی جگەرەکان کردووە، بە شیکردنەوەی وێنەیی باسم لە سەد و چل جۆری جگەرەکان کردووە. بۆیە ئەم کارەم کردووە چونکە زۆربەی جار وردەکاری لەم شێوەیە لە دادگایەکان باس دەکرێن، کاتی وەهاش هەیە کە وەکو بەڵگەیەکی گرنگ بەکار دەهێنرێن. بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە... با بڵێین کەسی تاوانبار لە شوێنی ڕووداوەکە جگەرەی "لونکا"ی هیندی کێشاوە، ئەم وردەکارییە بە دڵنیاییەوە مەودای گەڕان بە دوای ئەو تاوانبارەدا بەر تەسک دەکاتەوە. کەسێک کە سەرنجێکی وردی هەبێت، ئەوا دەزانێت کە جیاوازی لە نێوان پشکۆی ڕەشی جگەرەی "تریکینیپۆلی" و پشکۆی سپی جگەرەی "بێردز ئای"دا هەیە وەکو چۆن دەزانێت کە جیاوازی لە نێوان شێلم و پەتاتەدا هەیە.

-بەڕاستی لە بابەتی وردەکاریدا دەستەیەکی باڵات هەیە .

-گرنگییەکی زۆر بە وردەکارییەکان دەدەم. شایەنی باسیشە کە لێکۆڵینەوەشم لەسەر شوێن پێی مرۆڤەکان کردووە، ئاماژەم بە هەندێک خاڵ داوە کە تێیدا باسم لەوە کردووە کە دەکرێت جێچ بۆ هەڵگرتنی پاشماوەکان بەکاربهێنرێت. هەروەها لێکۆڵینەوەم لەسەر شێوەی دەستی مرۆڤەکان کردووە، پەنجەمۆری چەندین کەسم وەرگرتووە کە لە بواری جیاوازدا کار دەکەن، بۆ نموونە ئەو کرێکارانەی کە کڵێسا درووست دەکەن، دەریاوانان، کرێکارانی فلین، چاپگەر، دروومان و ئەڵماس خاوێنکەرەوە. ئەم جۆرە وردەکارییانە بۆ لێکۆڵەران زۆر گرنگن، بە تایبەتی لەو دۆسیەیانەی کە تێیدا ناسنامەی لاشەکان نازانرێت، یاخود لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی تاوانبارێک. دڵنیام کە ئەمانە لات گرنگ نین و بێزارکەرن. بە شێلگیرییەوە وەڵامم دایەوە و گوتم: بە پێچەوانەوە، چێژێکی زۆریان لێ دەبینم، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە بە چاوەکانی خۆم بینیم لە ئەرزی واقعدا بەکاریان دێنیت. بەڵام بابەتی سەرنجدان و دەرەنجام کە باست کردن بە ڕای من دوو ڕووی دراوێکن. کە ئەمەی بیست، ئەوا لەسەر کورسییە نەرمەکەی دانیشت و سەبیلەکەی کێشا و گوتی: بە تەواوی نا. بۆ نموونە لە ڕێگەی سەرنجدانەوە دەزانم کە ئەم بەیانییە چوویتە نووسینگەی پۆستەی شەقامی ویگمۆر، بەڵام لە ڕێگەی دەرەنجامەوە دەزانم کە لەوێ نامەیەکی خێرات ناردووە .

-بەڵێ ! هەردووکیانت پێکا ! بەڵام بەڕاستی نازانم کە چۆن ئەوەت زانی لە کاتێکدا بەپەلە ئەو بڕیارەم دا و بە هیچ کەسێکیشم نەگوتبوو .

بەم سەرسووڕمانەی من پێکەنی و گوتی: لە ڕاستیدا ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، بە ڕاددەیەک ڕوون و ئاشکرایە کە پێویست بە شیکردنەوە ناکات، بەڵام مادام ئەمە جیاوازی نێوان سەرنج و دەرەنجامت بۆ دەردەخات، ئەوا بۆتی باس دەکەم. لە ڕێگەی سەرنجدانەوە تێبینی ئەوەم کرد کە وردە خۆڵێکی سوور بە بنی پێڵاوەکانتەوەیە. لە شەقامی سیمۆر دەستیان بە پانکردنی ڕووی زەمینی شەقامەکە کردووە، بۆیە قوڕێکیان ڕووپۆشی ئەوێ کردووە. ڕەنگی ئەو قوڕەش سوورە، شایەنی باسە کە بە پێی زانیارییەکانم هیچ جۆرە قوڕێکی وەها لە شەقامەکانی تر بوونی نییە، ئا ئەمە سەرنجدان بوو، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە زانستی دەرەنجام بوو. منیش پرسیم: ئەی چۆن دەربارەی نامە خێرایەکەت زانی و دەرەنجامەکەت دیاری کرد؟

-باشە، ئەوە دەزانم کە هیچ نووسراوێکت لێرە نەنووسیوە بەوەی کە تەواوی ڕۆژەکە لەگەڵت بووم. لە نووسینگە کراوەکەشت کۆمەڵێک کاغەز و پۆستەی پانم بینی. ئەمانە دەری خست کە تۆ چوویتە نووسینەگەی پۆستە تاکو نامەیەکی خێرا بنێریت. بە لابردنی ئەگەرەکانی تر، ئەوا تەنیا ڕاستییەکە دەمێنێتەوە. بۆ ماوەیەکی کەم بیرم کردەوە و دواتر گوتم: ڕاستت فەرموو، بەڵام وەکو گوتیشت کە ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو. بۆیە پێت چۆنە کە توانایەکانت بە شتێکی قورس تاقی بکەمەوە؟ ئەویش گوتی: بەمە خۆشحاڵ دەبم بەوەی کە ڕێگریم لێ دەکات دەرزییەکی کۆکایینی تر بەکاربێنم، بۆیە هەر تاقیکردنەوەیەکت کە هەیە، ئەوا پەسەندی دەکەم .

-بیستوومە کە دەڵێیت مرۆڤ کاتێک شتێک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەکاردێنێت، ئەوا پاشماوەیەکی تایبەتی لەسەر جێدێڵێت، گوتیشت کە کەسێکی شارەزا دەتوانێت بە پێی ئەو پاشماوەیە زانیاری بەدەست بهێنێت. ئا ئامەی کە پێمە کاتژمێرێکی گیرفانییە، بەم دواییانە بەدەستم گەیشتووە، ئایا دەتوانیت بۆم باسی خوو و کەسایەتی خاوەنی پێشووتری بکەیت؟ دواتر کاتژمێرەکەم پێدا، دەتوانم بڵێم کە بەم تاقیکردنەوەیە زۆر خۆشحاڵ بووم بەوەی کە بڕوام وابوو مەحاڵە زانیارییەکی وەها لە کاتژمێرێک بەدەست بهێنێت. ئەمە تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ئەوەی تەمبێی بکەم و چیتر فیزی بە هۆی تواناکانییەوە نەنوێنێت کە هەندێک جار دەینواند. شێرلۆک بە تەواوی کاتژمێرەکەی پشکنی، سەیری پێشەوە و پشتەوەی کاتژمێرەکەی کرد، سەیری بەشی ناوەوەشی کرد، دواتر بە هاوێنەیەک زیاتری پشکنی. دوای ئەوەی کە تەواو بوو، ئەوا زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانم کاتێک بێ هیواییم لە چاوەکانی بینی. دواتر کاتژمێرەکەی پێدامەوە و گوتی: بە هۆی ئەوەی کە پاککراوەتەوە، ئەوا زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر بەدەست نەهێناوە .

-ڕاستت فەرموو، پێش ئەوەی پێم بدرێت پاک کرابۆوە. دواتر پێم گوت کە تۆ تەنیا بیانوو دێنیتەوە، ئەگەر پاکیش نەکرابایەوە، ئەوا چیت لەسەر بەدەست دەهێنا؟ ئەوە تەنیا کاتژمێرێکە. ئەویش گوتی: ڕاستە کە زانیاری زۆرم لەسەر بەدەست نەهێناوە، بەڵام دەست بەتاڵیش نیم. ڕاستم بکەوە ئەگەر هەڵە بووم، ئایا برایەکەت ئەم کاتژمێرەی پێ داویت کە لە لایان باوکتانەوە بە میراتی بۆی مابۆوە؟

-دڵنیام کە ئەوەت لە ڕێی ئەو ئەو دوو پیتی "هـ" و "و"ە زانی کە لە پشتەوەی هەڵکەندرابوون .

-بەڵێ، چونکە "هـ" پیتی سەرەتای ناوی خانەوادەییتە. تەمەنی کاتژمێرەکەش پەنجا ساڵە، پیتەکەش هەر هەمان تەمەنی هەیە، کەوایە ئەم کاتژمێرە هی نەوەی ڕابردوویە. شایەنی باسیشە کە کەرستەی لەم جۆرە وەکو میراتییەک دەدرێت بە کوڕی گەورە، بیریشم دێت کە باوکت چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد. لە ڕێی ئەمەوە زانیم کە لە لایەن برایەکەتەوە بۆت هاتووە .

-تەواوی قسەکانت درووستن، ئایا هیچی تر ماوە؟

-برایەکەت کەسێکی بێ باک و پۆخەڵ بووە، لە ژیانیدا چەندین هەلی باشی بۆ هاتبوونە پێش، بەڵام سوودی لە هیچیان نەبینی. برایەکەت ماوەیەک بە هەژاری ژیا، بەڵام دوای ئەوە کەمێک سامانی دەستکەوت و بە خۆشی ژیا، بەڵام ئەو سامانەشی لەدەستدا و لە کۆتاییشدا بە هۆی زۆر خواردنەوەی مەی کۆچی دوایی کرد، ئیتر هەر ئەمەندە دەزانم. کاتێک ئەمانەم بیست ڕێک لە شوێنی خۆم هەستام و بە توڕەییەک و دڵگرانییەکی زۆرەوە گوتم: نەمدەزانی کە بەم ڕاددەیە چەپەڵیت ! تۆ لە ڕابردووی برایە بەدبەختەکەی منت کۆڵیوەتەوە و ئێستاش وا خۆت دەردەخەیت کە ئەو هەمووەت لە ڕێگای کاتژمێرێکەوە زانیوە!

شێرلۆک بە میهرەبانی وەڵامی دامەوە و گوتی: داوای لێبووردن دەکەم هەی هاوڕێی ئازیزم، کە دەستم بە شیکردنەوە کرد، ئەوا وەکو شتێکی ئاسایی سەیرم کرد. لەبیرم کرد کە ئەم بابەتە لای تۆ چەندە ناخۆش و بە ئازارە. ئەوە باش بزانە کە پێش وەرگرتنی ئەم کاتژمێرە، ئەوا هیچ جۆرە زانیارییەکم لەسەر برایەکەت نەبوو .

-ئەی بۆ خاتری خوا ئەمانەت چۆن زانی؟! هەرچی گوتت درووست بوو .

-ئەمەیان بەختێکی باش بوو، تەنیا ئەوانەم گوت کە ئەگەری ڕوودانیان زۆر بوو، چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە هەرچی گوتم ڕاست بووبێت .

-کەوایە ئەوە قەبڵاندن نەبوو؟ (قەبڵاندن: وشەیەکی کوردی پەتییە کە بە مانای گوتنی شتێک دێت کە لەوانەیە ڕاست بێت یان ڕاست نەبێت-وەرگێڕ) .

-نەخێر، نەخێر، ڕقم لە قەبڵاندنە. خوویەکی خراپە و هەروەها بیرکردنەوەی درووست لەناو دەبات. تۆ بۆیە ئەمەت پێ سەیرە چونکە هەمان شێوازی بیرکردنەوەی منت نییە، ئەو بەڵگە بچووکانە نابینیت کە دەکرێت چەندین دەرەنجامی گەورەی لەسەر بنیات بنرێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەشی پشتەوەی کاتژمێرەکە بکەیت، ئەوا دەبینیت نەوەکو تەنیا قوپاوەتەوە، بەڵام بە هۆی دراوی ئاسنین و کلیلەوە چەندین شوختی پێ کەوتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کاتژمێرەکەی و کەرستەکانی تری لەناو یەک باخەڵدا هەڵدەگرت. هەر کەسێک کە بە شێوەیەکی وەها بێ باک مامەڵە لەگەڵ کاتژمێرێکی پەنجا پاوەندیدا بکات، ئیتر دیارە کە بێ باکە، زانینی ئەوە هیچ زیرەکییەکی تێدا نییە. بەڵام ئەو کاتژمێرە ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لەپاڵ خودی کاتژمێرە گران بەهایەکە، ئەوا سامانی تریشی بە میراتی بۆ مابۆوە. منیش بە لەقاندنی سەرم ئاماژەی بەڵێم دا. دواتر دەستی بە شیکردنەوەی زیاتر کرد و گوتی: ئەوانەی کاری ڕەهنی کاڵا دەکەن ژمارەی بلیتەکە بە تیغێک لەناو قاوغی کاتژمێرەکەدا هەڵدەکەنن، ئەمە لەوە باشترە کە بلیتێکی ئاسایی بچەسپێنیت بە کاتژمێرەکە، چونکە بەم شێوەیە ژمارەکە ون نابێت، یاخود ناگۆڕێت. لە ڕێگەی هاوێنەکەمەوە بۆم دەرکەوت کە چوار ژمارەی لەم شێوەیە لەناو قاوغەکەدا هەڵکەنراوە، ئەمەش دەری دەخات کە برایەکەت زوو زوو پارەی لێ دەبڕا، بۆیە بە ڕەهنی دەدا. کاتێکیش پارەی بەدەست دەکەوتەوە، ئەوا کاتژمێرەکەی وەردەگرتەوە، لە ڕێی ئەمەوە زانیم کە بۆ ماوەیەک بارودۆخی ئابووری باش بوو. کۆتا شیکردنەوە... سەیری کونی کلیلی ناوەوەی قاوغەکە بکە، دەبینیت کە هەزارەها شوختی پێوەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە هۆی سەرخۆشییەوە دەستی لەرزیوە و دواتریش شوختی پێدا هێناوە، هەر سەرخۆشێک کاتژمێرێکی لەم شێوەیەی هەبێت، ئەوا دەبینیت کە هەمان شوختی هەن. ئێستا پێم بڵێ کە چ قورسییەک لە زانینی ئەمانەدا بوو؟

-دووبارە ڕاستت فەرموو، هەموو شتێک ڕوونە. ببوورە، دەبوایە بڕوایەکی زیاترم بە توانا ناوازەکانت هەبووبا. با شتێک بپرسم، ئایا لە ئێستادا کار لەسەر هیچ جۆرە دۆسیەیەک دەکەیت؟

-نەخێر، بۆیە کۆکایینم بەکار دەهێنا چونکە ناتوانم بێ ئەوەی مێشکم چالاک بێت بژیم. سەیری دەرەوە بکە کە چەندە بێزارکەرە، سەیرکە کە چۆن ئەو تەمومژە تاریکە تەواوی سووچەکانی شاری گرتووە، سەیرکە کە تووشی چ حاڵێکی بێزارکەری کردووین. تاوان و بوون شتانێکی ئاساییین، بەڵام هەر ئەو دووانەن کە لەچاو ئەوانی تر دەگەشێنەوە. خەریک بوو قسەیەک بکەم، بەڵام لەو کاتەدا خاوەنی ماڵەکە لە دەرگای دا و هاتە ژوورەوە، بینیم کە کارتێکی لەسەر سینییەکی زیوی دانابوو، ئەو کارتەی بۆ (هۆڵمز)ی هێنابوو. دواتر گوتی: خانمێک لە خوارەوەیە، دەیەوێت چاوی بە تۆ بکەوێت گەورەم.

شێرلۆک سەیری کارتەکەی کرد و گوتی: نووسراوە خاتوو ماری مۆرستن ! ئەم ناوەم لەیاد نییە و نایناسم. خاتوو هەدسن، بەو خاتوونە بڵێ کە بێت بۆ سەرەوە، تۆش مەڕۆ دکتۆر، دەمەوێت بمێنیتەوە.

# بەشی دووەم

## وردەکارییەکانی دۆسیەکە

خاتوو ماری مۆرستن بە چەند هەنگاوێکی پڕ لە بڕوا بە خۆبوونەوە هاتە ژوورەوە، لە خانمێکی تۆکمە دەچوو. کچێکی قژ زەردی قەبارە بچووک بوو، جووتێک دەسکێشی ئەستووری لەدەست کردبوون و پۆشاکێکی خاوێنیشی لەبەردا بوو، پۆشاکەکەی سادە بوو، بەڵام جوانپۆش و خاوێن بوو. پۆشاکەکەی ڕەنگێکی بێجی مەیلەو خۆڵەمێشی بوو، دروونێکی ڕێکی نەبوو، هەروەها کڵاوێکی هاوڕەنگی پۆشاکەکەی لەسەر کردبوو، کڵاوەکەش پەڕێکی سپی پێوە بوو کە کەمێک قەرەبووی ئەو ڕەنگە کاڵانەی کردبۆوە. ڕووخسارێکی ڕێکی نەبوو، هەروەها پێستێکی ناسک و جوانیشی نەبوو، بەڵام هالەتێکی نەرم و میهرەبانی هەبوو. چاوە شینە گەورەکانیشی پڕ بوون لە سۆز و میهرەبانی. لە تەواوی ژیانمدا ئافرەتێکی وەکو ئەوم نەبینی بوو کە ڕوحی جوانی بەم شێوەیە ئاوێنە بداتەوە. دواتر شێرلۆک داوای لێکرد لەسەر کورسییەک دانیشێت، تێبینیم کرد کە لێوەکانی دەلەرزین و نیگەرانە. دواتر دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: بەڕێز هۆڵمز، بۆیە هاتوومە لات چونکە پێشووتر یارمەتی خاتوو (سیسل فۆرستر)ی سەرپەرشتیارت دابووم و کێشەیەکت بۆ چارەسەر کردبوو، منیش بەوە زۆر سەرسام بووم. دواتر شێرلۆک بۆ ماوەیەک بیری کردەوە و گوتی: ئەها، خاتوو فۆرستر، ڕاستت فەرموو. بەڵام کێشەکەی ئەو زۆر ساکار بوو، چارەسەرەکەی ئاسان بوو .

-بەڵام ئەو وا بیر ناکاتەوە، بەڵام کێشەکەی من بە ئەندازەی کێشەی ئەو ساکار نییە، باوەڕ ناکەم تاکو ئێستا شتێکی وەها سەیر و ئاڵۆزتان بیستبێت. شێرلۆک بەم قسەیە زۆر خۆشحاڵ بوو، دەستەکانی خۆی گوشین و وەکو هەڵۆیەک چاوەکانی تیژ کرد، دواتر پشتی چەماندەوە و لە خاتوونە گەنجەکە نزیک بۆوە و گوتی: بۆم باسی دۆسیەکەت بکە. منیش لەو کاتەدا وا هەستم کرد کە بوونی من لەوێ پێویست نییە، بۆیە گوتم: لەسەر مۆڵەتی ئێوە، ئەوا دەڕۆم. بەڵام لەو کاتەدا خاتوونە گەنجەکە دەستێکی بەرز کردەوە و پێی گوتم کە بوەستم، دواتر بە (هۆڵمز)ی گوت: ئەگەر ئەم هاوڕێیەتان لێرە بمێنێتەوە، ئەوا بۆ من زۆر باش دەبێت و بەرزی دەنرخێنم. بۆیە لە شوێنی خۆم دانیشتمەوە. دواتر خاتوونە گەنجەکە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد و گوتی: بە کورتی... باوکم لە هیندستان ئەفسەرێکی کەرتی سوپا بوو، کاتێکیش بچووک بووم، ئەوا منی گەڕاندەوە بۆ نیشتیمان. ئەو کاتە دایکم زیندوو نەبوو، هەروەها هیچ خزمێکیشم نەبوو تاکو لەگەڵیان بژیم، بۆیە منی خستە ناو قوتابخانەیەکی ناوخۆیی تایبەت، تاکو تەمەنی حەڤدە ساڵیش لەوێ مامەوە. ساڵی **1878**ز باوکم بوو بە ڕاگری گروپەکەی، دوای ئەوە مۆڵەتێکی پشووی بۆ ماوەی دوازدە مانگ بەدەستهێنا. پاش ماوەیەک نامەیەکی بۆ ناردم، نووسی بووی کە بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە بۆ نیشتیمان. هەروەها نووسی بووشی کە پێویستە خێرا خۆم بگەیەنمە لای، بۆیە ناونیشانی هوتێلی "لانگهام"ی پێدام کە بۆ خۆی لەوێ مابۆوە و نیشتەجێ بوو بوو. شایەنی باسە کە لە نامەکەدا سۆز و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ دەربڕی بووم. بەهەرحاڵ خێرا خۆم گەیاندە ئەوێ، کاتێکیش کە گەیشتمە لەندەن، ئەوا ئۆتۆمبێلێکم بەکرێ گرت و ڕۆیشتم بۆ هوتێلی لانگهام. کاتێک دەربارەی باوکم پرسی، ئەوا گوتیان کە شەوی ڕابردوو ڕۆیشت بوو بۆ دەرەوە، بەڵام هێشتا نەگەڕاوەتەوە. تەواوی ڕۆژەکە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەوم کرد، بەڵام هیچ هەواڵێکیم لێ نەبیست. ئەمە منی زۆر نیگەران کرد، بۆیە بە پێی ئامۆژگاری بەڕێوبەری هوتێلەکە جووڵامەوە و پەیوەندیم بە پۆلیسەوە کرد، دواتریش هەواڵی ون بوونی ئەومان لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە. تاکو ئێستاش هیچ هەواڵێکی ئەومان نەبیستووە، باوکم بۆیە گەڕایەوە نیشتیمان تاکو کەمێک ئاسوودە بێت، کەچی...

دواتر دەستی لەسەر قورگی دانا و دەستی بە گریان کرد. (هۆڵمز)یش لەو کاتەدا شتێکی لێ پرسی و گوتی: ئەمە کەی ڕوویدا؟

-لە بەرواری **1878/12/3** ون بوو، نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا .

**-ئەی کەلووپەلەکانی؟**

**-هەر لە هوتێلەکە مانەوە، هیچی گرنگی تێدا نەبوو، تەنیا چەند پەرتووکێک و جلوبەرگی تێدا بوو، هەروەها چەند کەرستەیەکی شوێنەوار کۆنی دوورگەکانی "ئاندرمان"یشی تێدابوو. باوکم لەوێ یەکێک بوو لە ئەفسەرە بەرپرسیارەکانی زیندان .**

**-ئایا لەناو شاردا هاوڕێی هەبوون؟**

**-تاکە هاوڕێی ئەو کە بیناسم پێشڕەو شولتۆ بوو، هاوکاری باوکم بوو لە هەمان کەرتی سوپا، کەرتی سەربازی سی و چوارەمی بۆمبای. بەڕێز شولتۆ پێش ماوەیەک خانەنیشین بوو، دواتریش نیشتەجێی ناوچەی ئابر نورروود بوو. پەیوەندیمان پێوە کرد، دواتر بۆمان دەرکەوت کە تەنانەت نەیزانی بوو کە هاوڕێیەکەی گەڕاوەتەوە بۆ نیشتیمان. (هۆڵمز)یش گوتی: دۆسیەیەکی سەیرە.**

**-هێشتا باسی ڕووداوە هەرە سەیرەکەم نەکردووە. شەش ساڵ پێش ئێستا، ڕێک لە بەرواری 1882/5/4 ئاگادارییەک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرابۆوە، ئەو ئاگادارییە دەربارەی من بوو. نووسرابوو کە پێویستە خاتوو ماری مۆرستن بەدەم ئەم ئاگادارییەوە بێت، لە ژێر ئاگادارییەکە هیچ ناوێک یان ناونیشانێک نەنووسرابوو. لەو کاتەدا وەکو دایەنێک لە ماڵی خاتوو سیسل فۆرستر دامەزرام و دەست بەکار بووم. بە پێی ئامۆژگاری ئەو، ئەوا ناونیشانی خۆم لە بەشی ئاگادارییەکان بڵاو کردەوە، ئەویش وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو ئاگادارییەی کە پەیوەست بوو بە منەوە. هەر لە هەمان ڕۆژدا بە پۆستە سندووقێکم بۆ هات کە ناوی منی لەسەر نووسرابوو، سندووقەکە لە کارتۆن درووستکرابوو. سەیری ناو سندووقەکەم کرد و مرواریيەکی گەورە و درەوشاوەم بینی ! جگە لەمە سندووقەکە هیچی تری تێدا نەبوو، شایەنی باسیشە کە ئەمەی ئەو سندووقەی ناردبوو ناسنامەی خۆی شاردبۆوە. بەهەرحاڵ هەموو ساڵێک و لە هەمان بەرواردا سندووقێکم پێ دەگات کە مرواری هاوشێوەی تێدایە. بازرگانێکی مرواری ئەوەی بۆ پشتڕاست کردمەوە کە ئەو مرواریيانە ساختە نین و دەگمەنن، پارەیەکی زۆریش دەکەن. ئەگەر حەز دەکەن، ئەوا خۆتان ببینن. دواتر خاتوونە گەنجەکە سندووقێکی باریکی کردەوە و ئەو مرواریيانەی نیشان داین کە باسی لێوە کرد. لە ژیانمدا مرواری وەها جوانم نەبینی بوو.**

**دواتر شێرلۆک گوتی: قسەکانت جێی سەرنجن، ئایا هیچی تر ڕوویدا؟**

**-بەڵێ، ئەمڕۆ شتێک ڕوویدا، بۆیە هاتم بۆ لای تۆ. ئەم بەیانییە ئەم نامەیەم بۆ هات، لەوانەیە وا باشتر بێت کە خۆت بیخوێنیتەوە .**

**-سوپاس، هەروەها تکایە زەرفی نامەکەشم پێ بدە. مۆری پۆستە: لەندەن "س و"، بەروار: 7/7. پەنجەمۆرێک لە دیوێکی زەرفەکەوەیە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە هی کارمەندی پۆستەیە. کاغەزەکە لە جۆرێکی باشە، دەستەیەک لەمە بە نیو شلنە (شلن دراوێکی بەریتانییە-وەرگێر). ئەو پیاوەی ئەمەی ناردووە لە بەکارهێنانی کەرستەیی تێنووسیدا زۆر باشە، هیچ ناونیشانێکیشی لەسەر نەنووسراوە .**

**لە نامەکەدا نووسرابوو:**

**"کاتژمێر حەوتی ئەمشەو بڕو بۆ لای شانۆی لایسیوم، لای حامودی سێیەم بوەستە و چاوەڕێ بکە. ئەگەر هەستت بە ترس کرد، ئەوا دەتوانیت دوو هاوڕێ لەگەڵ خۆتدا بهێنیت. تۆ خانمێکی ستەم لێکراویت، بە دڵنیاییەوە مافت پێدەدرێتەوە. بە هیچ شێوەیەک پۆلیس لەگەڵ خۆتدا نەهێنیت، ئەگینا هەموو شتێک بە با دەڕوات ."**

"هاوڕێ نەناسراوەکەت "

**-ئەمە بەڕاستی نامۆیە، بە تەمایت چی بکەیت خاتوو مۆرستن؟**

**-لە ڕاستیدا ویستم دەربارەی ئەمە لێت بپرسم، چی بکەین باشە؟**

**-پێم باشە هەرسێکمان بڕۆین، من و تۆ و... بەڵێ، دکتۆر واتسن بۆ ئەم کارە زۆر گونجاوە و پێشووتر پێکەوە کارمان کردووە، چونکە ئەوەی نامەکەی ناردووە دەڵێت دەتوانیت دوو هاوڕێ لەگەڵ خۆت ببەیت. خاتوونە گەنجەکەش وەکو ئەوەی تکا بکات گوتی: بەڵام ئایا ڕازی دەبێت بێت؟**

**بە شێلگیرییەوە گوتم: خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم بە شێوەیەک لە شێوەکان خزمەتتان بکەم .**

**-بەڕاستی ئەم دووانەتان میهرەبانن، من هیچ هاوڕێیەکم نییە، بۆیە جگە لە ئێوە نازانم پەنا بۆ کێ ببەم. کەوایە ئەگەر بۆ کاتژمێر شەش لێرەبم باشە، وایە؟**

**(هۆڵمز)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: نابێت دوابکەویت، بەڵام شتێکی تر... ئایا نووسینی سەر ئەم نامەیە هەمان دەستوخەتی نووسینی سەر سندووقەکانە؟**

**-کاغەزەکانم لەگەڵ خۆم هێناوە.**

**دواتر خاتوونە گەنجەکە شەش کاغەزی نیشان داین. دوای ئەمە هۆڵمز گوتی: بەڕاستی ناوازەیت، خاوەن هزرێکی باشیت. دواتر هۆڵمز کاغەزەکانی لەسەر مێزەیەک دانان و بە خێرایی دەستی کرد بە پشکنینیان. کاتێک لەو کارەی تەواو بوو، ئەوا گوتی: خاوەنی ئەم نووسینانە دەیەوێت ناسنامەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام دڵنیام کە ئەم دەستوخەتانە هی تاکە کەسێکن. سەرنج بدەن کە بۆ ئەو قورسە بتوانێت پیتی "ئـ" بگۆڕێت، یاخود سەیری پیتی "س" بکەن. دڵنیام کە ئەم دەستوخەتانە هی تاکە کەسێکن. خاتوو مۆرستن... نامەوێت هیوایەکی پووچت پێ بدەم، بەڵام ئایا بە ڕای تۆ ئەم دەستوخەتە لە دەستوخەتی باوکت دەچێت؟**

**ئەویش گوتی: نەخێر، هیچ لە یەک ناچن .**

**-چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە ئەمە بڵێیت. بەهەرحاڵ، کاتژمێر شەش چاوەڕێت دەکەین. هیوادارم ڕێگەم پێ بدەیت کە کاغەزەکان لای خۆم بهێڵمەوە، چونکە لەوانەیە دواتر کارم پێیان بێت. ئێستا نەبووە بە کاژێر 3:30، بۆیە بڕۆ و خوات لەگەڵ. خاتوونە گەنجەکەش بە ڕوویەکی خۆشەوە ماڵاوایی لێ کردین، لە ڕێگای چوونە دەرەوەشی مرواریییەکانی خستەوە ناو گیرفانییەوە. لە پەنجەرەکەوە بینیم کە خێرا بە ڕێگادا دەڕوات، هەنگاو بە هەنگاو بەو کڵاوە خاوەن پەڕە سپییەوە دوور دەکەوتەوە، وەکو ڕووناکییەک وابوو لەناو داوی تاریکیدا. کاتێک کە ڕۆیشت، ئەوا ڕووم کردە هۆڵمز و گوتم: بەڕاستی خانمێکی سەرنجڕاکێشە ! ئەویش سەبیلەکەی پێکرد و ڕاکشایە سەر کورسییە نەرمەکەی و کەمێک چاوەکانی داخست، دواتر بە شێوەیەکی سارد گوتی: بەڕاستیتە؟ سەرنجی ئەوەم نەدا.**

**منیش بە سەرسووڕمانەوە گوتم: بەڕاستی تۆ ڕۆبۆتیت ! هەرچەندە جار جار سیفەتێکی مرۆڤانەت تێدا دەردەکەوێت. ئەویش بە شێوەیەکی میهرەبان وەڵامی دامەوە و گوتی: لە کاتی بڕیارداندا نابێت گرنگی بە سیفەتە تایبەت و جەستەییەکان بدەیت. ئەمانەی بۆ ئامۆژگاری و یارمەتی دێن بۆ لام تەنیا وەکو یەکەیەکی بچووک سەیریان دەکەم، بەشێک لە دۆسیەیەک، هەست و سۆز تەنیا ڕێگرە لە بەردەم بیرکردنەوەی درووست. بۆ نموونە سەرنجڕاکێشترین ئافرەت کە بینیبێتم بە تۆمەتی ژەهراویکردنی منداڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی بیمە لەسێدارە درا، یاخود دڕندەترین و ناشیرینترین پیاوم ناسیوە و بینیوە کە نزیکەی دووسەد و پەنجا هەزار پاوەندی بۆ هەژارەکانی "لەندەن"ی خەرج کردووە .**

**-بەڵام ئەمە تایبەتە ...**

**-تایبەتمەندی بە هیچ کەسێک نادەم، چونکە ئەوە یاسایەکە پووچەڵ دەکاتەوە. بەهەرحاڵ، ئایا هەرگیز دەربارەی دەستوخەتت کۆڵیوەتەوە؟ لە دەستوخەتی ئەم پیاوە چیت بۆ دەردەکەوێت؟**

**-دەستوخەتەکەی ڕوون و ڕێکە، دیارە کە کەسێکی بەهێزیشە. هۆڵمز سەری نارەزایەتی لقاند و گوتی: سەیری ئەم پیتانە بکە، بۆ نموونە پیتی "ح"ی لە جێی "ع" بەکارهێناوە، یاخود لە شوێنێک لە جیاتی "ۆ"، ئەوا "و"ی نووسیوە. ئاشکراشە کە پەستانێکی کەمی خستۆتە سەر پیتی "ک". نووسینی پیتەکانیش بە گەورەیی ئەوە دەردەخات کە متمانەیەکی زۆری بە خۆیەتی. ئێستا دەبێت بڕۆم بۆ دەرەوە، کارم هەیە. کاتژمێرێکی تر دەگەڕێمەوە. تاکو ئەو کاتە، ئەوا پەرتووکی "شەهید بوونی مرۆڤ" لە نووسینی لوینوود رید بخوێنەوە، پەرتووکێکی ناوازەیە. دوای ئەوەی کە هۆڵمز ڕۆیشت، ئەوا پەرتووکەکەم هەڵگرت و ڕۆیشتم لە لای پەنجەرەکەوە دانیشم، دەستم بە خوێندنەوە کرد، بەڵام هزرم لەسەر پەرتووکەکە نەبوو، بەڵکو هزرم لەسەر ئەو خاتوونە گەنجە بوو. بیرم لە دەنگە ناسکەکەی دەکردەوە، زەردەخەنە جوانەکانی، لەگەڵ ئەو ڕووداوە سەیرەش کە تووشی بووە. ئەگەر تەمەنی ئەو حەڤدە ساڵ بوو بێت کاتێک باوکی ون بوو، ئەوا ئێستا تەمەنی بیست و حەوت ساڵە، لەم تەمەنەدا مرۆڤی گەنج شتێک لە خودپەرستی کەم دەبێتەوە و ژیان کەمێک پتەوی دەکات. دواتر بیرم لە شتی تر کردەوە کە وایکرد نیگەران بم، بۆیە لەوێ ڕۆیشتم و پەرتووکەکەم دانا. ڕۆیشتم بۆ نووسینگە بچووکەکەم و دەستم کرد بە خوێندنەوەی بابەتێک لەسەر زانستی نەخۆشییەکان. من تەنیا برینکارێکی خاوەن قاچێکی بریندارم، پارەیەکی زۆریشم نییە، کەوایە من چیم تاکو بەو شێوەیە بە خەیاڵدا بچم؟ ئەو تەنیا مەعمیلێکە و هیچی تر. ئەگەر داهاتووم تاریک بێت، ئەوا باشترە وەکو پیاوێک ڕووبەڕووی ئەو تاریکییە ببمەوە، نەوەکو پشت بە هیوا و ڕووناکییەکی پووچ و بێ بنەما ببەستم.**

## بەشی سێیەم

## گەڕان بە دوای چارەسەرێکدا

هۆڵمز کاتژمێر پێنج و نیو گەڕایەوە، کاتێک بینیم، ئەوا زۆر دڵخۆش و ورە بەرز دیاربوو. ئەو کوپە چایەی هەڵگرت کە بۆم ئامادە کردبوو، دوای ئەوەی کەمێکی خواردەوە، ئەوا گوتی: ئەم دۆسیەیە زۆریش سەیر نییە، چونکە ڕاستییەکان ئاماژە بە یەک دەرەنجام دەدەن. منیش بە سەرسووڕمانەوە گوتم: ئایا دۆسیەکەت چارەسەر کرد؟ !

-ئەگەر ئەوە بڵێم، ئەوا زیادەڕۆیی دەبێت، بۆیە نەخێر. بەڵام ڕاستییەکم زانی، ڕاستییەکی گرنگ. بەڵام هێشتا وردەکارییەکان نازانم. بەهەرحاڵ... دوای ئەوەی کە بەناو ئەرشیفی ڕۆژنامەی "تایمز"دا گەڕام، ئەوا بۆم دەرکەوت کە پێشڕەو شولتۆ لە **1882/4/28** کۆچی دوایی کردووە. منیش گوتم: جا ئەمە چ گرنگییەکی تێدایە؟

-بەڕاستیتە؟ پێم سەیرە کە وا دەڵێیت. سەیرکە، کاپتن مۆرستن ون دەبێت، تاکە کەسێکیش کە لە لەندەن بتوانێت بێتە لای، ئەوا پێشڕەو "شولتۆ"یە. بەڵام ئەو گوتبووی کە نەیزانیوە لە "لەندەن"ە، دوای چوار ساڵ لە ون بوونی مۆرستن، ئەوا شولتۆ دەمرێت. لە هەمان حەفتەی مەرگی ئەودا، ئەوا سندووقێک بە دەستی خاتوو مۆرستن دەگات، هەموو ساڵێکیش لە هەمان بەرواردا سندووقێکی لەو شێوەیەی بۆ دێت. ئەو نامەیەش لەبیر مەکە کە تێیدا نووسراوە ستەم لە خاتوو مۆرستن کراوە. مەبەست لەو ستەمە چییە جگە لەوەی کە باوکی ئەوی کوشتبێت یاخود زانیاری لەسەر ون بوونی ئەو بزانێت؟ وە بۆچی سندووقەکە ڕێک دوای مەرگی شولتۆ بەدەست خاتوو مۆرستن دەگات جگە لەوەی کە لەوانەیە میراتگری شولتۆ زانیارییەکی لەسەری هەبێت و بەم شێوەیە بۆی قەرەبوو بکاتەوە؟ ئەگەر گریمانەی باشترت لە هزردایە، ئەوا تکایە پێم بڵێ .

-بەڵام قەرەبووکردنەوەیەکی لەم شێوەیە زۆر سەیرە ! هەروەها شێوازی ئەنجامدانیشی بە هەمان شێوە سەیرە ! وە بۆچی ئێستا نامەی بۆ دەنێرێت؟ بۆچی شەش ساڵ پێش ئێستا بۆی نەناردبوو؟ هەروەها نامەکە باسی گەڕاندنەوەی ماف دەکات، مەبەستی لە گەڕاندنەوەی کام مافە؟ هەروەها قورسیشە گریمانەی ئەوە دابنرێت کە باوکی هێشتا لە ژیاندا مابێت، بۆیە ئەوە تاکە شتێکە کە ئەو خاتوونە گەنجە تێیدا ستەمی لێکرابێت، ئەویش دوورخستنەوەیەتی لە باوکی.
هۆڵمز لەو ساتەدا لە بیرکردنەوەیەکی قوڵ دابوو، دواتر پەتی بیرەوەرییەکانی پچڕاند و گوتی: ڕاست دەکەیت، هەندێک وردەکاری و بەربەست هەیە کە قورسە لە ئێستادا وەڵامیان بۆ بدۆزینەوە. بەڵام ئەمشەو ئەو بەربەستانە ناهێڵین. وابزانم ئەوە دەنگی ئەو گالیسکەیە کە خاتوو مۆرستن پێی هاتووە. ئایا ئامادەیت بڕۆین؟ زۆرباشە، کەوایە با بڕۆین.
منیش کڵاوەکەم و قورسترین گۆچانم هەڵگرت کە هەمبوو. بەڵام تێبینی (هۆڵمز)م کرد کە دەمانچەیەکی لە دۆڵابەکەی دەرهێنا و لە گیرفانی هاویشت. بۆیە ئەمەی کرد چونکە بڕوای وابوو کە چالاکی ئەمشەومان مەترسیدار دەبێت. کە چووینە لای خاتوو مۆرستن، ئەوا بینیم کە پاڵتۆیەکی ڕەنگ زیوی تۆخی لەبەر کردووە، دیار بوو کە باش خۆی ڕاگرتبوو، بەڵام هەر نیگەران دیاربوو. لام سەیر دەبوو ئەگەر نیگەران نەبووبا، چونکە هەر کەسێک لەجێی ئەوبووبا و لەگەڵمان هاتبا بۆ چالاکییەکی لەم شێوەیە، ئەوا بە دڵنیاییەوە نیگەران دەبوو. بەڵام بەڕاستی خۆڕاگر بوو، وە شایەنی باسیشە کە زۆر خێرا و بێ دوودڵی وەڵامی پرسیارەکانی (هۆڵمز)ی دەدایەوە. خاتوونە گەنجەکە لە وەڵامێکیدا ئەمەی گوت: باوکم و پێشڕەو شولتۆ دوو هاوڕێی زۆر نزیک بوون، بیرمە کە باوکم هەمیشە لە نامەکانیدا باسی ئەوی دەکرد. ئەوان پێکەوە بەرپرسیاری هێزەکانی دوورگەکانی ئاندرمان بوون. بۆیە پێکەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و

بەربەست بووبوونەوە. ئەوە شتێک... پارچە کاغەزێکی سەیر لەسەر مێزەی باوکم دۆزراوەتەوە، هیچ کەسێک لێی تێنەگەیشت. هەرچەندە باوەڕ ناکەم گرنگ بێت، بەڵام هەر هێنام بەو هیوایەی کە سوودی بۆت هەبێت. هۆڵمز پارچە کاغەزەکەی وەرگرت و بە هاوێنەکەی وردی پشکنی، کە لە پشکنین تەواو بوو، ئەوا گوتی: ئەم کاغەزە لە هیندستان درووست کراوە، وە بۆ ماوەیەکیش بە دەمبوسێکەوە بەسترابوو. ئەو دیزاینەی لەسەریەتی دیارە کە هی نەخشەی بینایەکە کە تێیدا هۆڵ و ژوورەکان و ڕێڕەوەکانی کێشراوە. ئەگەر سەرنج بدەن، ئەوا دەبینن کە خاچێکی سووری بچووک بە مەرەکەبێکی سوور لەسەر بەشێکی کێشراوە، لە سەرەوەی خاچەکە بە پێنووسێکی داری کاڵ نووسراوە "3.37ی لای چەپ". لە لای چەپیش هێمایەکی سەیر هەیە کە قورسە بزانرێت چییە، بەڵام لە چوار خاچ دەچێت کە لەسەر هێڵێک کێشراون و پەلەکانیان یەک دەگرێت. لەپەنا ئەم هێمایەش بە پیتی تیژ و پان نووسراوە: (هێمای ژمارە چوار - جانسن سمۆل، محەمەد سینگ، عبداللە خان، دۆست ئەکبەر). نازانم مانای ئەمە چییە، بەڵام دڵنیام کە تۆمارێکی گرنگە. ئاشکرایە کە بە ئاگادارییەوە لەناو تێنووسێکدا هەڵگیراوە، چونکە خاوێن دیارە.

-ئەوەمان لە تێنووسی گیرفانەکەیدا دۆزییەوە .

-باش بیپارێزە خاتوو مۆرستن، چونکە هەست دەکەم کە ئەمە دواتر گرنگییەکی زۆری دەبێت. بۆیە ئەمە دەڵێم چونکە گومان دەکەم ئەم دۆسیەیە زۆر لەوە قووڵتربێت کە سەرەتا بیرم لێ دەکردەوە. پێویستە دووبارە بیر بکەمەوە. هۆڵمز بە هێمنی لەسەر کورسی ناو گالیسکەکە دانیشت و کەوتە دونیای بیرکردنەوە. هۆڵمز تاکو کۆتایی گەشتەکە بێدەنگ بوو، بەڵام من و خاتوونە گەنجەکە بە دەنگێکی نزم دەربارەی ئەو ڕووداوە دەدواین. شەوی گەشتەکە لە مانگی "نۆ"دا بوو، هێشتا نەبوو بوو بە کاتژێر حەوت، بەڵام دونیا تاریک بوو و پەڵە هەوری ڕەشیش هەموو جێیەکی گرتبۆوە. گڵۆپەکانی ڕێگاش بە ڕاددەیەک کزبوون کە تەنیا مەودایەکی کەمی دوور لە خۆیان ڕووناک دەکردەوە. ڕووناکی زەردی دوکانەکانم دەبینی کە چۆن ڕوویان لە شەقامەکان دەکرد، شەقامە تاریک و تەمومژاوییەکان. لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە ڕووخساری خەڵکانێکی زۆرم بینی، خەڵکانێک کە هەریەکە و لە جیهانی تایبەتی خۆیاندا بوون. هەبوو دڵخۆش، دڵتەنگ، تووڕە، هتد. لەگەڵ دوورکەوتنەوەی گالیسکەکە، ئەوا خەڵکەکەش دوور دەکەوتنەوە و لەناو تاریکاییدا ون دەبوون. کەسێک نیم کە گرنگی بە کاریگەری دەوروبەرم بدەم، بەڵام ئەو شەوە تاریک و باراناوییە وای کرد کە لە بەرامبەر ئەو ئەرکەی ئەنجامی دەدەین کەمێک نیگەران و دڵەڕاوکێ بین. هەڵبەتە ئەم هەستانە تەنیا بۆ من و خاتوو مۆرستن ڕاست بوون، چونکە کاریگەری لەسەر هۆڵمز نەبوو. سەرنجمدا کە لە ژێر ڕۆشنایی کەمی لایتی گیرفانەکەیەوە تێبینی دەنووسێت، ئیتر ئەو لە جیهانێکی تردا بوو. کاتێک شانۆی "لایسیوم"مان بینی، ئەوا تێبینی ئەوەمان کرد کە قەرەباڵغییەکی ئێجگار زۆر ڕووی لەوێ کردووە، لە بەردەم شانۆیەکە گالیسکەی ناودار و بەدەسەڵاتەکانی لەندەن دەوەستان، دواتریش دادەبەزین تاکو خەڵک پۆشاکی جوان و هاوسەری جوانی ئەوان ببینێت. کاتێک لە عامودی سێیەم نزیک بووینەوە، ئەوا پیاوێکی کورتەباڵا کە جلوبەرگی شۆفێرێکی لەبەر کردبوو هاتە لامان و گوتی: ئایا لەگەڵ خاتوو مۆرستن هاتوون؟

خاتوو گەنجەکەش وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵێ، ئەم بەڕێزانە هاوڕێی منن. پیاوەکە بە چاوێکی گوماناوییەوە سەیری ئێمەی کرد، دواتر گوتی: ببوورە خاتوو مۆرستن، بەڵام دەبێت سوێند بخۆیت کە ئەمانە پۆلیس نین. ئەویش گوتی: دڵنیابە کە پۆلیس نین.

دواتر پیاوەکە فیتەیەکی لێدا، لەگەڵ فیتەکە کوڕێکی بچووک هات کە دوو ئەسپی گالیسکەیەکی بەرەو ئێمە دەهێنا. پیاوەکە داوای لێکردین کە سەرکەوینە ناو گالیسکەکە، دواتریش ڕۆیشتە جێی شۆفێرەکە و دەستی کرد بە قامچیدانی ئەسپەکان، بەم شێوەیە بە خێراییەکی زۆر بە گالیسکەکەوە بەناو شەقامە تاریک و تەمومژاوییەکاندا بەڕێ کەوتین. بارودۆخەکە بەڕاستی نامۆ بوو، چونکە نەمان دەزانی بەرەو کوێ بەڕێ دەکەوین و چی دەکەین. ئەم بانگێشتە یان فێڵێک بوو -ئەگەری ئەمەش کەمە- یاخود بەڕاستی مەبەستێک لەپشت ئەمەوە هەبوو. هەرچەندە خاتوونە گەنجەکە خۆڕاگر بوو، بەڵام نیگەرانی پێوە دیار بوو. بۆیە هەوڵمدا کەمێک سەرقاڵی بکەم، ئەویش بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ئەفغانستان تووشی بووم. بەڵام با لێتان نەشارمەوە، خۆشم بەڕاستی نیگەران بووم، ئەو

نیگەرانییەش وای کرد کە لە گێرانەوەی ڕووداوەکان هەندێک کەم و کورتی هەبێت. هێشتا بۆم باسی ئەوە دەکات کە چۆن چیرۆکێکی کاریگەرم بۆ گێراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە کەسێک بە تفەنگ بە مەبەستی هێرش کردنە سەرم هاتۆتە ناو چادرەکەم و منیش تەقەم لێ کردووە. سەرەتا دەمزانی کە بە کوێدا دەڕۆین، بەڵام هەر زوو شوێنی خۆمانمان ون کرد، ئەوەش بە هۆی خێرایی گالیسکەکە و زانیاری سنووردارم دەربارەی ڕێگایەکانی لەندەن و ئەو تەمومژەی کە هەموو شوێنێکی گرتبوو. تاکە شتێک کە دەمزانی ئەوە بوو کە ماوەیەکی زۆرە بەڕێوەین. بەڵام هۆڵمز باش دەیزانی لە کوێین، کاتێکیش کە لە شوێنێک پێچمان دەکردەوە، ئەوا ناوی شوێنەکەی دەگوت .

-رۆچستر روو، ئەمەش گۆڕەپانی "ڤینسنت"ە، ئێستاش لە ڕێگای "ڤۆکسهۆل بریدج"ین. دیارە کە ئێستاش بە پەنا ڕووباردا دەڕۆین، بەڵێ، ئێستا لەسەر پردەکەین. ئەگەر سەیر بکەن، ئەوا دەتوانن ڕووبارەکە ببینن. لە پەنجەرەکەوە ڕووبارەکەمان بینی کە ڕووناکییە کزەکانی سەر پردەکە لەسەری دەدرەوشانەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو کە گالیسکەکە بە توندی و خێراییەکی زۆرەوە پردەکەی جێهێشت و ڕۆیشتە ناو کۆمەڵە ڕێگایەکی ئاڵۆز و تەسک. دواتر هاوڕێیەکەم دەستی قسە کردەوە و گوتی: ڕێگای ۆرد سۆرث و ڕێگای بریوری، شەقامی لارک هۆل، ستۆکویل پلەیس، هەروەها شەقامی کۆلد هاربەر. دیارە کە ناچینە شوێنێکی خۆش. هاوڕێیەکەم ڕاستی کرد، چونکە گەیشتینە گەڕەکێکی تاریک و خەماوی، ئەو شوێنە جگە لە هەندێک گڵۆپی ماڵەکان و گڵۆپی مەیخانەی نزیکی ئەو شوێنە نەبێت، ئەوا ڕووناکی نەبوو. دیمەنی خانووەکانی بەڕاستی خەماوی بوو، هیچ شتێکیان نەبوو تاکو پێیان دڵخۆش بیت.

بەهەرحاڵ ڕۆیشتینە بەردەم خانوویەک کە وەکو ئەوانی تر تاریک بوو، بەڵام ڕووناکییەکی کز لە چێشتخانەکەیەوە دیار بوو. کاتێک لە دەرگامان دا، ئەوا پیاوێکی هندووسی دەرگای لێ کردینەوە. پیاوەکە سەرپێچێکی زەردی بەستبوو و هەروەها پۆشاکێکی سپیشی لەبەردا بوو، پشتێنێکی زەردیشی لە کەمەری بەستبوو. ئەمە بەڕاستی دیمەنێکی سەیر بوو، چونکە شتێکی باو نییە کە کەسێکی ڕۆژهەڵاتی بە شێوەیەکی وەها سادە لە شوێنێکی لەم شێوەیەدا ببینیت. بەهەرحاڵ، پیاوە هندووسییەکە تکای لێ کردین کە بێینە ژوورەوە، ڕێک لەو کاتەدا دەنگێکی تیژ و بەرز قیراندی و گوتی: بیانهێنە ژوورەوە هەی خزمەتکار !

# بەشی چوارەم

## چیرۆکی پیاوە قژ ڕووتاوەکە

لەگەڵ خزمەتکارە هندووسییەکە چووینە ژوورەوە، بە ڕێڕەوێکی پیسدا بەدوای کەوتین، بینیمان کە ڕێڕەوەکە ڕووناکییەکی کزی هەبوو و شتومەکی ناوەوەشی ئێجگار پیس بوو. دواتر بە لای ڕاستدا پێچمان کردەوە و هندووسییەکە دەرگایەکی کردەوە، کە کردییەوە بینیمان پیاوێک لە ژوورەوە لە ژێر ڕووناکییەکی زەرددا وەستاوە. پیاوێکی کورتەباڵای ڕووخسار باریک بوو، سەرێکی کەچەڵی هەبوو، بەڵام سەر گوێیەکانی کەمێک قژیان پێوەبوو کە ڕەنگیان سوور بوو. تێبینیم کرد کە ناوە بە ناوە زەردەخەنەی دەکرد و دواتریش ڕووی خۆی گرژ دەکرد، ئەمە بەردەوام بوو، مەبەستم لەمە ئەوە بوو کە ڕێگای بە ڕووخساری نەدەدا پشوو بدات. شایەنی باسیشە کە لەو کاتەی وەستابوو، ئەوا دەستەکانی خۆی دەگوشی. لێوەکانی قڵیشا بوون و ددانەکانیشی بە تەواوی زەردبوون، بەڵگەش لەسەر ئەوە بە شێوەیەکی بەردەوام دەستێکی دەبردە بەر دەمی تاکو دایپۆشێت. هەرچەندە قژی تەپڵە سەری بە تەواوی ڕووتابۆوە، بەڵام دیار بوو کە گەنجە، لە ڕاستیدا زۆر نابێت کە بوو بوو بە سی ساڵ. کاتێک ئێمەی بینی، ئەوا بە دەنگێکی بەرز و تیژ گوتی: بەخێربێیت خاتوو مۆرستن، ئێوەش بەخێربێن بەڕێزان. فەرموون، تکایە دانیشن. ڕاستە کە ئێرە بچووکە، بەڵام زۆرم لاپەسەندە، چونکە ئێرە وەکو پێشانگایەکی هوونەری وایە. کاتێک ژوورەوەمان بینی، بە تەواوی حەپەساین، چونکە بوونی شوێنێکی وەها لە ناوچەیەکی هەژاری لەندەن بەڕاستی نامۆ بوو. ژوورەکە لە ژووری کەسێکی خانەدان دەچوو، ڕێک وەکو ئەوەی کە ئەڵماسێک بخەیتە ناو سندووقێکی ئاسنی ژەنگ هەڵهێناوەوە. پەردەکان لە گرانبەهاترین جۆرەکان بوون، هەروەها فەرشەکەش کە جوانییەکی تایبەتی هەبوو ڕەنگێکی ڕەشی کەهرەمانی هەبوو، بە ڕاددەیەک نەرم بوو کە هەستت دەکرد ئێستا قاچت تێیدا دەچۆڕێت. شایەنی باسیشە کە لەسەر دیوارێک تابلۆیەکی گرانبەها هەڵواسرابوو کە ئەویش وەکو شتومەکەکانی ناو ژوورەکە جوانییەکی دڵڕفێنی هەبوو. لەسەر فەرشەکەش دوو پێستی پڵنگ ڕاخرا بوون، هەروەها گڵۆپێکی شێوە کوونەپەپوویی لە ناوەندی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو کە بە داوێکی زێڕینەوە بەسترابوو، هاوکات لەگەڵ گەشانەوەی گڵۆپەکە، ئەوا عەتری دەردەکرد و بۆنێکی خۆشی بە ژوورەکەدا بڵاو دەکردەوە. پیاوە کورتەباڵایەکە بە زەردەخەنەوە گوتی: ناوم (ثادیۆس شولتۆ)یە، تۆش بە دڵنیاییەوە خاتوو (ماری مۆرستن)یت، ئەی ئەم بەڕێزانە کێن...؟

خاتوونە گەنجەکەش ئێمەی ناساند و گوتی: ئەمەیان بەڕێز (شێرلۆک هۆڵمز)ە، ئەوەشیان دکتۆر (جۆن واتسن)ە. پیاوە کورتەباڵایەکە بە شێلگیری و دەنگێکی بەرزەوە گوتی: دکتۆر؟! ئایا بیستەرەکەت هێناوە دکتۆر؟! تکایە دڵم بپشکنە، دەترسم نەخۆشی دڵم هەبێت. منیش بیستەرەکەم دەرهێنا و دڵم پشکنی، هیچ کێشەیەکی تەندرووستی نەبوو. بەڵام بۆم دەرکەوت کە لە حاڵەتێکی ترس و نیگەرانی زۆردایە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە لە تەپڵەی سەرییەوە تاکو نووکی پەنجەی پێیەکانی دەلەرزی. دواتر دڵنیام کردەوە کە هیچ کێشەیەکی نییە. بە شێوەکی هێمنانە گوتی: داوای لێبووردن دەکەم کە وا نیگەران دیارم خاتوو مۆرستن، ماوەیەکی زۆرە لەوە دەترسام کە دڵم کێشەی هەبێت، بەڵام ئێستا خۆشحاڵم کە کێشەم نییە. ناحەقیشم مەگرە، دووچاری پەستانێکی دەروونی زۆر بوومەوە. ئەگەر باوکت وەکو من نیگەران نەبووایە و ئاگای لە تەندرووستی دڵی بووبایە و بەو ڕاددەیە ماندووی نەکردبا، ئەوا ئێستا لە ژیاندا دەمایەوە. کاتێک ئەمەم بیست، ئەوا ڕێک ویستم بە قەپۆزیدا بکێشم، چونکە ئاشکرا بوو کە ئەم هەواڵە خاتوونە گەنجەکەی بە تەواوی تاساند. خاتوو مۆرستن ڕووخساری بە تەواوی سپی هەڵگەڕا و خەریک بوو ببوورێتەوە، دواتر یارمەتیمان دا و

خستمانە سەر کورسییەک. خاتوونە گونجەکە کاتێک کەمێک هۆشی هاتەوە، ئەوا گوتی: لە قووڵایی دڵمەوە هەستم دەکرد کە مردووە. دوای ئەم قسەیە، ئەوا پیاوە کورتەباڵایەکە گوتی: دەتوانم بۆت باسی تەواوی وردەکارییەکان بکەم، تەنانەت دەتوانم مافی زەوتکراویشت بۆ بگەڕێنمەوە. دڵنیاشبە کە وادەکەم، لام گرنگ نییە کە (بارثلۆمیۆ)ی برام دەڵێت چی. خۆشحاڵم کە ئەم دوو بەڕێزەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە، دەمەوێت ببینن و ببیستن کە ئێستا چی دەڵێم و چی دەکەم. هەرسێکمان دەتوانین دژی (بارثلۆمیۆ)ی برام بوەستینەوە، بەڵام بێ بوونی لایەنی دەرەکی وەکو پۆلیس، با بە شێوەیەکی ئارام و ڕەزابەخش ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین. چونکە (بارثلۆمیۆ)ی برام ڕقی لەوەیە کە ناوی دەرکەوێت. دواتر لەسەر قەنەفەکی نەرم و نزم دانیشت و بە چاوە شینە گوماناوییەکانی سەیری ئێمەی دەکرد. هۆڵمز گوتی: دڵنیابە کە هەرچی باسی دەکەیت، ئەوا بە نهێنی لە نێوانماندا دەمێنێتەوە. منیش قسەی ئەوم پشتڕاست کردەوە و سەری ڕازی بوونم لەقاند.

-زۆرباشە ! زۆرباشە ! ئایا دەتەوێت پەرداخێک لە مەی شیانتێ بخۆیتەوە خاتوو مۆرستن؟ یاخود مەی توکای؟ جۆری تری مەیم نییە، ئایا بوتڵێک بێنم؟ زۆرباشە. هیوادارم بە بۆنی توتن تێک نەچیت خاتوو مۆرستن، لە ئێستادا زۆر شپرزەم، بۆیە بۆنی توتنی ڕۆژهەڵاتی نەرجیلەکەم ئارامم دەکاتەوە. دواتر هەرسێکمان بە شێوەیەکی نیمچە بازنەیی لە دەوری پیاوەکە دانیشتین و سەرمان بەرەو پێشی برد، پیاوەکەش بە نیگەرانییەوە لە ناوەڕاستدا دانیشتبوو. پیاوەکە دەستی بە قسە کرد و گوتی: سەرەتا کە بڕیارمدا پەیوەندیت پێوە بکەم، ئەوا ڕاستەوخۆ ویستم ناونیشانی خۆمت پێ بڵێم، بەڵام لەوە دەترسام کە کەسانێکی نابەجێ لەگەڵ خۆت بهێنیت. بۆیە ئەم چاوپێکەوتنەم ڕێکخست تاکو (ویلیامز)ی خزمەتکارم بتوانێت بتانبینێت و بڕیار بدات کە ئایا ئێوەی بەدڵ دەبێت یان نا، مادام ئێوەی هێناوە بۆ ئێرە، ئەوا متمانە بە ئەو و ئێوەش دەکەم. داوای لێبووردن دەکەم کە ئەم چاوپێکەوتنەم بە نهێنی هێشتۆتەوە، بەڵام حەزم لە قەرەباڵغی نییە، خۆم کەسێکم کە حەزم بە تەنیاییە، بوونی پۆلیسیش زۆر بێزارم دەکات چونکە ڕقم لە کاری ناپێویستە. وەکو دەبینن کە شەیدای هونەرم، ئەو تابلۆیەی کە دەیبینن تابلۆیەکی ئەسڵی (کورۆ)یە، ئەوەش تابلۆی (سلڤاتۆر رۆزا)یە، لەوانەیە بە ڕای شارەزایەک ئەوە ساختە بێت. بەڵام لە تابلۆی بوجیرۆ بە تەواوی دڵنیام کە ساختە نییە، چونکە خۆم شارەزا و هەوادارێکی سەرسەختی قوتابخانەی هونەری تازەی فەڕەنسیم. خاتوونە گەنجەکە گوتی: ببوورە بەڕێز شولتۆ، کاتمان زۆر نییە، بۆیە تکایە بڕۆ ناو ئەسڵی بابەتەکە و لە کورتەی ببڕە (دەربڕینی وەرگێڕ).

-ئەمە کەمێکی پێ دەچێت، چونکە سەرەتا دەبێت بچین بۆ نۆرود تاکو (بارثلۆمیۆ)ی برام ببینین. پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە. شایەنی باسە کە ئێستا زۆر لێم تووڕەیە بەوەی کە شەوی ڕابردوو دەمەقاڵێمان بوو لەسەر ئەم بڕیارە. کاتێک تووڕە دەبێت، ئەوا بەڕاستی ناحەز دەبێت. منیش بە بوێرییەوە گوتم: کەوایە هەر ئێستا با بڕۆینە لای ! کاتێک پیاوەکورتەباڵایەکە ئەمەی بیست زۆر پێکەنی، بە ڕاددەیەک پێکەنی کە ڕووخساری سووربۆوە، دواتر لە پێکەنین وەستا و گوتی: ئەگەر بەم شێوەیە و بە ڕاستەوخۆیی بتانبەم بۆ لای ئەو، ئەوا شۆک دەبێت و دواتر نازانم دەڵێت چی. نەخێر، سەرەتا پێویستە ئامادەتان بکەم و وردەکارییەکانتان پێ بڵێم. وەکو ئاشکرایە کە جۆن شولتۆ باوکی منە، پێشووتر ئەفسەرێکی سوپا بوو لە هیندستان، نزیکەی یازدە ساڵە خانەنیشین بووە. دوای ئەوەی خانەنیشین بوو، هات تاکو لە بۆندچێری لۆد لە نۆرود نیشتەجێ ببێت. لە هیندستان سامانێکی زۆری بەدەستهێنابوو، چەندین شتومەک و تابلۆی گرانبەها و خزمەتکاری ئەو وڵاتەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. کاتێک نیشتەجێ بوو، ئەوا خانوویەکی گەورەی بۆ خۆی کڕی و بە خۆشی ژیا، من و (بارثلۆمیۆ)ی براشم تاکە میراتی ئەو بووین. باوکم بە هەواڵی ون بوونی کاپتن مۆرستن زۆر تێکچوو، دەمانزانی کە هاوڕێی ئەوە، بۆیە لە لای ئەو بە ئازادی باسی ئەو ڕووداوەمان دەکرد. کاتێک گفتوگۆمان دەکرد، ئەوا ئەویش ڕای خۆی دەربارەی ون بوونی ئەو دەردەبڕی. بۆ ساتێک گومانمان لەوە نەکرد کە نهێنییەکی لە دڵدایە و درکی ناکات، نەماندەزانی کە ئەو تاکە کەسێکە کە دەیزانی چی بەسەر (ئارسەر مۆرستن)دا هاتووە. بەڵام دوای ماوەیەک هەستمان بە شتێکی گوماناوی دەربارەی باوکمان کرد. لە ماڵ نەدەڕۆیشتە دەرەوە و هەروەها مشتەوانی لێزانی وەکو پاسەوانی تایبەت بەکرێ دەگرت. شایەنی باسە کە (ویلیامز)ی خزمەتکارم یەکێک بوو لە پاسەوانەکانی، لە ڕابردوودا پاڵەوانی کێشی سووکی ئینگەلترا بوو. نەماندەزانی کە باوکمان چی دەشارێتەوە، بەڵام ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە زۆر ڕقی لە پیاوی خاوەن قاچی یەک دارینە. ئەمەشمان کاتێک بۆ دەرکەوت کە تەقەی لە

پیاوێکی خاوەن قاچی یەک دارین کرد، دواتر بۆمان دەرکەوت کە بازرگانێکی بێ زیانە، ناچار بووین کە پارەیەکی زۆری پێ بدەین تاکو دەمی خۆی ببەستێت و شکایەت نەکات. من و براکەم وامانزانی کە ئەوە بە هۆی دەردی بەساڵاچوونەوەیە، بەڵام دواتر چەند شتێک ڕوویدا کە وایکرد ڕامان بگۆڕین. ساڵی **1882**ز لە هیندستانەوە نامەیەکی بۆ هات کە ئەوی بە تەواوی شۆک کرد، هێشتا بیرمە کە لەسەر مێزەی نانخواردن دانیشتبوو و نامەکەی دەکردەوە، کاتێک خوێندییەوە، ئەوا ڕێک بووڕایەوە. لەو ڕۆژەوە باوکم نەخۆش کەوت تاکو کۆتا ساتەکانی ژیانی. نەمدەزانی چی لە نامەکەدا نووسرابوو، بەڵام دیار بوو کە گرنگ بوو بەوەی کە توند نامەکەی گرتبوو. باوکم بۆ چەندین ساڵ بە هۆی نەخۆشی هەڵاوسانی سپڵەوە ناڵاندی، بردمان بۆ لای چەندین پزیشک، بەڵام چارەسەرکردنی سوودی نەبوو. لە کۆتایی مانگی چواردا بۆمان دەرکەوت کە نەخۆشییەکە خەریکە دەیکوژێت، بۆیە باوکمان پێش ئەوەی بمرێت، ویستی قسەمان لەگەڵدا بکات. کاتێک چووینە لای باوکم، ئەوا بینیمان کە لەسەر جێگایە و بە ئەستەم هەناسە دەدات.

کە ئێمەی بینی، ئەوا داوای لێکردین دەرگایەکە دابخەین و بچینە لای دانیشین. کە لای دانیشتین، ئەوا ڕاستەوخۆ دەستی هەردووکمانی گرت و شتێکی گوت کە ئێمەی بە تەواوی شۆک کرد. هەوڵ دەدەم ڕێک وەکو خۆی بابەتەکەتان بۆ باس بکەم.

"لە ئێستادا تاکە شتێک بیری لێ بکەمەوە بریتییە لەو ستەمەی کە لە کچی (مۆرستن)م کردووە، بە هۆی چڵێسیمەوە نەمتوانی نیوەی ئەو گەنجینەی لەگەڵدا بەش بکەم کە مافی خۆیەتی. خۆم هیچ جۆرە سوودێکم لەو گەنجینە نەفرەتییە نەبینی بەوەی کە چڵێسی بەرچاوی تاریک کردم، بەڕاستی گەمژە و نەزان بووم. ئەو کۆمەڵە مرواربیە دەبینن کە لەسەر مێزەکەیە؟ ئەوەم دەرهێناوە چونکە ویستم بۆ کچی (مۆرستن)ی بنێرم، مافی خۆیەتی. مافی خۆیەتی کە نیوەی گەنجینەی شاری "ئاگرا"ی وەربگرێت. بەڵام تاکو دوای مەرگم هیچی بۆ مەنێرن، تەنانەت ئەو کۆمەڵە مرواربیەی کە باسیشم کرد. ئێستاش با بۆتان باسی ئەوە بکەم کە چۆن مۆرستن مرد. ئەو بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە هۆی نەخۆشی دڵەوە دەیناڵاند، بەڵام بە هیچ کەسێکی نەگوتبوو و بە نهێنی هێشتییەوە. تەنیا من ئەو نهێنییەم دەزانی. بەهەرحاڵ کاتێک لە هیندستان بووین، ئەوا گەنجینەیەکی گەورەمان دۆزییەوە، کاتێک دۆزیمانەوە، ئەوا هەموویم بۆ ئینگەلترا هێنا. زۆری پێ نەچوو کە مۆرستن هات تاکو داوای نیوەی گەنجینەکە بکات. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی داوای مافی خۆی کرد، ئەوا ڕازی نەبووم کە نیوەی گەنجینەکەی پێ بدەم. بۆیە کردمان بە دەمەقاڵێ، مۆرستن لەپڕ توڕەییەکی زۆری نواند، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ڕووخساری ڕەش هەڵگەڕا و دەستیشی لەسەر دڵی دانا، دواتر بووڕایەوە و سەری بە لێواری سندووقی گەنجینەکە کەوت. کاتێک لێی نزیک بوومەوە، ئەوا زۆر ترسام، چونکە بینیم کە مردووە. بۆ ماوەیەکی زۆر دانیشتم و مێشکی خۆم ئاڵۆز کرد، نەمدەزانی کە چی بکەم. سەرەتا ویستم داوای یارمەتی بکەم، بەڵام دواتر بیرم کردەوە کە ئەگەر وابکەم، ئەوا لەوانەیە پۆلیس تۆمەتی کوشتنی ئەو بخاتە پاڵ من. هەروەها ئەگەر لێکۆڵینەوەش کرابا، ئەوا نهێنی گەنجینەکە ئاشکرا دەبوو. پێش ئەوەی بمرێت پێی گوتم کە جگە لە خۆی هیچ کەسێک بە بوونی ئەو گەنجینەیە نازانێت، بۆیە ئەمە هەلێکی باشی بۆ ڕەخساندم. هێشتا لە بیرکردنەوەدا بووم کاتێک (لال شاودر)ی خزمەتکارم بینی کە لە لای دەرگایەکە وەستاوە و سەیرم دەکات. دواتر هاتە ژوورەوە و دەرگایەکەی لە پشتی خۆی داخست و گوتی: نیگەران مەبە گەورەم، هیچ کەسێک نازانێت کە ئەوت کوشتووە، بۆیە با لاشەکەی بشارینەوە. منیش گوتم: من ئەوم نەکوشتووە. ئەویش سەری لەقاند و زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: لە پشت دەرگایەکەوە گوێم لە دەمەقاڵێیەکەتان بوو گەورەم، گوێم لە دەنگی بەرکەوتنی سەری بوو. بەڵام نیگەران مەبە، هیچ کەسێک بەم ڕووداوە نازانێت بەوەی کە هەمووان خەوتوون. بەم قسەیە بڕیاری خۆم دا، ئەگەر خزمەتکارەکەم باوەڕم پێ نەکات، ئەوا دادگا چۆن باوەڕم پێ دەکات کە ئەوم نەکوشتووە؟ ئەو شەوە لاشەکەیمان شاردەوە، پاش چەند ڕۆژێکیش لە ڕۆژنامەکان هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە کاپتن مۆرستن ون بووە. من خەتاباری مەرگی ئەو نیم، بەڵام لە شاردنەوەی لاشەکەی و هێشتنەوەی تەواوی گەنجینەکە بۆ خۆم خەتابارم. بۆیە دەمەوێت مافی خۆی بۆ بگەڕێننەوە. وەرن، سەرتان نزیک بکەنەوە و باش گوێ بگرن، گەنجینەکە لە...". ڕێک لەو کاتەدا ڕووخساری تووشی حاڵەتێکی سەیری ترس و تۆقین بوو، چاوەکانی زەق بوون و بە هاوارەوە گوتی: بۆ خاتری خوا ڕێگەی پێ مەدەن کە بێتە ژوورەوە ! ئەی هاوار ! ڕێگەی لێ بگرن ! من و برایەکەم سەیری پەنجەرەکەمان کرد و بینیمان کە کەسێک لە تاریکاییەوە سەیرمان دەکات. پیاوێکی ڕیشدار و قژ پڕ بوو، چاوەکانی تیژ

**بوون، پاشماوەی ڕقیان لێ دەبینرا. ڕێک کە ئەومان بینی، ئەوا من و برایەکەم بەرەو لای پەنجەرەکە ڕامان کرد، بەڵام کابرا هەڵات. کاتێکیش ئاوڕمان بۆ لای باوکمان دایەوە، ئەوا بینیمان کە مردووە. ئەو شەوە تەواوی باخچەکە گەڕاین، جگە لە شوێن پێیەک کە لە لای حەوزی گوڵەکانمان دۆزییەوە، ئەوا هیچی ترمان نەدۆزییەوە. ئەگەر ئەو شوێن پێیەمان نەبینیبا، ئەوا وامان دەزانی کە تووشی خەیاڵات بووین. زۆری پێ نەچوو کە بۆمان دەرکەوت چەندین کەس بە نهێنی لە دەوری ئێمە دەسووڕێنەوە (دەربڕینی وەرگێڕ). بەیانی ڕۆژی داهاتوو بینیمان کە پەنجەرەی ژووری باوکمان کراوەتەوە، ژوورەکە بە تەواوی پشکنرابوو و پەرت و بڵاویش کرابوو. دواتر سەرنجمان ڕۆیشتە سەر پارچە کاغەزێکی دڕاو کە لەسەر سنگی باوکمان دانرابوو، لەسەر کاغەزەکە نووسرابوو "هێمای ژمارە چوار"، نەماندەزانی کە ئەوە مانای چییە. دوای کەمێک لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت کە هیچ شتێک نەدزراوە. من و برایەکەم زۆر بیرمان لەم نهێنییە کردەوە، بەڵام هیچمان بۆ دەرنەکەوت. پیاوەکورتەباڵایەکە لە قسەکردن وەستا و دووبارە نەرجیلەکەی پێکردەوە و کەوتەوە دونیای بیرکدنەوە، ئێمەش بە سەرنجەوە سەیرمان دەکرد و بیرمان لە قسەکانی دەکردەوە.**

**کاتێک پیاوەکە باسی مەرگی باوکی کرد، ئەوا خاتوونە گەنجەکە ڕەنگی پەڕا و خەریک بوو ببوورێتەوە. بەڵام وزەی بە خۆیدا و قمێک ئاوی خواردەوە کە من بۆم هێنا. دواتر هۆڵمز کشایەوە دواوە و ئەویش کەوتە دونیای بیرکردنەوە. بیرم لەوە دەکردەوە کە زۆر نابێت بۆڵەی دەکرد بەوەی کە هیچ نییە بیکات، یاخود دۆسیەیەک نییە تاکو چارەسەری دەکات. ئێستا بە ویستی خۆی گەیشت. بەهەرحاڵ زۆری پێ نەچوو کە پیاوەکورتەباڵایەکە دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: وەکو ئاشکرایە کە من و برایەکەم بە هەواڵی بوونی گەنجینەیەک زۆر خۆشحاڵ بووین، بۆ ماوەی چەندین حەفتە و چەندین مانگ لەناو باخچەکەدا بە دوایدا گەڕاین، شوێن نەمابوو هەڵی نەکەنین، بەڵام سوودی نەبوو، هیچمان نەدۆزییەوە. کاتێک بیرمان لەوە دەکردەوە کە باوکمان پێش ئاشکراکردنی شوێنی گەنجینەکە مرد، ئەوا زۆر توڕە دەبووین. کاتێک سەیری کۆمەڵە مرواریییەکەمان دەکرد، ئەوا بیرمان لەو سامانە شاراوەیە زۆرە دەکردەوە. مرواریییەکە دیار بوو کە گرانبەهایە، بۆیە زۆر بۆی تامەزرۆ بووین. شایەنی باسە کە (بارثلۆمیۆ)ی برام خووی باوکمی هەیە، بڕوای وابوو کە نابێت ئەو مرواریییە بۆ خاتوو مۆرستن بنێرین بەوەی کە مەترسی ئاشکرابوونی نهێنی گەنجینەکە دەخاتە ڕوو. لەسەر ئەمە بوو بە دەمەقاڵێمان، بەڵام ڕازیم کرد کە بە ماوە ماوە مرواریییەکی بۆ بنێرم تاکو دەستی نەبەسترێت (دەربڕینی وەرگێڕ). خاتوونە گەنجەکە گوتی: زۆر سوپاس، بەو کارەت میهرەبانییەکی زۆرت نواند. پیاوەکە سەری ناڕەزایەتی دەربڕی و گوتی: پێویست بەم قسەیە ناکات چونکە مافی خۆتە. هەڵبەتە ئەمە ڕای من بوو، (بارثلۆمیۆ)ی برام بەم کارەی ناڕەزایەتی زۆری دەردەبڕی. ئەو دەیویست تەواوی سامانەکە بۆ خۆمان بێت، بەڵام پارەیەکی باشمان هەبوو، تەماعم بۆ بەدەستهێنانی پارەی زیاتر نەبوو. هەروەها کارێکی ناشیرینە کە ستەم لە خاتوونێکی وەها گەنج بکەم. فەڕەنسییەکان دەڵێن: "کردەوەی ناشیرین بەرەو تاوانت دەبات". بەهەرحاڵ بە هۆی دەمەقاڵێی زۆرەوە بڕیارمان دا کە بە جیا بژین، بۆیە "بۆندچێری لۆج"م جێهێشت، هەروەها خزمەتکارە هندووسییە پیرەکە و (ویلیامز)م لەگەڵ خۆم برد. ئیتر ماوەیەکە لێک دوورین. بەڵام ئەمڕۆ هەواڵی ئەوەم بۆ هات کە دوێنێ گەنجینەکە دۆزراوەتەوە، بۆیە منیش ڕاستەوخۆ نامەم بۆ خاتوو مۆرستن نارد. ئێستا تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە کە بڕۆینە نۆرود تاکو داوای مافی خۆمان بکەین. ئاگادارم کردۆتەوە کە بەمزووانە دەچینە لای و شتێکی وەهای لەگەڵ باس دەکەین. هەرچەندە ئەمەی بەدڵ نییە، بەڵام هەر چاوەڕێی هاتنی من دەکات. بەڕێز ثادیۆس لە گێڕانەوەی باسەکە وەستا، ئێمەش تاکو ماوەیەک بێدەنگ بووین. دواتر هۆڵمز هەستایە سەرپێ و ئەم بێدەنگییەی شکاند و گوتی: ئافەرین بەڕێز ثادیۆس، هیوادارم لە ڕێگەی ئاشکراندنی هەندێک بەشی ئەم مەتەڵە بتوانین چاکەی تۆ بدەینەوە، بەڵام وەکو خاتوو مۆرستن گوتی: کات درەنگە و دەبێت بڕۆین. پیاوەکە هاوڕای قسەی هۆڵمز بوو، بۆیە نەرجیلەکەی پێچایەوە و ڕۆیشت تاکو پاڵتۆیەکی خووری بێنێت، پاڵتۆیەکەی لەبەر کرد و قۆپچەکانی بە توندی داخست. هەروەها کڵاوێکیشی لەسەر کرد کە لە پێستی کەروێشک دروستکرابوو. لە کاتێکدا بە ڕێڕەوەکەدا دەڕۆیشتین، ئەوا گوتی: دەزانم کە زیادەڕۆیی لە خۆپارێزیدا دەکەم، بەڵام تەندروستییەکی باشم نییە، بۆیە دەبێت وریای خۆم بم. کە چووینە دەرەوە بینیمان گالیسکەیەک لە پێشەوە وەستاوە، سەرکەوتینە سەری و بەڕێ کەوتین. دیاربوو کە پێشووتر شۆفێری گالیسکەکە ئاگادار کرابۆوە کە بەرەو کوێ دەڕۆین چونکە بە خێرایی قامچی لە ئەسپەکان دا و بەڕێ کەوت. لە ڕێگادا پیاوەکە دەستی بە قسە کرد و گوتی: (بارثلۆمیۆ)ی برام کەسێکی زیرەکە، چونکە ئەگەر زیرەک نەبووبا، ئەوا چۆن توانی گەنجینەکە بدۆزێتەوە؟ با بۆتان باس بکەم کە**

چی کردووە. دوای ئەوەی کە لە باخچەکە هیچی نەدۆزییەوە، ئەوا گومانی لەوە کرد کە گەنجینەکە لەناو خانووەکەدا شاردرابێتەوە، بۆیە کون بە کونی خانووەکەی پشکنی (دەربڕینی وەرگێڕ). لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوت کە بەرزی خانووەکە حەفتا و چوار پێیە، دواتر بە کۆکردنەوەی بەرزی هەر یەکێک لە ژوورەکان و ئەو شوێنانەی کە بۆشن، ئەوا بۆی دەرکەوت کە بە هەمووی دەکاتە حەفتا پێ، چوار پێ مابۆوە. ئەو چوار پێیەش کە مابۆوە بە دڵنیاییەوە ئاماژەی بە بەشی سەرەوەی خانووەکە دەدا. بۆیە تەختەیەکی سەقفەکەی لابرد و بینی کە سەرزەمینێکی شاراوە هەیە. دواتر ڕۆیشتە ناوی و لە ناوەڕاستدا سندووقێکی دۆزییەوە کە گەنجینەکەی تێدابوو. نرخی گەوهەرەکانی ناوی بە نیو ملیۆن جونەی (دراوێکی بەریتانییە-وەرگێڕ) مەزندە دەکرێت. کاتێک ئەمەمان بیست، ئەوا تووشی شۆک بووین. ئەم پارەیە مۆرستن لە دایەنێکی هەژارەوە دەکات بە دەوڵەمەندتریت میراتگری ئینگەلترا. هاوڕێی ڕاستەقینە دەبێت بەم هەواڵە دڵخۆش بێت، بەڵام لێتان ناشارماوە کە من پێی دڵخۆش نەبووم، لە ڕاستیدا خەمێکی قووڵ دڵی منی گرت.

بە چەند وشەیەک پیرۆزباییم لێ کرد، دواتر لەسەر کورسییەک بە دڵشکاوی دانیشتم و کەوتمە دونیای خەمەوە. لەو کاتەدا پیاوەکورتەباڵایەکە کە وەسواسی نەخۆشی هەبوو داوای ئامۆژگاری لێ دەکردم کە چی بکات تاکو نەخۆش نەکەوێت، یاخود چ جۆرە دەرمانێک بەکاربێنێت. بەڵام هزرم لەسەری نەبوو، هزرم تەنیا لەسەر ئەو هەواڵە بوو و هیچی تر. دواتر هۆڵمز بۆی گێڕامەوە کە بەوم گوتووە نابێت زیاتر لە دوو دڵۆپە ڕۆنی گەرچەک بخوات، یاخود پێم گوتووە کە ژەمێکی زۆری دەرمانی ئەستەرکین وەکو هێورکەرەوەیەک بەکاربێنێت. بەهەرحاڵ کاتێک گەیشتینە شوێنی مەبەست، ئەوا شۆفێرەکە دابەزی و دەرگایەکەی بۆ کردینەوە، ئێمەش دابەزین. بەم دابەزینە ئاسوودە بووم. دواتر بەڕێز ثادیۆس گوتی: ئەمە "بۆندچێری لۆج"ە خاتوو مۆرستن.

## بەشی پێنجەم

## تراژیدیای بۆندچێری لۆج

کاتێک گەیشتینە شوێنی مەبەست، ئەوا هەستمان کرد کە تەمومژی شارمان جهێشتووە، کەشێکی ئارام بوو، بایەکی خۆش لە ڕۆژاواوە هات کە پەڵەهەورەکانی دەجووڵاند، جار جاریش ڕووناکی مانگ دەردەکەوت. ڕێگایەکەمان تاریک نەبوو، بەڵام ئادیۆس لەناو گالیسکەکە چرایەکی دەرهێنا تاکو ڕێگامان باشتر بۆ ڕووناک بکاتەوە. خانووەکە لە ناوەندی زەوییەکانی بۆندچیری لۆج بە ڕوونی دەردەکەوت، دیوارێکی بەردینی بەرز تەواوی خانووەکەی داپۆشیبوو. تەنیا دەتتوانی لە ڕێگەی دەرگایەک کە بە ڕاگری ئاسنین پاڵپشتی کرابوو بچیتە ژوورەوە. کە لە دەرگایەکە نزیک بووینە وەستاین، دواتر ئادیۆس بە شێوەیەکی تایبەت لە دەرگایەکەی دا. زۆری پێ نەچوو کە یەکێک بە دەنگێکی گڕ گوتی: کێیە؟

(ئادیۆس)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: مکمۆردۆ، ئەوە منم، دەبوایە لە ڕێگەی لێدانی دەرگایەکەوە منت ناسیبایەوە. دوای ئەمە دەنگی خشەخشی کلیل و جیرەی دەرگا هات، کە دەرگایەکە بە هێواشی کرایەوە، ئەوا پیاوێکی کورتەباڵا دەرکەوت کە بە چاوی گومانەوە سەیری ئێمەی دەکرد. دواتر گوتی: ئەوە تۆیت بەڕێز ئادیۆس؟ بەڵام ئەوانە کێن؟ ئاگادار نەکراومەتەوە کە میوانت لەگەڵ دێن. ئەویش گوتی: پێم سەرە کە وا دەڵێیت، چونکە بە برایەکەم گوتبوو کە هەندێک هاوڕێ لەگەڵ خۆم دێنم .

-هێشتا لە ژوورەکەی نەهاتۆتە دەرەوە بەڕێز ئادیۆس. دڵنیام کە دەزانیت پێویستە فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەم. مادام دەربارەی هاتنی هاوڕێیەکانت ئاگادار نەکراومەتەوە، ئەوا ناتوانم ڕێگەیان پێ بدەم کە بێنە ژوورەوە، بەڵام تۆ دەتوانیت.

ئەمە چاوەڕوان نەکراوبوو. ئادیۆس کە ئەمەی بیست بە نیگەرانییەوە سەیری ئێمەی کرد، دواتر ڕووی کردەوە ئەو و گوتی: ئەمە بێ ڕێزییە مکمۆردۆ ! مادام منیان لەگەڵە، ئەوا کێشە چییە؟! هەروەها چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت کە بهێڵیت خانمێکی گەنج لەم تاریکییەدا لە دەرەوە چاوەڕێ بکات؟

-داوای لێبووردن دەکەم بەڕێز ئادیۆس. لەوانەیە ئەوانە هاوڕێی تۆ بن، بەڵام مەرج نییە هاوڕێی سەرۆکەکەم بن. باش دەزانیت کە برایەکەت پارەیەکی باشم پێ دەدات، بۆیە دەبێت کارەکەی خۆم بە شێوەیەکی باش ئەنجام بدەم. شایەنی باسیشە کە من هیچ کام لەم هاوڕێیانەت ناناسم.

هۆڵمز کە ئەمەی بیست بە شێوەیەکی هێمنانە گوتی: بەڵکو دەمانناسیت مکمۆردۆ. ئایا ئەو مشتەوانەت بیر نییە کە سێ خوول لە میوانخانەی ئالیسۆن لەگەڵت جەنگا؟ ئەو میوانخانەیەی کە بۆ ماوەی چوار ساڵ تێیدا مشتەوانیت دەکرد .

-بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز ! ئای خوایە ! ئەوە چۆن نەمناسیتەوە؟! ئەگەر ڕێک هاتبایت و مشتە پێچەوانە بەناوبانگەکەت لەژێر چەناگەم دابا، ئەوا ڕاستەوخۆ دەمناسیتەوە. بەڕاستی جێی داخە کە بەم شێوەیە پشتت لە توانایەکانی خۆت کردووە، ئەگەر وات نەکردبا، ئەوا کەسێکی مەزنت لێ دەردەچوو.

هۆڵمز بە پێکەنینەوە گوتی: واتسن، وەکو دەبینیت کە هەرگیز پەکم ناکەوێت (دەربڕینی وەرگێڕ). ئێستا دڵنیام کە ئەم هاوڕێیەمان ناچارمان ناکات لە دەرەوە بمێنینەوە .

-فەرمون وەرنە ژوورەوە. ببوورە بەڕێز ئادیۆس، بەڵام دەبوایە لە ناسنامەی هاوڕێیەکانت دڵنیا ببمەوە.

کە چووینە ناوەوە بینیمان ڕێڕەوێکی بەرداڕێژراو بەرەو خانووەکەمان دەبات. خانوویەکی چوارگۆشەیی سادە بوو، تایبەت نەبوو، وە بە تەواوی کەوتبووە ناو نوقمی تاریکییەوە، جگە لەو پەنجەرەیەی نهۆمی سەرەوە کە ڕووناکی مانگی دەدایەوە. لێتان ناشارمەوە کە مرۆڤ لەم جۆرە ساتانەدا جۆرە ترسێک دەیگرێت. خانوویەکی وەها گەورە و تاریک نیگەرانی ترس و دەخاتە دڵی هەموو کەسێکەوە. تەنانەت (ئادیۆش)یش ترسابوو، ئەو دەستەی کە چرایەکەی هەڵگرتبوو دەلەرزی. دواتر ئادیۆس گوتی: لەمە تێناگەم، بە برایەکەم گوتبوو کە دێمە لای، بەڵام نازانم بۆچی ژوورەکەی وا تاریکە، بەڕاستی سەیرە!

هۆڵمز پرسی: ئایا بۆ ئەو شتێکی ئاساییە کە بەم شێوەیە پارێزگاری لە خۆی بکات و پاسەوان دانێت؟

بەڕێز ئادیۆس وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵێ، هەمان خووی باوکی کۆچکردوومانی هەیە. شایەنی باسە کە باوکم زۆری خۆش دەویست، تەنانەت بڕوام وایە کە هەندێک شتی بەو دەگوت و بە منی نەدەگوت. بەهەرحاڵ ڕووناکییەک لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی دەدرەوشێتەوە، بەڵام دیارە کە ڕووناکییەکە لە ژوورەوە نایەت. (هۆڵمز)یش گوتی: ڕاست دەکەیت، بەڵام ڕووناکییەک لە پەنجەرەی ژووری نزیکی ئەوەوە دەبینم .

-ئەوە ژووری خزمەتکاری ماڵەکەیە، ئەو ژوورەیە کە خاتوو (بێرنستن)ی تێیدا نیشتەجێیە. دڵنیام کە ئەو زانیاری لەسەر ئەم بارودۆخە هەیە. بەڵام تکایە لێرە چاوەڕێ بکەن تاکو دەچمە لای، ئەگەر هەمووومان پێکەوە ببینێت، ئەوا لەوانەیە بترسێت... چاوەڕێکەن، ئەو دەنگە چییە؟!

بەڕێز ئادیۆس بە ڕاددەیەک ترسابوو کە دەستەکانی بە تەواوی دەلەرزین، خاتوونە گەنجەکەش مەچەکی منی گرت بەوەی کە ترسا. دواتر هەموومان بە بێدەنگی لە شوێنی خۆمان وەستاین و گوێمان بۆ ئەو دەنگە گرت. لەو تاریکی شەوەدا گوێمان لە یەکێک خەماویترین و ناڕەحەتترین دەنگەکان بوو، ئەوە دەنگی ئافرەتێکی دڵتەنگ و ترساو بوو.

بەڕێز ئادیۆس دەنگی ئەوی ناسییەوە و گوتی: ئەوە دەنگی خاتوو (بێرنستن)ە ! بۆیە دەیناسمەوە چونکە تاکە ئافرەتی ئەم ماڵەیە. دەڕۆمە لای، ئێوە لێرە چاوەڕێ بکەن.

دواتر بە خێرایی ڕۆیشتە لای دەرگایەکە و بە شێوازە تایبەتەکەی لە دەرگای دا. دواتر دەرگایەکە کرایەوە و ئافرەتێکی پیری باڵابەرز دەرکەوت، کە (ئادیۆس)ی بینی خەریک بوو لە خۆشیا ببوورێتەوە. گوێمان لە دەنگی خۆشحاڵی ئەو بوو کە دەیگوت: بەخێربێیت بەڕێز ئادیۆس ! خۆشحاڵم بەوەی کە لێرەیت!

دواتر هەردووکیان چوونە ژوورەوە و دەرگایەکە داخرا، ئیتر دەنگیان نەما. باش بوو کە چرایەکەی بۆ بەجێ هێشتین، هۆڵمز چرایەکەی هەڵگرت و سەیری دەوروبەری خانووەکەی کرد، تێبینی کرد کە زبڵێکی زۆر لە دەوری خانووەکەیە. من و (ماری)ش لەو ساتەدا هەر پێکەوە بووین، دواتر مەچەکی بەردام و دەستی گرتم. بەڕاستی خۆشەویستی شتێکی سەیرە، ئێمە کە هەرگیز پێش ئەمڕۆ یەکتریمان نەبینی بوو، ئەوا لە ساتێکی وەها سامناکدا پەنامان بۆ یەکتری برد و دەستی یەکمان گرت. ڕاستیتان بوێت هێشتا ئەوەم لا سەیرە، بەڵام لەو کاتەدا پێم شتێکی ئاسایی بوو کە کارێکی لەم شێوەیە بکەم. دواتر ئەویش پێی گوتم کە بۆیە دەستی گرتم تاکو هەست بە ئارامی و سەلامەتی بکات. بەم شێوەیە وەکو دوو منداڵ دەستی یەکمان گرت، بە هۆی ئەمەوە سامناکی تاریکیمان لەبیرچۆوە و دڵمان ئارام بۆوە. دواتر ماری گوتی: ئێرە بەڕاستی شوێنێکی سەیرە!

دەڵێیت هەرچی جرج لە ئینگەلترا هەیە لێرەیان کردووە، شوێنێکی هاوشێوەی ئێرەم لە نزیک گردێک لە شاری بالارات بینی، لەوێ کانی لێبوو (مەبەستی لە کانی خەڵووز یان گەواهیرە-وەرگێڕ).

(هۆڵمز)یش گوتی: ئەمە پاشماوەی گەڕانە بە دوای ئەو گەنجینەدا، بیرتان بێت کە ئەوان بۆ ماوەی شەش ساڵ بە دوایدا گەڕاون. بۆیە شتێکی سەیر نییە کە ئێرە بەم شێوەیەی لێ هاتووە.

لەو ساتەدا بەڕێز ئادیۆس هاتە دەرەوە، ترسێکی تەواو بوونی داگیر کردبوو، دواتر گوتی: برایەکەم کێشەیەکی هەیە ! بەرگەی ئەمە ناگرم!

ئادیۆس زۆر ترسابوو، ڕێک لە منداڵێکی بچووکی تۆقیو دەچوو. دوای ئەمە هۆڵمز گوتی: با بچینە ژوورەوە.

ئادیۆش بەمە زۆر دڵخۆش بوو و گوتی: ڕاست دەکەیت ! باشترە بە قسەی ئەو بکەن بەوەی کە ئێستا توانستی ڕێنمایی کردنم نییە.

چووین و ڕێک بەرەو ژووری خزمەتکارە پیرەکە بەڕێکەوتین کە لە لای چەپی ڕێڕەوەکە بوو. خزمەتکارە پیرەکە دیار بوو کە بە تەواوی تۆقی بوو، بە هۆی شپرزەیی زۆرەوە هەر دەهات و دەچوو. بەڵام کاتێک خاتوو (مۆرستن)ی بینی، ئەوا دیار بوو کە کەمێک ئارام بۆوە. کاتێک ئەوی بینی، ئەوا بە گریانێکی زۆرەوە گوتی: سوپاسی خوا دەکەم کە ئەم ڕووخسارە میهرەبانەی تۆم بینی ! بە هۆی تۆوە کەمێک ئارامی کەوتە دڵمەوە. ئەمڕۆ بەڕاستی ئازاری زۆرم چەشت.

خاتوو مۆرستن دەستی لەسەر دەستی دانا و دڵنەوایی دایەوە، بەم شێوەیە کەمێک وزە بۆی گەڕایەوە. دوای ئەوەی خزمەتکارەکە ئارام بۆوە، ئەوا دەستی بە قسە کرد و گوتی: گەورەکەم دەرگای لەسەر خۆی داخستووە و وەڵامم نەداتەوە. ئەمڕۆ هەر چاوەڕێم کرد تاکو بانگم بکات، بەڵام دەنگی نەبوو. شایەنی باسە کە ئەم کارە زۆر دەکات، بەڵام ئێستا نیگەرانم کە شتێکی بەسەر هاتبێت. بۆیە چوومە سەرەوە و لە کونی کلیلەکەوە سەیری ژوورەکەیم کرد، دەبێت خۆت سەیری بکەیت ئادیۆس ! دەبێت خۆت بڕۆیت و سەیری بکەیت تاکو بڕوام پێ بکەیت ! لە ماوەی ئەم دە ساڵە کە لەناو ئەم خانووەدا کارم کردووە، ئەوا بەڕێز (بارثلۆمیۆ)م بە چەندین شێوە بینیوە، دڵخۆشی و دڵتەنگی و توڕەیی و هتد، بەڵام هەرگیز بەم شێوەیەم نەبینیوە!

دوای ئەم قسەیە شێرلۆک چرایەکەی هەڵگرت و پێشڕەوی کرد، ئادیۆس بە ڕاددەیەک ترسابوو کە نەیدەتوانی هەستێتە سەر پێیەکانی، بۆیە قۆڵیم گرت و پێکەوە سەرکەوتین. لە ڕێگای سەرکەوتنماندا (هۆڵمز)م بینی کە هاوێنەکەی دەرهێنا تاکو چەند پەڵە خۆڵێکی سەر فەرشی پلیکانەکان بە وردی بپشکنێت، ئەوەم لا گرنگ نەبوو، چونکە نەمدەزانی کە ئەوانە چ گرنگییەکیان هەیە. بەهەرحاڵ بە هێمنی و بە شێوەیەکی ورد پلیکانە بە پلیکانەی دەپشکنی. خاتوو مۆرستن و خزمەتکارە پیرەکەش لە دواوە بە ترسەوە بە دوامان دەکەوتن. لە کۆتاییدا گەیشتینە کۆتایی پلیکانەکان و ڕێڕەوێکی دوور و درێژمان بینی کە دیوارێکی نەسیجێکی هیندی لەسەر کێشرابوو، لە لای چەپیش سێ دەرگا هەبوون. هۆڵمز بە هەمان شێوازە هێواشەکەی ئێمەی ڕێنوێنی کرد، ئێمەش بەدوای کەوتین. دەرگای سێیەم مەبەستی ئێمە بوو، هۆڵمز لە دەرگای دا، بەڵام دەرگایەکە نەکرایەوە.

دواتر هەوڵیدا بیشکێنێت، بەڵام دەرگایەکە لە ناوەوە بە ڕاگرێکی بەهێز پاڵپشتی کرابوو، ئەوەمان کاتێک زانی کە چرایەکەمان نزیک کردەوە. بەهەرحاڵ کلیلی ناو قوفڵەکە بادرابوو، بۆیە کونەکەی بە تەواوی نەگیرا بوو. هۆڵمز کەمێک چەمایەوە و لە ڕێگەی کونەکەوە سەیری ناوەوەی کرد، دواتر هەستایەوە سەرپێ و بە شێوەیەکی هەست بزوێن گوتی: دڵنیام کە شتێکی خراپ ڕوویداوە واتسن، ئەی ڕای تۆ چییە؟

کە ئەمەی گوت ئەوا منیش چەمامەوە تاکو لە ڕێگەی کونی کلیلەکەوە سەیری ژوورەوە بکەم. دیمەنێکم بینی کە هەرگیز لەبیری ناکەم ! کە سەیری ناوەوەم کرد، ئەوا تێبینی ئەوەم کرد کە ڕووناکی مانگ باڵی کێشاوە بەسەر ڕووخسارێکدا. ڕووخسارێک کە وەکو تارمایی وابوو. کە سەیری ڕووخسارەکەم کرد، ئەوا بینیم کە هەمان ڕووخساری (ئادیۆس)ی هەیە، زەردخەنەیەکی سامناک کە هێشتا تووشی مووچرکم دەکات لێوەکانی داپۆشی بوو. شایەنی باسە کە ئاوڕم دایەوە تاکو دڵنیابم کە ئەوە خودی ئادیۆس نییە ! دواتر گوتم: بەڕاستی سامناکە ! چی بکەین؟ هۆڵمز پێشنیار کرد

که دەرگایەکە بشکێنین. هەردووکمان یەک دوو سێمان لێ کرد و خۆمان بە دەرگایەکەدا کێشا، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیە دووبارەمان کردەوە، جاری دووەم شکا. بەم شێوەیە چووینە ژووری بارثلۆمیۆ شولتۆ. وادیار بوو کە ژوورەکە بۆ تاقیکردنەوەی کیمیایی ئامادەکرابوو، چونکە ڕیزێک شووشەی تاقیکردنەوەمان لەسەر ڕەفی دیواری بەرامبەر دەرگایەکە بینی، هەروەها ئاگردانێکی بچووک و چەندین کەرستەی تاقیکردنەوەمان لەسەر مێزەیەک بینی، وە لە سووچێکدا کۆمەڵە شووشەیەکمان بینی کە ماددەی کیمیایی تێدابوون. دیاربوو کە یەکێک لە شووشەکان شکابوو و مادده کیمیاییەکەش دزەی کردبوو چونکە ژوورەکە بۆنێکی تێدا بڵاو بووبۆوە کە لە بۆنی تار دەرچوو. شایەنی باسە کە لە گۆشەیەکی ژوورەکە پلیکانەیەک دانرابوو، لە دەوری پلیکانەکە کۆمەڵێک تەختەی شکاوی لێ بوو، هەروەها گوریسێکیش بە بێ باکی لە نزیک پلیکانەکەوە فڕێدرابوو. لە نزیک مێزەکە کورسییەکی دارینی لێ بوو کە پیاوێک لەسەری ڕاکشابوو. سەری پیاوەکە بەرەو لای شانی چەپ چەمابۆوە، ئەو زەردەخەنە سامناکەش ڕووخساری داپۆشی بوو. کاتێک پشکنیمان، ئەوا دەرکەوت کە جەستەی ساردە، ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ئەو ماوەی چەندین کاژێرە مردووە. تەنیا ڕووخساری سەیر نەبوو، بەڵام شێوازی پەلەکانی جەستەشی سەیر بوون. لە سەر مێزەکەی نزیک دەستی دارێکی قاوەیی لووس و سەیر هەبوو کە سەرەکەی وەکو سەری کوتک وابوو، بە شێوەیەکی ناڕێک گوریسێکی پێوە بەسترابوو. لە نزیک دارەکەش پارچە کاغەزێکی لێ بوو، دواتر هۆڵمز سەیری کرد و پشکنی. دوای ئەوەی کە پشکنی، ئەوا بە منی دا و برۆی بەرز کردەوە و گوتی: ئەمە نامۆ نییە، وایە؟

منیش سەیری پارچە کاغەزەکەم کرد، ئەمەی لەسەر نووسرابوو: هێمای ژمارە چوار. دواتر گوتم: ئای خوایە ! ئەمە مانای چییە؟

لە کاتێکدا کە لاشە مردووەکەی دەپشکنی گوتی: ئەمە تاوانی کوشتنە... دەمزانی، سەیرکە.

هۆڵمز ئاماژەی بە شتێک دا کە لە دڕکێکی ڕەنگ تۆخ دەچوو، ئەو دڕکە لە پێستی سەروو گوێی پیاوەکە درابوو.

منیش گوتم: دیارە کە دڕکە.

(هۆڵمز)یش گوتی: ڕاست دەکەیت، ئەمە دڕکە. دەتوانیت دەری بێنیت، بەڵام وریابە چونکە ژەهراوییە!

بە وریاییەوە بە پەنجەی دۆشاوەمژە و پەنجەی شایەتمان بە ئاسانی دەرمهێنا. کە دەرمهێنا، ئەوا تەنیا خاڵێکی بچووکی خوێن لە شوێن پێستی دڕکەکەوە دەرکەوت.

دوای ئەمە گوتم: ئەم دۆسیەیە بە پێی کات ئاڵۆزتر و ئاڵۆزتر دەبێت، نەوەکو ڕوونتر .

-بە پێچەوانەوە، بەڵکو بە پێی کات ڕوونتر دەبێتەوە، ئێستا تەنیا پێویستم بە هەندێک بەڵگەی ترە تاوەکو دەرەنجامی دۆسیەکە بخەمە ڕوو.

شایەنی باسە کە بە هۆی ئەم ڕووداوەوە بوونی (ثادیۆس)مان لەبیر کردبوو. ئەو لە لای دەرگایەکە وەستابوو و بە شپرزەییەوە دەستەکانی دەگووشی. بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، بەڵام لەپڕ هاواری کرد و گوتی: گەنجینەکە ! گەنجینەکەیان دزیوە ! ئەمە ئەو کونەیە کە لێیەوە گەنجینەکەمان هێنایە خوارەوە، من خۆم لەوەدا یارمەتیم دا. دوێنێ شەو ئەوم جێهێشت و لە دوای خۆمەوە بیستم کە دەرگای ئەم ژوورەی داخست .

-ئەوە کاژێر چەند بوو؟

-ڕێک کاژێر دە بوو. ئەو مردووە، ئێستا پۆلیسەکان دێن و دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن، دواتر دەڵێن کە من دەستم لە کوشتنی ئەودا هەبووە، دڵنیام کە وا دەڵێن. بەڵام ئێوە ئەو بڕوایەتان نییە، وایە بەڕێزان؟ پێتان وانییە کە من بووبم، وایە؟ ئەگەر من بووبم، ئەوا ئاگادارم نەدەکردنەوە، وایە؟ ئای خوایە ! ئای خوایە ! خەریکە شێت دەبم!

دوای ئەم قسانە بە هۆی توڕەیی و دڵتەنگییەکی زۆرەوە بە شێوەیەکی بەهێز پێیەکانی لە زەوی دا.

دواتر هۆڵمز دەستی لەسەر شانی دانا و گوتی: نیگەران مەبە بەڕێز ثادیۆس، ئێستا بڕۆ پۆلیس ئاگادار بکەوە، دواتریش بە پێی توانا یارمەتییان بدە. ئێمەش لێرە چاوەڕێت دەکەین.

پیاوەکورتەباڵایەکەش بە سەرسامییەوە قسەکانی بەجێهێنا و بەڕێکەوت.

## بەشی شەشەم

## شێرلۆک شیکردنەوەیەک دەخاتە ڕوو

هۆڵمز بە پەرۆشییەوە دەستەکانی دەگووشی، دواتر گوتی: زۆرباشە واتسن، نیو کاتژێرمان لەبەر دەستە، با بە باشی بیر بکەینەوە. وەکو گوتم، خەریکە دۆسیەکە کۆتایی پێدێت، بەڵام نابێت لەخۆبایی ببین و هەڵە بکەین. ڕاستە کە دۆسیەکە ساکار دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەری هەیە کە نهێنی قووڵی هەبێت.

کە ئەمەم بیست بە سەرسامییەوە گوتم: ساکار؟!

وەکو ئەوەی مامۆستایەکی بەشی پزیشکی بێت کە وانە بۆ قوتابییەکانی شیدەکاتەوە گوتی: بەڵێ، ئێستا بڕۆ لەو گۆشەیە دانیشە تاکو شوێن پێیەکانت شوێن پێیەکانی تر تێک نەدات. با دەست پێکەین ! پرسیاری یەکەم: چۆن توانیان بێنە ژوورەوە و بچنە دەرەوە؟ دەرگایەکە لە دوێنێوە نەکرابۆوە، ئەی چی دەربارەی پەنجەرەکە؟

لەگەڵ ئەم قسەیە چرایەکەی هەڵگرت و بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت. دواتر هەندێک تێبینی بە دەنگێکی بیستراو گوت، هەڵبەتە قسەی لەگەڵ من نەدەکرد، بەڵکو قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد .

-پەنجەرەکە لە ناوەوە بە قوفڵێک داخراوە، چوارچێوەیەکی بەهێزیشی هەیە. با بیکەینەوە. ئاشکرایە کە بۆڕی ئاو بێرەدا نایەت، هەروەها هیچ ڕێگایەکیش بەرەو سەربان نییە. بەڵام یەکێک هەر توانیویەتی لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە بێتە ژوورەوە. شەوی ڕابردوو کەمێک باران باری، بۆیە شوێن پێیەک لەسەر ڕۆخی پەنجەرەکەوە دیارە، هەروەها هێمایەکی بازنەیی لەسەر قوڕەکە دیارە، بە هەمان شێوە لێرە و لە نزیک مێزەکەش. ئەمە دەبینیت واتسن؟ ئەمە بەڵگەیە!

کە باسی ئەمانەی کرد، ئەوا سەیر ئەو هێما بازنەییەم کرد، دواتر گوتم: ئەمە شوێن پێ نییە .

-ئەمە لە شوێن پێش گرنگترە، ئەمە شوێن پێی قاچێکی دارینە. سەیری پەنجەرەکە بکە، لەسەر ڕۆخەکەی شوێن پێی پێڵاوێکی درێژی قولەپێی ئاسنینی قورس دیارە، لە نزیک ئەویش هێمایەکی بازنەی دیارە کە شوێن پێی قاچێکی دارینە .

-کەوایە هی ئەو پیاوە قاچ دارینەیە کە باسی لێوەکرا .

-ڕاستت فەرموو، بەڵام ئەوەش بزانە کە یارمەتیدەرێکی لێزان و بەهێزیشی لەگەڵ بووە. ئایا دەتوانیت بەسەر ئەو دیوارەدا سەربکەویت دکتۆر؟

دواتر چوومە لای پەنجەرەکە و سەیری خوارەوەم کرد. ڕووناکی مانگ تیشکی خستبووە سەر ئەو بەشەی کە ئێمەی لێ بووین. لە بەرزایی شەست پێیەوە بووین، بەڵام نەمتوانی زەمینەکە ببینم بەوەی کە لە شوێنێکی بەرز بووین و تاکو ڕاددەیەکیش تاریک بوو. بەهەرحاڵ دواتر گوتم: نەخێر، ئەمە مەحاڵە .

-بێ یارمەتی مەحاڵە. بەڵام بیهێنە پێش چاوی خۆت کە کەسێک لە سەرەوە گوریسەکەت بۆ هەڵدا و تۆش سەر بکەویت. پیاوە قاچ دارینەکەش بە هەمان شێوە سەرکەوتووە. دواتریش هەر لە ڕێی پەنجەرەکەوە چۆتە دەرەوە و ئەوەی تریش ماوەتەوە تاکو گوریس و قولاپەکە لابەرێت و پەنجەرەکەش لە ناوەوە داخات، دواتر ئەویش ڕایکردووە.

تێبینی ئەوەم کرد کە بە پەنجەکانی گوریسەکەی دەپشکنی، دواتر گوتی: بەڵام شتێکی سەیر هەیە... پیاوە قاچ دارینەکە هەڵگەڕیوێکی باش بووە، بەڵام دەریاوانێکی باش نەبووە، بۆیە ئەمەش دەڵێم چونکە دەستەکانی گرژ نەبوون. بە هاوێنەکەم تێبینی چەند پریچکە خوێنێکم لەسەر گوریسەکە کرد، بە تایبەتی لە بەشی کۆتایی. ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە پێستی دەستی لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە گوریسەکە لێ بۆتەوە .

-زۆرباشە، بەڵام ئەمە دۆسیەکە ئاڵۆزتر دەکات. ئەی چی دەربارەی یارمەتیدەرەکە؟ ئەو چۆن هاتۆتە ژوورەوە؟

-چەند سەرنجێکم لەسەر ئەو یارمەتیدەرە هەیە ! ئەو بەڕاستی ئەم دۆسیەیەی نامۆ کردووە. شایەنی باسە کە ئەم پیاوەی یارمەتی داوە تاوانبارێکی تازەیە و دۆسیەی لەم شێوەیە نەبینراوە. بەڵام دەتوانم بڵێم کە لێکچوونێک لەگەڵ دۆسیەیەکی تر هەیە لە هیندستان. ئەگەر هەڵە نەبم لە سینیجیامبیا بوو .

-بەڵام نەتگوت کە چۆن هاتۆتە ژوورەوە. دەرگا و پەنجەرەکە داخرابوون، ئایا لە ڕێگەی دوکەڵکێشەکەوە هاتۆتە ژوورەوە؟

-بیرم لەوە کردبۆوە، دوکەڵکێشەکە زۆر بچووکە .

-ئەی چۆن؟

سەری لەقاند و گوتی: تۆ پەیڕەوی یاسایەکەم ناکەیت. چەندجار پێویستە دووبارەی بکەمەوە کە کاتێک ئەگەرە مەحاڵەکان لادەبەیت، ئەوا کام ئەگەر مایەوە، ئەوا بزانە ڕاستییەکەیە، تەنانەت کە ئەگەری ڕوودانەکەش کەم بێت. ئێمە دەزانین کە لە ڕێگەی دەرگایەکەوە یان پەنجەرەکەوە یان دوکەڵکێشەکەوە نەهاتۆتە ژوورەوە، لە ژوورەکەش نەماوەتەوە تاکو خۆی حەشار بدات، چونکە ئێرە شوێنێکی نییە تاکو توانیبێتی خۆی لێ حەشار بدات. ئەی کەوایە چۆن هاتۆتە ژوورەوە؟

-کەوایە دەبێت لە ڕێگەی کلاوڕۆژنەکەوە (کون یان دەرگای دەرەوەی سەقف-وەرگێڕ) هاتبێتە ژوورەوە !

-بە دڵنیاییەوە لەوێوە هاتووە. بەهەرحاڵ، تکایە ئەم چرایەم بۆ بگرە، دەبێت بچینە سەرەوە و ئەو ژوورە نهێنییەی کە گەنجینەکەی لێ دۆزراوەتەوە بپشکنین.

بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتین، دواتر هۆڵمز ڕووی کردە کونی سەقفەکە، کە بینی، ئەوا بازیدا و دەستی بە ڕاگرێکی دارین گرت و خۆی بەرز کردەوە، دواتر ڕاکشایە سەر زگی و چرایەکەی لێ سەندم، منیش بە هەمان شێوە بەدوای کەوتم. مەودای بەشێکی ژوورە نهێنییەکە دوازدە پێ بوو، بەشەکەی تریش شەش پێ بوو. زەمینی ژوورەکە لە چەند ڕاگرێکی دارین دروستکرابوو کە چینێکی تەنکی تەختەی لەسەر دانرابوو، لەبەر ئەوەی چینەکە تەنک بوو، ئەوا دەبوایە بەسەر ڕاگرەکاندا ڕۆیشتباین. شایەنی باسە کە سەقفەکە بە شێوەیەکی هەڕەمی بەرەو کۆتاییەکەی بەرز دەبۆوە و خودی ژوورەکەش بەشێکی دانەبڕاوی خانووەکە بوو. ژوورەکە هیچ جۆرە کەلوپەلێکی لێ نەبوو و تۆزێکی زۆر زەمینەکەی داپۆشی بوو، ئەوەش لە ئاکامی ساڵەهایەک کە خاوێن نەکرابۆوە.

هۆڵمز کاتێک دەستی لەسەر دیواری سەقفە لارەکە دانا گوتی: ئەمەتا، ئەمە ئەو دەرگایەیە کە دەرەوەت نیشان دەدات. ئەگەر بیکەمەوە، ئەوا ڕێک سەربانەکە دەبینین کە کەمێک لار بۆتەوە. کەوایە پیاوی یەکەم بەم شێوەیە هاتۆتە

ژوورەوە، ئێستا با بە دوای وردەکاری تردا بگەڕێین.

چرایەکەی ڕووکردە زەمینەکە و کەمێکی پشکنی، دواتر سەیرم کرد کە چاوەکانی زەق بوون و تووشی سەرسامی بووە، ئەمە دووەم جار بوو کە لەو شەوەدا بەم شێوەیە بیبینم. کاتێک سەیری ئەو شوێنەم کرد کە ئەو سەیری دەکرد، ئەوا مووچرک بە جەستەمدا هات. لەسەر زەمینەکە شوێن پێی ڕوون و ئاشکرا دیار بوون، بەڵام قەبارەی پێیەکان نیوەی قەبارەی پێی ئاسایی بوون. بۆیە کە ئەمەم بینی، ئەوا گوتم: ئایا منداڵێک کارێکی وەها قێزەونی کردووە؟

-زۆری پێ نەچوو کە هاتەوە سەر خۆی و گوتی: بۆ ساتێک هزرم تێکچوو، بەڵام ئەمە شتێکی ئاساییە. با بڕۆینە خوارەوە، ئێرە هیچی تری نەماوە تاکو بیپشکنین.

کاتێک چووینە خوارەوە بە شێلگیرییەوە پرسیم: کەوایە ڕات لەسەر ئەو شوێن پێیانە چییە؟

وەکو ئەوەی بڵێیت کە بە نائارامی قسە بکات گوتی: (واتسن)ی ئازیزم، خۆت کەمێک بیری لێ بکەوە و شیبکەوە. تۆ لە شێوازەکانی مندا شارەزایت، بۆیە جێبەجێیان بکە و دڵنیابە کە دەگەیت بە ئەنجامێک .

-ناتوانم هیچ جۆرە دەرەنجامێک بخەمە ڕوو.

بێ بیرکردنەوە گوتی: بەمزووانە لە هەموو شتێک تێدەگەیت. باوەڕ ناکەم کە ئێرە هیچ شتێکی گرنگی لێ مابێت، بەڵام وەکو دڵنیایی هەر دەگەڕێم.

دواتر هاوێنەکەی و پێپی پێوانەکردنی هێنایە دەرەوە و ژوورەکەی بە وردی پشکنی، ڕێک وەکو سەگێکی پۆلیسی کە بە دوای شتێکدا دەگەڕێت. لەو ساتەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە چی دەبوو ئەگەر تاوانبار بووایە و لە دژی یاسا کاری کردبا، بەڕاستی مەترسیدار دەبوو. بەهەرحاڵ لە کاتی پشکنیندا قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد و هەر دەهات و دەچوو. دوای ماوەیەک وەستا و زەردەخەنەیەک لێوەکانی گرت .

-بەڕاستی بەختێکی باشمان هەیە، خەریکە کێشەکەمان کۆتایی پێدێت. پیاوەکە پێی لە ماددەی کریۆزوت ناوە، وەکو دەبینیت کە شوێن پێیەکەی لە نزیکی ئەو مادده بۆن پیسەیە. دیارە کە شووشەکە دزری داوە و ئەو ماددەیەی لێ هاتۆتە دەرەوە .

-جا ئەمە چ گرنگییەکی هەیە؟

-مەبەستم لەوەیە کە پیاوەکە کەوتە دەستمان، سەگێک دەناسم کە لە ڕێگەی لووتییەوە دەتوانێت شوێنی ئەم پیاوە بدۆزێتەوە ئەگەر بێتو لەوپەڕی جیهانیش بێت. چاوەڕێکە... پۆلیسەکان هاتن!

لەو کاتەدا گوێمان لە ژاوە ژاوێکی زۆر بوو کە لە نهۆمی خوارەوە دەنگی دەهات .

-خێرا قۆڵ و قاچی ئەم داماوە بپشکنە، هەست بە چی دەکەیت؟

-ماسوولکەکانی وەکو تەختەیەک دار ڕەق بوون .

-ڕاستت فەرموو، ماسوولکەکانی تووشی گرژییەکی زۆر بوون، گرژییەک لە سەروو ئاسایی. هەروەها با ئەو پێکەنینە سامناکەشی لەبیر نەکەین، شایەنی باسە کە لە پەرتووکە کۆنەکان بە "زەزەز سەردوونی" ناسراوە، ئەمە چیت بۆ دەردەخات؟

-هۆکاری مەرگەکەی بریتییە لە ماددەیەکی تفتی ڕووەکی، ماددەیەکی هاوشێوەی ستریکنین کە تووشی نەخۆشی "کۆپانە"ت دەکات (بە "ئەسکەرپووت"یش ناسراوە-وەرگێر).

-هاوڕام، هەر کە ڕووخساریم بەو شێوەیە بینی، ئەوا ئەوم پشکنی تاکو بزانم چۆن ژەهراوی کراوە. شێوازی چوونە ناوەوەی ژەهرەکەش بۆ ناوەوەی پێستی ئەو ئاشکرایە، وەکو بینیت کە دڕکێک بە هێزێکی مامناوەند لە سەروو گوێی درابوو. شایەنی باسیشە کە ئەوەی لێیداوە لەسەر کڵاوڕۆژنەکەوە لێیداوە بەوەی کە ئەو بەشەی دڕکەکەی بەر کەوتووە لە بەرامبەری ئەودا بووە. ئێستا دڕکەکە بپشکنە.

بە وریاییەوە هەڵمگرت و لە ژێر ڕووناکی چرایەکەم دانا. بینیم کە دڕکێکی ڕەش و درێژە، نووکەکەی تاکو ڕاددەیەش دەدراوشەوەیە، وەکو ئەوە وابوو کە ماددەیەکی چەسپی لێ درابێت و دواتریش وشک بووبێتەوە .

-ئایا ئەم دڕکە لە ئینگەلترا درووست کراوە؟

-بەڵێ گەورەم !

-بەڕێز شولتۆ بهێنە بۆ ئێرە.

دواتر لێکۆڵەرەکە (ثادیۆس)ی هێنا و (ئاسلنی جۆنز)یش گوتی: بەڕێز شولتۆ، هەرشتێک کە بیڵێیت، ئەوا ئەگەری هەیە لە دژت بەکاربێت. بە تۆمەتی تێوەگلان لە کوشتنی برایەکەت بە ناوی شاژن قۆڵبەستت دەکەم.

پیاوە داماوەکە بە شپرزەیی سەیری ئێمەی کرد و هاواری کرد: خۆ پێم گوتن!

(هۆڵمز)یش گوتی: نیگەران مەبە بەڕێز شولتۆ، بڕوام وایە کە دەتوانم بێ تاوانی تۆ بسەلمێنم .

-بەڵێنی گەورە مەدە بەڕێزم، چونکە لەوانەیە ئەم کارەت لەوە قورستر بێت کە چاوەڕێی دەکەیت .

-نەوەکو تەنیا بێ تاوانی ئەو پیاوە دەسەلمێنم، بەڵکو ناو و وردەکارییەکانی ئەو دوو پیاوەشت پێ دەڵێم کە لەم تاوانەدا بەشدار بوون. بڕوام وایە کە یەکێکیان ناوی (جانسن سمۆل)ە، کەمێکی خوێندووە، پیاوێکی بچووک و چالاکە، قاچی چەپی بڕاوەتەوە، بۆیە قاچێکی دارینی لە جێگا داناوە. پێڵاوی چەپی پێڵاوێکی درێژی نووک چوارگۆشەیی سۆڵ پتەوە. لە دەوری قولەپێیەکەی زنجیرێکی ئاسنینی بەستووە. تەمەنی لە سەروو چل ساڵەوەیە و پێشووتریش زیندانی کراوە. شایەنی باسیشە کە پێستێکی زۆری لەپەکانی ڕووشاوە، ئەم وردەکارییانە یارمەتیدەر دەبن تاکو بتوانن بیدۆزنەوە، سەبارەت بە یارمەتیدەرەکەشی...

لێکۆڵەرە قەڵەوەکە بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە گوتی: چی؟ بیڵێ.

شایەنی باسە کە سەرەڕای ئەوەی لێکۆڵەرە قەڵەوەکە بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە وای گوت، بەڵام ئاشکرابوو کە بە وردەکارییەکانی هۆڵمز سەرسام بوو .

-ئەویان بەڕاستی جێی سەرنجە، بەو هیوای کە بەمزووانە بتوانم لە نزیکەوە ئەوانتان پێ بناسێنم. واتسن، دەتوانم بە تەنیا قسەت لەگەڵدا بکەم؟

دواتر چووینە سەر پلیکانەکان و گوتی: ئەم ڕووداوە لەناکاوە وای کردووە کە ئامانجی سەرەکیمان لەبیر بکەین .

-ڕاستت فەرموو، منیش بیرم لە هەمان شت دەکردەوە. شتێکی باش نییە کە خاتوو مۆرستن بە تەنیا لەمماڵەدا بمێنێتەوە .

**-ڕاست دەکەیت، خاتوو مۆرستن لەگەڵ خاتوو سیسل فۆرستر لە لویر کامبرویل دەژیت، لێرەوە دوور نییە، بۆیە بیبەوە بۆ ماڵەوە. کە گەڕاندتەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا لێرە چاوەڕێت دەکەم، ئەگەریش ماندوویت، ئەوا تۆش بگەڕێوە بۆ ماڵەوە و پشوو بدە .**

**-نەخێر، باوەڕ ناکەم کە پێش زانینی وردەکاری تر بتوانم پشوو بدەم. دەزانم کە ژیان چەندین سووچی تاریکی تێدایە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمشەو منیان بە تەواوی شپرزە کردووە. بەڵام مادام گەیشتووینەتە ئەم ئاستە، ئەوا دەمەوێت تاکو کۆتایی لەگەڵتدا بەردەوام بم .**

**-بوونی تۆ لێرە بۆم یارمەتییەکی گەورە دەبێت. پێکەوە نهێنییەکانی ئەم دۆسیەیە ئاشکرا دەکەین، با (جۆنز)یش بە ویستی خۆی بە دوای ئەو بیرکردنەوە خەیاڵیانە بکەوێت. گوێبگرە... هەر کە خاتوو (مۆرستن)ت گەڕاندەوە ماڵەوە، ئەوا دەمەوێت بچیت بۆ ئەم ناونیشانە: خانووی ژمارە سێ لە شەقامی پێنشن لین، لە نزیک کەنار ڕووباری "لامبیث"ە. خانووی سێیەمی لای ڕاست هی پیاوێکە بە ناوی شێرمان، لەسەر پەنجەرەکەی وێنەی راسۆیەک کێشراوە کە کەروێشکێکی گرتووە. لە دەرگا بدە و لە خەو هەڵی بستێنە، سڵاوی منی پێ بگەیەنە و بڵێ هەر ئێستا (تۆبی)م دەوێت، دواتریش تۆبی لەگەڵ خۆت بهێنە .**

**-تۆبی سەگە، وایە؟**

**-تۆبی سەگێکی دووڕەگی نائاساییە، خاوەن لووتێکی ناوازەیە. پێم باشترە کە تۆبی یارمەتیم بدات نەوەکو هێزەکانی لەندەن .**

**-زۆرباشە، ئێستا کاژێر یەکە، ئەگەر ئەسپەکە خێرا بێت، ئەوا پێش کاژێر سێ دەیهێنم .**

**-منیش هەوڵ دەدەم زانیاری زیاترم لە لایان خاتوو (بێرنستن)وە دەست بکەوێت، هەروەها ئەو خزمەتکارە هندووسییەش کە ثادیۆس گوتی لە ژووری بەرامبەردا نیشتەجێیە. دواتریش بۆ خۆشی گوێ لە جۆنز دەگرم تاکو بزانم چی دەڵێت، ئەو هەمیشە زمانێکی درێژی هەبووە.**

# بەشی حەوتەم

## ڕووداوی بۆشکەکە

دواتر خاتوونە گەنجەکەم برد و پێکەوە بەو گالیسکە بەکرێگیراوە ڕۆیشتین کە پۆلیسەکان بۆیان هێنابووین. شایەنی باسە کە پێش ئەوەی سەرکەوین، ئەوا زۆر هێمن بوو، کاتێک لای خزمەتکارەکە بوو، ئەوا زەردەخەنەی دەکرد و دڵنەوایی دەدایەوە. بەڵام هەر کە سەرکەوتە ناو گالیسکەکە، ئەوا ڕەنگی تێکچوو (دەربڕینی وەرگێڕ) و دەستی کرد بە گریان، هۆکاری ئەمەش ئەو ڕووداوانەی ئەمشەو بوون کە ڕوویاندا. بەهەرحاڵ دوای ماوەیەک پێی گوتم کە ئەو شەوەی لە گالیسکەکەدا لەگەڵی بووم، ئەوا زۆر سارد بوو بووم. ئەو نەیدەزانی کە چی ل دڵمدا دایە، نەیدەزانی کە چەندە خۆم ڕاگرتبوو تاکو هەستی خۆمی پێ نەڵێم. دەمویست دەستی بگرم و بڵێم خۆشم دەوێیت، بەڵام لەبەر دوو هۆکار نەمدەتوانی. یەکەم: شپرزە بوو و هزریشی لە جێی خۆی نەبوو، ئەگەر هەستی خۆم پێ ڕاگەیەندبا، ئەوا وەکو ئەوە دەبوو کە سوود لە لاوازییەکەی ئەو ساتەی ببینم. دووەم: ئەگەر هەوڵەکانی هۆڵمز سەرکەوتووبن، ئەوا خاتوو مۆرستن دەبێت بە دەوڵەمەندترین میراتگری ئینگەلترا، ئایا درووست دەبوو کە پزیشکێکی کەم دەرامەت هەستی خۆشەویستی بۆ کەسێکی وەها دەرببڕێت؟ ئەگەر وامکردبا، ئەوا ئایا وای نەدەزانی کە من چەپەڵێک بم کە بە دوای پارە بکەوم؟ لەبەر ئەم هۆکارانە نەمدەتوانی کارێکی لەو شێوەیە بکەم. ئەو گەنجینەیە بوو بوو بە ڕێگرێک لە نێوانماندا. کاژێر بوو بە دوو کاتێک گەیشتینە ماڵی سیسل فۆرستر، تەواوی خزمەتکارەکان خەوتبوون، بەڵام خودی خاتوو فۆرستر نەخەوتبوو بەوەی کە ماری نامەیەکی بۆ نووسی بوو و ئەویش دەویست بزانێت چی ڕوودەدات، بۆیە نەخەوتبوو. بەهەرحاڵ لە دەرگاماندا و خودی ئەو دەرگایەکەی لێ کردینەوە. هەر کە خاتوو (مۆرستن)ی بینی، ئەوا بە میهرەبانییەکی زۆرەوە باوەشی لێ گرت. ئاشکرا بوو کە وەکو کرێچییەکی سادە سەیری نەدەکرد، بەڵکو وەکو هاوڕێیەک سەیری دەکرد کە ڕێزی لێ دەگرێت. خاتوونە گەنجەکە منی بەو ناساند، ئەویش تکای کرد کە بچمە ژوورەوە و هەموو شتێکی بۆ باس بکەم، بەڵام بۆم باسی ئەوە کرد کە پێویستە ئەرکێکی گرنگ ئەنجام بدەم. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆم، ئەوا بەڵێنم پێدا کە هەرچییەک ڕوویدا، ئەوا ئاگاداری بکەمەوە. دواتر سەرکەوتمە ناو گالیسکەکە و بەڕێکەوتین. لە کاتی دوورکەوتنەوەمدا سەیری دواوەم کرد، بینیم کە ئەو خاتوونانە هێشتا لە دەرەوەن و سەیری ڕۆیشتنی من دەکەن، دەستی یەکیان گرتبوو و تامەزرۆی گەڕانەوەی من بوون.

لە کاتێکدا بە شەقامە تاریکەکانی "لەندەن"دا دەڕۆیشتین، ئەوا بیرم لەو ڕووداوانەی دوایی کردەوە، بە تەواوی هزری منیان داگیر کردبوو. سەرەتا خودی کێشەکە ناڕوون بوو، بەڵام دواتر ئەویش ڕوون بۆوە. ئەوەتا زانیمان کە کاپتن مۆرستن مردووە، هەروەها زانیشمان کە کێ مروارییەکانی بۆ ماری دەنارد. بەڵام زانینی ئەوانە ئێمەی خستە ناو کێشەیەکی قووڵتر و نامۆتر کە ئەمانەن: گەنجینە هندییەکە، نەخشە سەیرەکەی کاپتن مۆرستن، ئەو دیمەنەی کە پێشڕەو شولتۆ پێش مەرگی بینی، دووبارە دۆزینەوەی گەنجینەکە و مردنی ئەو کەسەی کە دۆزییەوە، شوێن پێ و چەکە سەیرەکان، ئەو نووسراوەی کە هەمان ئەو نووسراوەی کارتەکەی کاپتن (مۆرستن)ە. ئەمانە مەتەڵێکی گەورە بوون، تەنیا هاوڕێیەکەشم دەیتوانی ئەم مەتەڵانە شیبکاتەوە و ڕاستییەکان دەرخات.

خانووەکانی شەقامی بێنشن لین پێکهاتبوون لە کۆمەڵە خانوویەکی کۆنی دوو قاتی لە بەشی باشووری لامبیث. خانووەکەم دۆزییەوە، زۆرم لە دەرگا دا، بەڵام هەر نەکرایەوە. دواتر ڕووناکی مۆمێکم لە پشت پەنجەرەی سەرەوە بینی

**کە تازە پێکرابوو، دواتر پیاوێک پەنجەرەکەی کردەوە و گوتی: لێرە برۆ هەی سواڵکەری سەرخۆش ! ئەگەر نەڕۆیت، ئەوا چل و سێ سەگت تێ بەردەدەم !**

**-تەنیا بۆ یەک دانەیان هاتووم .**

**-لێرە برۆ ! ئەگەر نەڕۆیت، ئەوا سوێند بەخوا مارێکت تێ بەردەدەم کە لەناو ئەو جانتایەم هاویشتووە !**

**-بەڵام من سەگم دەوێت .**

**-تاکو سێ دەژمێرم، ئەگەر لێرە نەڕۆیت، ئەوا ئەو مارەت تێ دەگرم !**

**-شێرلوک هۆڵمز...**

**هێشتا قسەکەم تەواو نەکرد کە پەنجەرەکەی داخست و بە ڕوویەکی خۆش هاتەوە خوارەوە و دەرگایەکەی کردەوە، بەڕاستی ناوی ئەو وەکو جادوو وابوو. بەڕێز شێرمان پیاوێکی کزی مل باریکی باڵا بەرز بوو، چاویلکەیەکی هاوێنە شینی لەچاو کردبوو .**

**-هەر کەسێک هاوڕێی شێرلۆک هۆڵمز بێت، ئەوا بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکەم. وریای ئەو گۆڕهەڵکەنە ببە بەڕێزم، چونکە گاز دەگرێت. "ئایا دەتەوێت گاز لەم بەڕێزە بگری هەی چەپەڵ؟."**

**ئەم قسەیەی بەو ئاژەڵە چاو سوورە ناشیرینە گوت کە لە ناوەوە پاڵی بە قەفەسەکەی خۆیەوە دەنا .**

**-مەترسە بەڕێزم، ئەوە کوێرە و کەڵبیشی نین، تەنیا ئەوەیە کە شەمشەمەکوێرە ناهێڵێت. ببوورە کە سەرەتا بە شێوەیەکی بێ ڕێزانە قسەم لەگەڵدا کردیت، ناحەقم مەگرە بەوەی کە منداڵانێکی زۆر بێزارم دەکەن. دێن لە دەرگای ماڵەکەم دەدەن و دواتریش ڕادەکەن، بەڕاستی بێزارکەرن. ئێستا پێم بڵێ... ئایا بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز چی دەوێت؟**

**-یەکێک لە سەگەکانتی دەوێت .**

**-بەڵێ، تۆبی دەوێت. تۆبی لە ژمارەی حەوتی لای چەپ دەژیت.**

**دواتر بە مۆمەکەیەوە بەناو قەفەسی ئەو ئاژەڵە سەیرانەدا ڕۆیشت کە لە دەوری خۆی کۆی کردبوونەوە. لەو تاریکاییەدا کە ڕووناکی ڕۆڵێکی وەهای نەبوو، دەمتوانی چاوی درەوشاوەی سامناکی ئەو ئاژەڵانە ببینم کە سەیری ئێمەیان دەکرد. ئەو باڵندانەش کە قەفەسەکەیان بە سەقفەکەوە بەسترابوو دەستیان کردبوو بە ژاوە ژاوێکی زۆر بەوەی کە گوێیان لە دەنگی ئێمە بوو. دواتر (تۆبی)م بینی کە سەگێکی ناشیرینی قژ درێژ بوو، سەگێکی دووڕەگ بوو لە جۆری سپانیل و جواس، ڕەنگی قاوەیی و سپی بوو، بە هەنگاوی قورس و هێواش دەڕۆیشت. پیاوە پیرەکە پارچەیەک شیرینی پێدام تاکو بیدەم بەو، سەرەتا دوودڵ بوو لەوەی کە ئایا لێم وەربگرێت یان نا، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە پارچە شیرینییەکەی وەرگرت و خواردی. دواتریش کە بردم بۆناو گالیسکەکە، ئەوا هیچ کێشەیەکی نەبوو. کاتێک گەڕامەوە بۆ بۆندچێری لۆج، ئەوا کاژێر تازە بوو بوو بە سێ. بیستبووم کە (مکمۆردۆ)ی کۆنە مشتەوان بە گومانی یارمەتیدان لە تاوانەکەدا قۆڵبەستکراوە، ئەو و بەڕێز (شولتۆ)ش بردراون بۆ ئێستگەی پۆلیس. کاتێک ڕۆیشتمە بەردەم دەرگایە تەسکەکە، ئەوا دوو پۆلیسم بینین کە پاسەوانی ئەوێیان دەکرد. کە ناوی لێکۆڵەرەکەم گوت، ئەوا ڕێگەیان بە من و سەگەکە دا کە بچین بۆ ژوورەوە.**

**کاتێک لە خانووەکە نزیک بوومەوە، ئەوا (هۆڵمز)م بینی کە لە پێش دەرگایەکە دانیشتووە و غلیۆن دەکێشێت. کە منی بینی، ئەوا گوتی: سەگەت هێنا ! زۆرباشە، جۆنز ڕۆیشتووە، بەڵام با شتێکت بۆ باس بکەم. دوای ئەوەی کە ڕۆیشتی،**

ئەوا جۆنز پاسەوانەکە و خزمەتکارە پیرەکە و خزمەتکارە هندووسییەکەشی قۆڵبەست کرد، بۆیە وەکو دەبینیت ئێرە هیچ کەسێکی لێ نییە جگە لەو چاودێرەی کە جۆنز لە نهۆمی سەرەوەی داناوە. سەگەکە لێرە جێبێڵە و لەگەڵم بۆ وەرە بۆ سەرەوە. (تۆبی)م بە تەختەی هۆڵەکە بەستەوە و لەگەڵی ڕۆیشتم. کاتێک ڕۆیشتینە ژوورەکەوە، ئەوا لاشەکەمان بینی کە قوماشێکی بەسەردا درابوو، هەروەها ئەو چاودێرەشمان بینی کە لە سووچێکی ژوورەکەوە وەستا بوو، ئاشکرا بوو کە ماندوویی دایگرتبوو. دواتر هۆڵمز گوتی: چاودێر، چرایەکەتم پێ بدە، ئەم کارتەش بە ملمدا ببەستە تاکو لەپێش چاوم بێت، سوپاس. ئێستا پێڵاو و گۆرەوییەکانم دادەنێم، بیانبە بۆ خوارەوە واتسن، چونکە کەمێک سەردەکەوم. دەستەسڕەکەم لە کریۆزوت هەڵدەکێشم، ئەمە بەس دەبێت. ئێستا بۆ خوولەکێک لەگەڵم وەرە بۆ ژوورە نهێنییەکە. بەناو کونەکەدا سەرکەوتین و (هۆڵمز)یش دووبارە ڕووناکی گرتە سەر شوێن پێیەکان. دواتر گوتی: دەمەوێت بە وردی سەیری ئەم شوێن پێیانە بکەیت، چ شتێک جێی سەرنجە؟

-دیارە کە ئەم شوێن پێیانە هی منداڵێکی بچووکن، یاخود ئافرەتێکی بچووک .

-جگە لە قەبارەیان، ئەوا چیتر جێی سەرنجە؟

-نازانم، لە پێی ئاسایی دەچن .

-نەخێر، سەیرکە، ئەمە شوێن پێی منە، ئەمەش شوێن پێی یارمەتیدەرەکەیە، ئێستا چیت بۆ دەرکەوت؟

-پەنجەی پێیەکانت لێکەوە نزیکن، بەڵام هی ئەو لێک دوورن .

-ڕێک وایە، منیش مەبەستم ئەوە بوو. ئێستا بڕۆ بۆنی ڕۆخی دارینی پەنجەرەکە بکە، منیش لێرە دەمێنمەوە. دواتر ڕۆیشتم و بۆنم کرد، بۆنێکی تاری توندی لێوە دەهات. دواتر هاتە خوارەوە و گوتی: لێرەوە ڕایکردووە، ئەگەر تۆ بتوانیت بۆنێکی وەها بناسیتەوە، ئەوا بۆ تۆبی زۆر ئاسان دەبێت. ئێستا بڕۆ سەگەکە ببە دەرەوە و منیش بە دواتدا دێم.

کاتێک ڕۆیشتمە دەرەوە، ئەوا (هۆڵمز)م بینی کە بەسەر سەربانەکەدا بە ورياییەوە دەڕۆیشت، دواتر ڕۆیشتە پشت دوکەڵکێشەکە و دیار نەما. دواتریش ڕۆیشتمە ئەو دیوی خانووەکە و ئەوم دووبارە بینییەوە، لەسەر لێواری سەربانەکە دانیشتبوو. کاتێک منی بینی، ئەوا گوتی: ئەوە تۆیت واتسن؟

-بەڵێ .

-ئێرە خۆیەتی، ئەرێ ئەو شتە ڕەشەی خوارەوە چییە؟

-بۆشکەی ئاوە .

-ئایا سەرەکەی لەسەرە؟

-بەڵێ .

-هیچ پلیکانەیەک دەبینیت؟

-نەخێر .

-نەفرەت لەو پیاوە ! ئێرە مەترسیدارە. دەبێت لەو شوێنەی کە لێیەوە سەرکەوتبوو بتوانم بێمە خوارەوە، ئەو بۆڕی ئاوە تۆکمە دیارە، بۆیە بەوێدا دێمە خوارەوە.

**بینیم کە وردە وردە بە توانایییەکی زۆرەوە دێتە خوارەوە، دواتر کە گەیشتە کۆتایییەکەی، ئەوا بازیدایە سەر بۆشکەکە و دابەزی.**

**لە کاتێکدا کە گۆرەوی و پێڵاوەکانی لەپێ دەکردەوە، ئەوا گوتی: بەدواکەوتنی ئەو کارێکی ئاسان بوو، وەکو دەبینیت کە خشتی سەربانەکە ناجێگر بوو، بۆیە لە کاتی هاتنە خوارەوەیدا ئەمەی لێ کەوت.**

**شتێکی نیشان دام کە لە کیسەیەکی بچووکی گیاچنراو دەچوو کە بە داوێک بەسترابۆوە. لە ڕووی شێوە و قەبارەیەوە لە سندووقی جگەرە دەچوو. بەهەرحاڵ سەیری ناوەوەمان کرد و بینیمان کە نیو دەستە دڕکی ڕەش و درێژی تێدابوو، سەرێکیان تیژ و ئەوی تریشیان خڕ، ڕێک لەو دڕکە دەچوون کە لە بارثلۆمیۆ شولتۆ درابوو.**

**-ئەمانە زۆر مەترسیدارن، ئاگاداربە کە دەستیان لێ نەدەیت. خۆشحاڵم کە ئەمەمان دۆزییەوە، دڵنیام کە تەنیا ئەمەندە دڕکەی لابوون. ئێستا ئەگەری ئەوە نەماوە کە بەمزووانە یەکێک لەم دڕکانە بەر ئێمەش بکەوێت. پێم خۆشە گولڵەیەکی تفەنگی "مارتینی"م بەربکەوێت، نەوەکو یەکێک لەم دڕکانە. ئایا دەتوانیت مەودای شەش میل ببڕیت واتسن؟**

**-بە دڵنیاییەوە .**

**-ئایا قاچت بەرگەی ئەم ڕێگایە دەگرێت؟**

**-بەڵێ، بە دڵنیاییەوە .**

**-زۆرباشە، کەوایە با بڕۆین.**

**دواتر ئەو دەستەسڕەی کە لە "کریۆزوت"ی هەڵکشاندبوو خستە پێش لووتی سەگەکە و گوتی: دەی تۆبی ! بۆنی بکە و شوێنەکەمان بۆ دیاری بکە!**

**دواتر هۆڵمز گوریسێکی لە ملی تۆبی کرد و تاکو زۆر دوور نەکەوێتەوە. زۆری پێ نەچوو کە تۆبی بە شێوەیەکی کۆمیدی چالاک بوو و دەستی کرد بەدواکەوتنی شوێنی ئەو بۆنە. دواتر هۆڵمز دەستەسڕەکەی فڕێدا و بەڕێکەوتین. بەدوای تۆبی کەوتین و خانووەکەمان جێهێشت، کاتێک کە ڕۆیشتین، ئەوا تەمێکی سارد و چڕ شەقامەکانی "لەندەن"ی گرتبوو، بەڵام ڕووناکی ئاسۆی بەرەبەیان کەمێک لەو چڕیەی کەم کردبۆوە و ڕێگایەکەی بۆ ڕووناک کردبووینەوە. زۆری پێ نەچوو کە چووینە زەوی خانووەکانی تر، دواتریش تووشی چاڵ و ڕێگا سەختەکانی ئەو ناوچەیە بووین، بەڕاستی ئەو دیمەنە خەماوییەی کە ڕێگایەکانی گرتبوو، ئەوا لەگەڵ ئەو کارەساتەی کە ڕوویدا باش یەکیان دەگرتەوە. زۆری پێ نەچوو کە لە شوورەی یەکێک لەو ناوچانە نزیک بووینە، تۆبی ڕێک لەوێ وەستا و دەنگی بەرز کردەوە. بینیمان کە دوو دیوار بەو شوورەیەوە لکابوون، دیوارەکان چەند چاڵێکی تێدا بوون کە نیشانەی ئەوە بوو پێشووتر خەڵک بەسەریدا سەرکەوتووە. ئیتر سەرەتا هۆڵمز سەرکەوت و منیش سەگەکەم پێدا تاکو سەری بخات و بیباتە ئەودیوی شوورەکە. لە کاتێکدا منیش سەردەکەوتم، ئەوا هۆڵمز گوتی: ئەمە پەنجەمۆری پیاوە قاچ دارینەکەیە، سەیری ئەو پریچکە خوێنە بکە کە لەسەر جێچەکەیە. بەختمان هەیە بەوەی کە لە شەوی ڕابردووەوە باران نەباریوە، ئەگینا بۆنەکەی نەدەما. هەرچەندە بیست و هەشت کاژێر بەسەر هەڵاتنی ئەواندا ڕۆیشتووە.**

**دان بەوەدا دەنێم کە کاتێک قەرەباڵغی "لەندەن"م بینی، ئەوا وامزانی تۆبی ناتوانێت بۆنەکە بدۆزێتەوە. بەڵام هەڵە بووم، چونکە تۆبی بە هەمان چالاکی پێشوو بەرەو پێشەوە دەچوو و هیچ دوودڵ نەبوو. وادیار بوو کە بۆنی توندی کریۆزوت زاڵ بوو بەسەر بۆنەکانی تردا، بۆیە هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.**

دوای ماوەیەک هۆڵمز گوتی: وامەزانە کە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکانی ئەم دۆسیەیە پشتم بەستووە بە شوێن کەوتنی یەکێکیان کە پێی لەو ماددەیە ناوە، بەڵکو بەو زانیارییانەی لامە، ئەوا بە چەندین شێوە دەتوانم شوێنیان بدۆزمەوە. بەڵام ئەم ڕێگەیە ئاسانترە، ئەگەر سوودم لێ نەبینی بووبا، ئەوا کارێکی خراپم دەکرد .

-بەڕاستی شێوازەکانت مایەی سەرسامین، ئەم دۆسیەیە بۆ من لە دۆسیەی جێفرسن هۆب (تاوانباری سەرەکی ڕۆمانی یەکەم-وەرگێڕ) قووڵتر دیارە. باشە چۆن وا بە وردی توانیت وەسفی ئەو پیاوە قاچ دارینە بکەیت؟

-ئەمە زۆر ئاسان بوو ! وەکو ڕووناکی خۆر ئاشکرا بوو. سەیرکە، ئەو دوو ئەفسەرە کە بەرپرسیاری زیندانێک بوون زانی بوویان کە گەنجینەیەکی نهێنی بوونی هەیە. پیاوێکی بە ڕەگەز ئینگلیزی کە ناوی (جانسن سمۆل)ە نەخشەی شوێنی گەنجینەکەی بۆ کێشابوون. بیرت بێت کە ناوی ئەومان لەناو کەلوپەلە تایبەتەکانی کاپتن (مۆرستن)دا دۆزییەوە. دواتر لە جیات هاوڕێیەکانیشی ئیمزای کرد و ناوێکی درامیشی بۆ هەڵبژارد کە بریتی بوو لە "هێمای ژمارە چوار". دواتر دوو ئەفسەرەکە یاخود یەکێکیان گەنجینەکەی دۆزیوەتەوە و بۆ "ئینگەلترا"ی هێناوە، هەڵبەتە بێ جێبەجێ کردنی ئەو پەیمانەی کە دیارە لە نێوان خۆیاندا بەستبوویان. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی خودی جانسن سمۆل نەچوو گەنجینەکە ببات؟ وەڵامەکەی بریتییە لەوەی کە مێژووی نەخشەکە بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە کاپتن مۆرستن لە نزیکەوە مامەڵەی لەگەڵ زیندانییەکان دەکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جانسن سمۆل و هاوکارەکانی لەو کاتەدا زیندانی بوون و نەشیان دەتوانی ڕاکەن .

-بەڵام ئەمە تەنیا گریمانەیەکە .

-بەڵکو تاکە گریمانەیە کە هاوشانی ڕاستییەکان بێت. با بەردەوامی پێ بدەین... پێشڕەو شولتۆ بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە ئارامی ژیا و لە گەنجینەکەی خەرج دەکرد، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نامەیەکی لە "هیندستان"ەوە بۆ دێت، ئەو نامەیەی تووشی شۆکی و دەکات و دەیترسێنێت. ئێستا دەبێت چی لەو نامەیەدا نووسرابووبێت؟

-لەوانەیە نووسرابێت کە ئەو زیندانییانەی لێیان یاخی بوو دەربازیان بووە .

-یاخود ڕایان کردووە، ئەمەش ئەگەری زیاترە. چونکە دەیزانی ماوەی زیندانییەکەیان چەندە، بۆیە لە نەهاتنە دەرەوەی ئەوان دڵنیا بوو. دواتر چی کرد؟ خۆی لە پیاوی قاچ دارین دەپاراست، نەوەکو تەنیا ئەمە، بەڵکو تەقەی لە بازرگانێکیش کرد کە قاچێکی دارینی هەبوو.

کە سەیری نووسینەکە دەکەین، ئەوا دەردەکەوێت کە ناوێک هی سپی پێستێکە، ئەوانی تریش هندووسی یاخود موسڵمانن. مادام تەنیا ناوی ئەو ئینگلیزییە، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە پیاوە قاچ دارینەکە خودی (جانسن سمۆل)ە. ئایا بە ڕای تۆ ئەمە دەرەنجامێکی هەڵەیە؟

-نەخێر، دەرەنجامێکی بیرسایی و ڕوونە .

-باشە، با ئێستا خۆمان بخەینە شوێنی (جانسن سمۆل)ەوە. هاتە ئینگەلترا تاکو ئەو گەنجینەیە بەدەست بێنێتەوە کە بە مافی خۆی دەزانێت و هەروەها تۆڵەش لەو پیاوە بکاتەوە کە خیانەتی لێ کردبوو. دواتر ناونیشانی (شولتۆ)ی بەدەستهێناوە و ئەگەریشی هەیە کە پەیوەندی بە کەسێکی ناو ماڵەکەوە کردبێت. لەوانەیە (لال ڕاو)ی سەرۆکی خزمەتکارەکان بێت کە چاومان پێی نەکەوت، چونکە خاتوو بێرنستن پێی وایە کە کەسێکی خراپە. بەڵام هیچ کەسێک جگە لە خودی پێشڕەو و خزمەتکارە بەوەفایەکەی نەیدەزانی کە ئەو گەنجینەیە لە کوێیە. بەهەرحاڵ کاتێک سمۆل دەزانێت کە پێشڕەو شولتۆ خەریکە دەمرێت، لە ترسی ئەوەی کە نهێنی شوێنی گەنجینەکەی لەدەست بچێت، ئەوا هێرش دەکاتە سەر پاسەوانەکان و بەرەو لای پەنجەرەی ژووری پێشڕەو دەڕوات، بەڵام کاتێک کوڕەکانی لەوێ دەبینێت، ئەوا دەترسێت و ناچێتە ژوورەوە. دوای ئەوەی هیچ کەسێک لە ژوورەکە نامێنێت، ئەوا دەچێتە ژوورەوە و هەموو شوێنێک

دەپشکنێت بەو هیوای کە زانیاری لەسەر شوێنی گەنجینەکە بەدەست بهێنێت، دواتریش پێش ئەوەی بڕوات، ئەوا کارتێکی لەسەر سینگی پێشڕەو دانا، دواتر ڕۆیشت. لە تێڕوانینی ئەوەوە، ئەوا ئەمە کوشتنێکی سادە نەبووە، بەڵکو ویستوویەتی هەمووان بزانن کە ئەمە تۆڵەسەندنەوەی چوار کەسەکەیە. ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەتوانن پێناسەیەکی وردت سەبارەت بە تاوانبارەکە بۆ دابین بکات. تاکو ئێستا لێم تێگەیشتوویت؟

-بەڵێ .

-لەمەوە دەردەکەوێت کە جانس سمۆل ناچار بووە بە شێوەیەکی نهێنی چاودێری پرۆسەی دۆزینەوەی گەنجینەکە بکات، دڵنیاشم کە ماوە ماوە "ئینگەلترا"ی جێ دەهێشت و دواتر دەهاتەوە. کاتێکیش کە گەنجینەکە دۆزرایەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئاگادار کرایەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە یەکێک لەناو ماڵەکەدا هاوکاری ئەو بووە. جانسن سمۆل بە هۆی قاچە دارینەکەیەوە نەیدەتوانی سەر بکەوێتە ژووری بارثلۆمیۆ شولتۆ، بۆیە کەسێکی لەگەڵ خۆیدا برد تاکو یارمەتی بدات. ئەو هاوڕێیەی توانی سەربکەوێت، بەڵام هەڵەیەکی کرد، ئەویش ئەوە بوو کە قاچی خستە سەر ماددەی کریۆزوت. بۆیەشە (تۆبی)م هێناوە، دەمەوێت بەدوای بۆنی ئەو پیاوە بکەوێت .

-بەڵام ئەوە یارمەتیدەرەکە بوو کە (بارثلۆمیۆ)ی کوشت، نەوەکو جانسن سمۆل .

-ڕێک وایە. جانسن سمۆل ڕقی لەم کارەی ئەو بوو، ئەوەش لە ڕێگەی هەنگاوە توورەکانی دەردەکەوێت کاتێک ڕۆیشتە ناو ژوورەکە. ئەو هیچ ڕقێکی بەرامبەر بارثلۆمیۆ شولتۆ نەبوو، نەیدەویست بیکوژێت. بەڵام کار لە کات ترازابوو (دەربڕینی وەرگێڕ) بەوەی کە یارمەتیدەرە دڕندەکەی ئەوی بە ژەهر کوشت. بەهەرحاڵ کاتێک گەنجینەکەی دۆزییەوە، ئەوا بردییە خوارەوە و دواتریش هەردووکیان ڕایان کرد. تاکو ئێستا توانیومە ئەمەندە شیبکەمەوە. سەبارەت بە شێوەی دەرەوەشی... دڵنیام کە تەمەنی لە سەروو چل ساڵەوەیە، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە لە زیندانێکی دوورگەکانی ئاندرمان بووە، ئەوا پێستی بە هۆی تیشکی خۆرەوە کەمێک ڕەش بووە. باڵایەکەشی لە ڕێگەی هەنگاوەکانییەوە دیارە، هەروەها دەشزانین کە ڕیشی هەبووە بەوەی کە (ثادیۆس) بۆی باس کردین. تەنیا ئەمەندە دەزانم .

-ئەی چی دەربارەی یارمەتیدەرەکەی؟

-بەمزووانە ئەویش دەناسین. ئای کە "با"ی شەماڵی بەیانیان چەندە خۆشە. ئایا ئەو هەورە دەبینیت کە چۆن وەکو پەڕێکی نەرمی باڵندەی فلامینگۆ بە ئاسماندا دەڕوات، ئەو تیشکە سوورەی خۆریش کە چۆن شەقامە تەماوییەکانی لەندەن دەبڕێت و ڕووناکیان دەکاتەوە. ئەم ڕووناکییەی کە هەمووان لە بینینیدا یەکسانن. ئایا شارەزاییت دەربارەی بەرهەمەکانی (جۆن پۆل ریتچەر) هەیە؟

-بەڵێ، لە ڕێگەی (کارلایل)ەوە بە بەرهەمەکانی ئەو شاد بووم .

-ئەمە وەکو ئەوە وایە کە بە دوای ڕێڕەوێکی بچووکی ڕووبار بکەویت تاکو دەگات بە دەریایەکی گەورە. ریتچەر دەڵێت کە مەزنترین توانای مرۆڤ بریتییە لە زانینی ئەوەی کە دەیەوێت، چونکە مرۆڤ بەم شێوەیە دەتوانێت خۆی بناسێت و کاریش بۆ ئامانجەکەی بکات. بەڕاستی نووسەرێکی ناوازەیە. بەهەرحاڵ، ئایا چەکەکەت پێیە؟

-گۆچانەکەم پێیە .

-کاتێک گەیشتینە شوێنی مانەوەی ئەوان، ئەوا پێویستمان بە شتێکی وەها دەبێت. تۆ چارەی جانسن سمۆل بکە، ئەگەریش یارمەتیدەرەکەی بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵەی کرد، ئەوا دەیکوژم. ئەمەی لە کاتێکدا گوت کە دەمانچەکەی دەرهێنا و دوو گوللەی تێهاویشت، دواتریش لە گیرفانی ڕاستی پاڵتۆیەکەی هاویشت.

بەهەرحاڵ وردە وردە لە شارستانییەت نزیک دەبووینەوە، کرێکارەکانمان دەبینی کە تازە دەچوونە سەر کار، لەشفرۆشەکانیش پەردەکانیان لادەدا و ناوەوەیان خاوێن دەکردەوە، پیاوەکانیش کە مەی بەیانیان دەخواردەوە تازە لە مەیخانەکان دەهاتنە دەرەوە. کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتین، ئەوا تۆبی بۆ چرکە ساتێکیش ئاوڕی نەدایەوە و هزری نەڕۆیشت، بە شێوەیەکی بەردەوام لووتی لە زەوی خشاندبوو و بە دوای بۆنەکە دەکەوت. جار جار دەنگێکی خۆشی دەردەبڕی وەکو ئەوەی کە بۆنێکی بەهێزی بۆ بێت. تەواوی گەڕەکەکانی سترتیهام و بریکستن و "کمبرویل"مان بڕی، لە کۆتاییشدا گەیشتینە کێننگتن لێن، ئەمەش دوای ئەوەی کە ڕێگا لاچەپەکانی ڕۆژهەڵاتی یاریگای "کریکێت"ی شێوە هێلکەییمان بڕی.

دیارە کە دوو پیاوەکە بە مەبەستی خۆ حەشاردان بە ڕێگایەکی ڕاستدا نەڕۆیشتوون، بەڵکو ڕێگای لاوەکییان گرتۆتە بەر و دواتریش گەیشتوونەتە شوێنی مەبەستی خۆیان. لە کۆتایی شەقامی "کێننگتن لێن"دا دوو پیاوەکە بە لای چەپی شەقامی بۆند و شەقامی "مایلز"دا ڕۆیشتوون، ئەم ئاڕاستەیەش بەرەو نایتس پلەیس دەڕوات. دوای ماوەیەک تۆبی وەستا و هەر بەوێ و بەوێدا دەڕۆیشت، گوێیەکانی بەرز دەکردەوە و سەیری ئێمەی دەکرد وەکو ئەوەی کە تانەی لێ نەدەین، دیار بوو کە دوودڵ بوو. دواتر هۆڵمز گوتی: ئەم سەگە کێشەی چییە؟ خۆ ئەو دووانە بە گالیسکە یاخود بە باڵۆن نەڕۆیشتوون.

منیش وەکو ئەگەرێک گوتم: لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کاتی لێرە وەستابووبن.

(هۆڵمز)یش بە خۆشحاڵییەوە گوتی: دەی کێشە نییە، وا دووبارە بەڕێکەوتەوە.

ڕاستی کرد، چونکە تۆبی دووبارە دەستی بە بۆنکردن کردەوە، بەڵام ئەم جارەیان جیاواز بوو بەوەی کە لەچاو پێشووتر دڵنیاتر بوو کە بەرەوی کوێ دەڕوات. تەنانەت لووتیشی بەرز کردەوە و دەستی بە ڕاکردن کرد، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە شتێکی دۆزیوەتەوە. لەو ساتەدا چاوەکانی (هۆڵمز)م بینی کە دەدرەوشانەوە، بڕوای وابوو کە لە کۆتایی گەشتەکەمان نزیک دەبینەوە. لەو کاتەدا بە ناوچەی "ناین ئێلمز"دا دەڕۆیشتین، دواتریش گەیشتینە کۆگای داری "برۆدریک و نیلسۆن"ی گەورە کە لە نزیک مەیخانەی "وایت ئیگڵ"ەوەیە. دواتر تۆبی بە شێلگیرییەکی زۆرەوە بە دەرگایەکدا ڕۆیشتە ناوەوەی تەیمانەیەک کە کرێکارانی داربڕین کاریان تێدا دەکرد. دواتر بە کۆلانێکدا ڕۆیشت، دواتریش بە ڕێڕەوێکدا، دواتریش بە نێوانی دوو کۆمەڵە تەختەی زۆردا ڕۆیشت، لە کۆتاییشدا دەنگی سەرکەوتنی دەرکرد و بازیدایە سەر بۆشکەیەک کە لەوێیان دانابوو. تۆبی هەر زمانی لێ دەدا و بە دەوریدا دەسووڕایەوە، سەیری ئێمەشی دەکرد تاکو دەستخۆشی لێ بکەین و نازی پێ بدەین. بۆشکەکە شتێکی ڕەشی ڕەنگ تێری پێوە بوو کە بۆنی "کریۆزوت"ی لێوە دەهات. ئێمەش کە ئەوەمان بینی، ئەوا بە سەرسامییەوە سەیری یەکترمان کرد و تێر پێکەنین.

## بەشی هەشتەم

## هێزە نانیزامییەکانی شەقامی بەیکەر

ئێستا چی بکەین؟ تۆبی لە دۆزینەوەی ئامانجەکەدا هەڵەی کرد.

هۆڵمز لە کاتێکدا تۆبی لەسەر بۆشکەکە دەهێنایە خوارەوە و بەڕێی دەکرد بۆ کۆگای دارەکان، ئەوا گوتی: ئەو کاری خۆی ئەنجام داوە. لە لەندەن بەکارهێنانی ماددەی کریۆزوت باوە، بە تایبەتی بۆ وشکردنەوەی دارەکان، بۆیە بۆنەکانی لێ تێکەڵ بووە. نابێت لۆمەی تۆبی داماو بکەین .

-باشە، کەوایە با بڕۆین و بەدوای ئەو بۆنەدا بگەڕێین کە ئامانجمانە .

-ڕاستت فەرموو. ئەوەش بزانە کە زۆر دوور ناکەوینەوە، چونکە ئاشکرایە کە تۆبی لە سووچی نایتس پلەیس ئاڕاستەکەی لێ تێکچووە بەوەی کە بۆنی کریۆزوت لە دوو ئاڕاستەی جیاوازەوە دەهات. ئێمە بە ئاڕاستە هەڵەکەدا ڕۆیشتین، ئێستا تەنیا پێویستە بگەڕێینەوە و بە ئاڕاستە درووستەکەدا بڕۆین.

هۆڵمز ڕاستی کرد، چونکە هەر کە گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تۆبی تێیدا هەڵەی کرد، ئەوا بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و بە خێرایی بەرەو ئاڕاستەکەی تر بەڕێکەوت. دواتر گوتم: پێویستە وریای بین کە بەرەو لای بۆشکەکە نەچێتەوە .

-نیگەران مەبە، کاتێک بەرەو لای بۆشکەکە دەڕۆیشت، ئەوا بەسەر ڕێگایەکەدا دەڕۆیشت. بەڵام ئێستا بەسەر شۆستەکەدا دەڕوات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەدوای بۆنی پیاوەکەدا دەکەوێت.

تۆبی ئێمەی بەرەو کەنار ڕووباری نێوان بیلمونت پلەیس و شەقامی پرینس برد و لە کۆتایی شەقامی "برۆد"یش بەرەو لێواری بەندەرێکی بچووک ڕایکرد. دواتر لە لێوارەکە وەستا و دەنگی بەرز کردەوە.

دواتر هۆڵمز گوتی: بەخت یاوەرمان نەبوو، دیارە کە لێرەوە بە بەلەمێک ڕۆیشتووە. لە بەندەرەکە چەندین بەلەم لێرە و لەوێ بوون، (تۆبی)مان برد تاکو ئاسەواری بۆنی پیاوەکە لە یەکێک لەو بەلەمانەدا بدۆزێتەوە، بەڵام تۆبی هیچی نەدۆزییەوە. لە نزیک بەندەرە سادەکە خانوویەکی بچووکی لێ بوو کە لە خشت درووستکرابوو، لەسەر پەنجەرەی دووەمی لافیتەیەک هەڵواسرابوو کە بە پیتی گەورە لەسەری نووسرابوو (مۆردیکای سمیث)، لە خوارەوەشی نووسرابوو "بەکرێدانی بەلەم بە کاژێر و ڕۆژ". بە هۆی ئەوەی کە خەڵووزێکی زۆرمان لەسەر بەندەرەکە بینی، ئەوا بۆمان دەرکەوت کە ئەوان بەلەمێکی هەڵمینیان هەیە. هۆڵمز بەمە ڕووخساری کەمێک تێکچوو و نیگەران بوو، دواتر گوتی: ئەمە خراپ دیارە، ئەم دوو پیاوە لەوە زیرەکترن کە پێشبینیم دەکرد. دیارە کە بە شێوەیەکی باش شوێنەواری خۆیان شاردۆتەوە. وابزانم پێشووتر پیلانیان بۆ ئەمە کێشابوو. لە کاتێکدا هۆڵمز لە دەرگای ئەو خانووە نزیک دەبۆوە، ئەوا منداڵێکی قژلوول ڕایکردە دەرەوە، لە هەمان کاتیشدا ئافرەتێکی قەڵەوی تووڕە کە ئیسفەنجێکی بەدەستەوە بوو بە دوای دەکەوت و دەیگوت: وەرە خۆت بشۆ جاک ! بگەڕێوە هەی بەچکە شەیتان ! ئەگەر باوکت بگەڕێتەوە و بەم

**شێوەیە بتبینێت، ئەوا تانەمان لێ دەدات. هۆڵمز کە ئەمەی بینی، ئەوا بە شێوەیەکی زیرەکانە گوتی: ئای کە چەندە کوڕێکی جوانیت، ئای کە چەندە کوڕێکی هار و ژیکەڵەیت، ئایا هیچ شتێکت دەوێت کە بەدڵت بێت؟**

**منداڵەکە بۆ ماوەیەک بیری کردەوە و دواتر گوتی: شلنێکم دەوێت .**

**-شتێکی ترت ناوێت؟**

**منداڵە زۆرزانەکەش وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵکو دوو شلنم دەوێت .**

**-کەوایە ئەم دوو شلنە بگرە ! بەڕاستی کوڕێکی زیرەکە خاتوو سمیث .**

**-خوا پاداشتت بداتەوە بەڕێزم، ڕاستت فەرموو، ئەو بەڕاستی زیرەکە. بەڵام بە ئەستەم دەتوانم کۆنتڕۆڵی بکەم، بە تایبەتیش کاتێک باوکی لێرە نییە.**

**هۆڵمز وەکو ئەوەی نائومێد بووبێت گوتی: لێرە نییە؟ بەداخەوە، دەمویست قسەی لەگەڵدا بکەم .**

**-لە دوێنێ بەیانییەوە چۆتە دەرەوە، لێشت ناشارمەوە کە کەمێک نیگەرانم. بەڵام ئەگەر دەتەوێت بەلەمێک بەکرێ بگریت، ئەوا منیش دەتوانم یارمەتیت بدەم .**

**-دەمویست بەلەمە هەڵمینەکەی ئەو بەکرێ بگرم .**

**-لە ڕاستیدا بەلەمە هەڵمینەکەی بردووە بەڕێزم، ئەمەم زۆر لا سەیرە بەوەی کە خەڵووزی کەمە و بە ئەستەم بەشی چوون و هاتنەوەی ناوچەی لویچ دەکات. ئەگەر بەلەمێکی تری بردبا، ئەوا شتێکی ئاسایی دەبوو. زۆرجاریش بە مەبەستی کار دەچێت بۆ گریفسیند، ئەگەر کاریشی زۆر بێت، ئەوا لەوێ دەمێنێتەوە. بەڵام نازانم کە بۆچی بەلەمە هەڵمینەکەی بردووە لە کاتێکدا خەڵووزی کەمە .**

**-لەوانەیە لە بەندەرێکی تر خەڵووزی بکڕێت .**

**-ئەگەری شتێکی وەها هەیە، بەڵام ئەمە خووی ئەو نییە. چونکە چەندین جار گوێم لێ بووە کە ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر نرخی زۆری ئەو شوێنانە دەربڕیوە، هەمیشە دەیگوت کە چەند کیسەیەک ئەو هەمووە ناهێنێت (دەربڕینی وەرگێڕ). شایەنی باسیشە بە سەردانی زۆری ئەو پیاوە ناشیرینە قاچ دارینە نیگەرانم، نازانم کە بۆچی وا زۆر سەرمان لێ دەدات.**

**دەمەوێت بەلەمێک بە ناوی ئۆرۆرا بدۆزنەوە کە خاوەنەکەی ناوی (مۆردیکای سمیث)ە، بەلەمەکە ڕەنگی ڕەشە و دوو خەتی سووریشی پێدا هاتووە، دوکەڵکێشەکەشی ڕەنگی ڕەشە کە خەتێکی بازنەیی شێوە شریتی بە دەوریدا کێشراوە. دەمەوێت یەکێک لە کوڕەکان لە بەندەری مۆردیکای نزیک میلبانک بێت بۆ ئەوەی ئەگەر بەلەمەکە گەڕایەوە، ئەوا پێم ڕابگەیەنێت. ورد بگەڕێن و دابەش ببن، باش کەناری ڕووبارەکان بپشکنن، هەرچییەکیش ڕوویدا، ئەوا ڕاستەوخۆ پێم بڵێن. تێگەیشتن؟**

**(ویگنز)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: فەرمانتە گەورەم!**

**حەقدەستی جارانتان پێ دەدەم، هەروەها جونەیەکیش بەوە دەدەم کە بەلەمەکە دەدۆزێتەوە، ئەمەش پێشەکی حەقدەستی ئەمڕۆتان. دەی ئێستا بڕۆن!**

هۆڵمز شلنێکی بە هەر یەکێکیان دا و ئەوانیش بە خێرایی ژوورەکەیان جێهێشت و لە شەقامەکەدا بەربڵاوبوون. دواتر هۆڵمز لەسەر مێزەکە هەستا و غلیۆنەکەی پێکرد و گوتی: دڵنیام کە ئەو بەلەمە دەدۆزنەوە چونکە ئەوان توانستی چوونیان بۆ هەموو شوێنێک هەیە، هەموو شتێکیش دەبینن و دەبیستن. پێشبینی ئەوە دەکەم کە پێش ئەوەی شەو دابێت، ئەوا شوێنی بەلەمەکەم پێ بڵێن. ئێستا ناچارین کە تەنیا چاوەڕێ بکەین بەوەی کە ناتوانین نهێنییەکە ئاشکرا بکەین تاکو بەلەمی ئۆرۆرا یاخود بەڕێز مۆردیکای نەدۆزینەوە .

-با تۆبی پاشماوەی ئەو خواردنە بخوات. ئایا دەخەویت هۆڵمز؟

-نەخێر. پێکهاتەی جەستەیی من زۆر سەیرە، تاکو ئێستا لە کاتی کارکردندا ماندوو نەبووم، بەڵکو ئەوەی ماندووم دەکات نەکردنی کارێکە. ئەم غلیۆنە دەکێشم و بیر لەو دۆسیەیە دەکەمەوە کە ئەو خاتوونە گەنجە بۆ ئێمەی هێنا. کارەکەمان تاکو ڕاددەیەک ئاسانە بەوەی کە ژمارەی پیاوی قاچ دارین زۆر نین، بەڵام ئەوی تریان بەڕاستی تایبەتە .

-دووبارە ئەوی تریان !

-نامەوێت بوونی ئەو وەکو مەتەڵێک لێ بکەم، بە لایەنی کەمەوە نامەوێت بۆ تۆی وا لێ بکەم، بەڵام دڵنیام کە بیروڕایەکت لەسەر ئەو هەیە، ئەگەریش نا، ئەوا سەیری زانیارییەکان بکە. شوێن پێی بچووک، پەنجەی لێک دوور کە نیشانەی ئەوەیە خاوەنەکەی هەرگیز پێڵاوی لەپێ نەکردوون، پێی ڕووت، کوتکە سەیرەکە، چالاکی جەستەیی، دڕکە ژەهراوییەکان، لەمانە چیت بۆ دەردەکەوێت؟

-پیاوێکی دڕندە ! (مەبەستی پیاوێکە کە دوور بووبێت لە شارستانییەت-وەرگێر)، لەوانەیە یارمەتیدەرەکەی جانسن سمۆل هیندووسی بووبێت .

-سەرەتا منیش ئەم بۆچوونەم هەبوو، بەڵام کاتێک شوێن پێیە سەیرەکانم بینی، ئەوا ئەو بۆچوونەم ڕەتکردەوە. ڕاستە کە هەندێک لە دانیشتووانانی دوورگەکانی هیندستان کەسانی باڵاکورتن، بەڵام بەو ڕاددەیەش نا کە شوێن پێیان وا بچووک بێت. هندووسییە ڕەسەنەکان پێی درێژ و باریکیان هەیە، ئەو موسڵمانانەش کە نەعل لەپێ دەکەن، ئەوا پەنجەی گەورەی پێیان لە پەنجەکانی تر دوورە، هۆیەکەشی بۆ ئەو پارچە بچووکە دەگەڕێتەوە کە پەنجەی گەورەیان لە پەنجەکانی تریان جیا دەکاتەوە. هەروەها ئەو دڕکەش دەتوانرێت تەنیا بە یەک شێواز بهاوێشترێت، ئەویش لە ڕێگەی قامیشێکی فووکردن. ئێستا کەسێک کە ئەم تایبەتمەندییانە هەبێت، ئەوا دەبێت خەڵکی کوێ بێت؟

-لەوانەیە خەڵکی ئەمریکای باشوور بێت.

دوای ئەم قسەیە دەستی بردە سەرەوەی ڕەفێکی و جڵدێکی گەورەی هێنایە خوارەوە، دواتر گوتی: ئەمە جڵدی یەکەمی ناوچە جوگرافییەکانە، دەتوانیت بڵێیت کە نوێترین سەرچاوەیە، ئێستا با سەیری بکەین. دوورگەکانی ئاندرمان لە دووری 340 کم لە باکووری "سۆمترە"ی کەنداوی "بەنگال"ە. دوورگەکانی ئاندرمان پێکهاتووە لە کەشێکی شێدار، گیای مەرجانی، ماسی قرش، شاری پۆرت پلیر، سەربازگەی زیندانی، دوورگەی رۆتلاند، داری حور. باشە ! ئەمەتا: دەتوانین بڵێین کە دانیشتووانانی ڕەسەنی دوورگەکانی ئاندرمان بە کورتەباڵاترین خەڵکی سەر زەوی هەژمار دەکرێن. هەرچەندە هەندێک لە زانایانی ئەنثروبۆلۆژیا دەڵێن کە هۆزەکانی "بوشمن" ئەفریقی و هۆزەکانی "دیگر"ی هیندی ئەمریکی و دانیشتووانانی تیرا دێل فوێگۆ کورتەباڵاترن. بە شێوەیەکی گشتی باڵایان لە چوار پێ کەمترە، شایەنی باسیشە کە هەندێک لە بەتەمەنەکانیان لەوەش کورتترن. ئەوان کۆمەڵەیەکی توندڕەون، بەڵام ئەگەر متمانە بە کەسێک بکەن، ئەوا پەیوەندییەکی دۆستانەی تۆکمەی لەگەڵ درووست دەکەن. ئەمەت بیر بێت واتسن، ئێستا گوێ لەمە بگرە: ئەوان خەڵکێکی ناشیرینن، چونکە سەرێکی ناڕێکیان هەیە و چاوەکانیشیان بچووک و شەڕانگێزن، بە ڕاددەیەک شەڕانگێزن کە بەرپرسە بەریتانییەکان نەیانتوانیوە بۆ ڕیزەکانی خۆیانیان ڕاکێشن. ئەوان هەمیشە مایەی ترسی ئەو دەریاوانانە بوون کە کەشتەکانیان نوقم دەبوو، چونکە ئەوان بە کوتکەکانیان سەری ئەوانیان دەهاڕی، یاخود بە دڕکە

ژەهراوییەکانیان دەیانکوشتن. کاتێکیش دەیانکوشتن، ئەوا لاشەکانیان دەبرد و لە ئاهەنگێکی گەورەدا گۆشتی ئەوانیان دەخوارد.

ئەوانە بەڕاستی دڕندەن واتسن ! ئەوە ئەگەر ئەو پیاوە کۆنترۆڵ نەکرابا، ئەوا ئەم دۆسیەیە کوژراوی زۆر تێدا دەبوو. وای بۆ دەچم کە جانسن سمۆل هەموو هەوڵێکی خۆی دابێت تاکو داوای یارمەتی لەو نەکات .

-بەڵام ئەو چۆن هاوڕێیەکی لەم شێوەیەی دەستکەوتووە؟

-وەڵامی ئەوە نازانم، ئەوەی دەیزانم ئەوەیە کە سمۆڵ لە دوورگەکانی ئاندرمان بووە و ئەو پیاوەشی لەگەڵ خۆی هێناوە، دواتریش تەواوی زانیارییەکانی تر دەزانین. ماندوو دیاریت واتسن، بۆچی لەسەر قەنەفەکە ڕاناکشێیت و پشوو نادەیت؟ بزانم کە ئایا ناتوانم لە خەوتندا یارمەتیت بدەم.

دواتر ڕاکشام و ئەویش کەمانەکەی هێنا و ئاوازێکی جوان و هێمنی ژەنی، دڵنیام کە خۆی ئەو ئاوازەی درووست کردووە بەوەی کە زۆر بەتوانایە. لە کاتێکدا گوێم لەو ئاوازە بوو، ئەوا وردە وردە دەچوومە جیهانی خەونەکانەوە و خەوم لێ کەوت.

کاژێر لە نێوان هەشت و نۆدا بوو، کاریگەری گەشتی ئەو شەوەمان لەسەر دیاربوو، بە تەواوی ماندووی کردبووم. من وەکو هاوڕێیەکەم نەبووم کە وەکو بابەتێکی سادە سەیری دۆسیەکە بکەم، بۆیە هزرم هەر لەسەر ئەوە بوو. شایەنی باسە کە زۆر گرنگیم بە مەرگی بارتلۆمیۆ شولتۆ نەدەدا بەوەی کە دیاربوو کەسێکی باش نەبووە، هەروەها کینەشم بەرامبەر بکووژەکانی نەبوو. بەڵام گەنجینەکە بابەتێکی تر بوو، ئەو گەنجینەیە مافی خاتوو (مۆرستن)ی پێوەیە، بۆیە ئامادەم گیانی خۆم فیدای ئەو بکەم و گەنجینەکەی بۆ بگەڕێنمەوە. ڕاستە کە گەنجینەکە لەوم دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە دڵخۆشی بکات، ئەوا منیش دڵخۆش دەبم. ئەگەر هۆڵمز شێلگیری لە بەرامبەر دۆزینەوەی گەنجینەکە بنوێنێت، ئەوا من دەبێت چەند هێندەی ئەو شێلگیری بنوێنم. بەهەرحاڵ دواتر خۆم شۆرد و جلەکانیشم گۆڕی، ئەمانە چالاکی بۆ گەڕاندمەوە و دووبارە وزەم بۆ هاتەوە. کاتێکیش چوومە نهۆمی خوارەوە بینیم کە خواردن ئامادەکراوە و (هۆڵمز)یش وا قاوە لە کوپەکەی دەکات. دواتر دانیشت و ڕۆژنامەی "زە ستاندارد"ی خوێندەوە، بینیم کە بە دەم خوێندنەوەی پێدەکەنێت، دواتر گوتی: خۆ پێم گوتی ! ئەوەتا جۆنز ڕایەکانی خۆی لە ڕۆژنامەدا بڵاو کردۆتەوە. بەڵام جارێ مەیخوێنەوە، دۆسیەکە زۆر ماندووی کردوویت. سەرەتا باشترە هێلکە و گۆشتی بەرازە سوێرکراوەکە بخۆیت.

بەڵام خۆم بۆ نەگیرا و ڕۆژنامەکەم لێ سەند و خوێندمەوە. ناونیشانی سەرەکی بریتی بوو لە هەواڵێکی بەپەلە بە ناوی "ڕووداوێکی نامۆ لە نۆرود ."

نووسرابوو :

کاژێر دوازدەی نیوەشەوی ڕابردوو بەڕێز بارثلۆمیۆ شولتۆ لە ماڵەکەی بە مردوویی دۆزرایەوە، بە پێی بەڵگەکان بێت، ئەوا دیارە کە ئەوە تاوانی کوشتن بووە. هیچ جۆرە پاشماوەیەکی توندوتیژی لەسەر جەستەی بەڕێز شولتۆ دیار نەبوو، بەڵام گەنجینەیەکی هیندی کە لە باوکییەوە بە میراتی بۆی ماوەتەوە ون بووە. بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز و جۆن واتسن یەکەم کەس بوون کە لاشەی ئەویان دۆزییەوە. لەو کاتەدا لەگەڵ بەڕێز ثادیۆس شولتۆ سەردانی ئەوێیان دەکرد. سوپاس بۆ خوا کە لەو کاتەدا (ئاسلنی جۆنز)ی لێکۆڵەری ناوازە لەوێ بوو. کاتێک هەواڵی کوشتنی بەڕێز شولتۆ درا، ئەوا لە ماوەی نیوکاژێردا گەیشتە ئەوێ. هەر کە گەیشتە ئەوێ، ئەوا بە زیرەکییە ناوازەکەی توانی بزانێت کە تاوانبارەکان کێن، بۆیە چەند تاوانبارێکی دەستگیر کرد، ئەوانیش بریتی بوون لە (ثادیۆس شولتۆ)ی برای بارثلۆمیۆ شولتۆ، خاتوو (بێرنستن)ی خزمەتکار، هندووسییەکیش بە ناوی (لال راو) کە ئەویش خزمەتکار بوو، هەروەها پاسەوانێکیش بە ناوی مکمۆردۆ.
زیرەکی لێکۆڵەر جۆنز دەریخست کە مەحاڵە تاوانبارەکان بە دەرگایەکەدا یاخود پەنجەرەکاندا هاتبێتنە ژوورەوە بەوەی کە بە

**شێوەیەکی تۆکمە داخرابوون. هەروەها ئەوەشی دەرخست کە تاوانبارەکان شارەزای ماڵەکە بوون بەوەی کە بە دەرگایەکی نهێنیدا چوونەتە سەرەوە و گەنجینەکەیان دزیوە، دواتریش (بارثلۆمیۆ شولتۆ)یان کوشتووە. بوونی هزرێکی وەها زیرەک لە بارودۆخی لەو شێوەیەدا پێویستە، هەروەها ئەمەش ڕەتدانەوەیەکە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن لێکۆڵەران کەمتەرخەم و بێ توانان .**

**زەردەخەنەیەکی گەورە لێوەکانی (هۆڵمز)ی گرتبوو لە کاتێکدا قاوەکەی دەخواردەوە، دواتر گوتی: بەڕاستی سەرووتارێکی ناوازەیە، تۆش پێت وا نییە؟**

**-بە ڕای من دەراسا (موعجیزە-وەرگێر) بوو کە تۆمەتی کوشتنی (بارثلۆمیۆ شولتۆ)مان نەخرایە پاڵ .**

**-هاوڕام، ئەگەر دووبارە نەوبەی چالاکی بیگرێتەوە، ئەوا لەوانەیە ئێمەش قۆڵبەست بکات.**

**ڕێک لەو کاتەدا گوێمان لە دەنگی زەنگی دەرگا بوو، دواتریش بیستمان کە خاتوو (هەدسن)ی خاوەن ماڵ دەرگایەکەی کردۆتەوە و وا دەنگی ناڕەزایەتی بەرز دەکاتەوە .**

**-هۆڵمز ! وابزانم ئەوان بە دوامانەوەن !**

**-نەخێر، بەو شێوەیە نییە کە بیری لێ دەکەیتەوە. ئەوانە هێزە نانیزامییەکانی شەقامی "بەیکەر"ن.**

**لە کاتێکدا کە قسەی دەکرد، ئەوا گوێم لە شوێن پێی کۆمەڵە منداڵێکی چالاک بوو کە بەرەو ئێمە دەهاتن. زۆری پێ نەچوو کە کۆمەڵە منداڵێکی سواڵکەری پیس هاتنە ژوورەکە. بەڵام شایەنی باسە کە جۆرە ڕێکخستنێک لەناویاندا هەبوو، چونکە هەر کە ئێمەیان بینی، ئەوا بە شێوەی ڕیزێکی ڕێک وەستان و سەیری ئێمەیان دەکرد. دواتر یەکێکیان کە لە هەمووانیان باڵابەرزتر و بەتەمەنتر بوو هاتە پێشەوە، کەمێکیش پۆزی دەنواند. شتێکی پێکەنیناوی بوو کە منداڵێکی سواڵکەر بەم شێوە پۆزاوییە ببینم .**

**-نامەکەتم پێگەیشت گەورەم، هەموویانم هێنا. نرخی بلیتەکان سێ شلن و نیوە.**

**لە کاتێکدا هۆڵمز چەند دراوێکی زیوی بەو دەدا، ئەوا گوتی: فەرموو. بەوان بڵێ کە زانیارییەکان بە تۆ ڕابگەیەنن، دواتریش تۆ بە تەنیا زانیارییەکانم پێ ڕابگەیەنە ویگنز. بەڵام هەر شتێکی باشە کە هەمووتان هاتوون، چونکە دەمەوێت هەمووانتان گوێبیستی ڕێنماییەکان بن.**

**هۆڵمز بە سەرسامییەکی کپکراوەوە گوتی: پیاوێکی قاچ دارین؟**

**-بەڵێ بەڕێزم. پیاوێکی ناشیرینی قاچ دارین چەند جارێک هاتووە بۆ ئێرە تاکو چاوی بە هاوسەرەکەم بکەوێت. هەر ئەویش بوو کە دوێنێ لە خەوی هەستاند، بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کە هاوسەرەکەم بە هاتنی ئەوی دەزانی، چونکە بەلەمەکەی بۆ ئامادەکردبوو. لێت ناشارمەوە کە نیگەرانم.**

**(هۆڵمز)یش شانەکانی کەمێک ڕاتەکاند و گوتی: پێویست بە نیگەرانی ناکات خاتوو سمیث. بەڵام شتێکم پێ بڵێ، چۆن زانیت کە ئەوەی دوێنێ هاتبوو پیاوە قاچ دارینەکە بووە؟**

**-بە دەنگە گڕەکەی ئەوم ناسییەوە. دوێنێ کاتژمێر سێی بەیانی لە پەنجەرەکەی دا و گوتی: هەستە لە خەو، کاتی بەڕێکەوتنە. دواتر مێردەکەم (جیم)ی کوڕە گەورەمی هەستاند و پێکەوە ڕۆیشتن. دواتریش گوێم لە دەنگی قاچە دارینەکەی بوو کە بە ڕێگادا دەڕۆیشت، ئیتر زانیم کە خۆیەتی .**

-ئایا پیاوە قاچ دارینەکە بە تەنیا بوو؟

-دڵنیا نیم بەڕێزم، بەڵام گوێم لە هیچ دەنگێکی تر نەبوو .

-ببوورە خاتوو سمیث، بەڵام کاتێک ویستم بەلەمێک بەکرێ بگرم، ئەوا گوێم لە ناوی بەلەمێکی باش بوو بە ناوی... ئەرێ ناوی چی بوو؟

-ناوی "ئۆرۆرا"یە بەڕێزم .

-ئایا ئەو بەلەمە سەوزەیە کە خەتێکی زەردی پێدا هاتووە و پێشەکەشی باریکە؟

-نەخێر، لە ڕاستیدا وەکو بەلەمەکانی تر بچووکە، بەم دواییانە ڕەنگێکی ڕەشی لێ دراوە کە دوو خەتی سووری پێدا هاتووە .

-سوپاس خاتوو سمیث، هیوادارم کە بەمزووانە هەواڵی هاوسەرەکەت ببیستیت. ئێستا بە ڕووبارەکەدا دەڕۆم، ئەگەر "ئۆرۆرا"م بینی، ئەوا بە هاوسەرەکەت دەڵێم کە نیگەرانی ئەویت. ئەرێ... گوتت کە دوکەڵکێشی بەلەمەکەی ڕەشە؟

-ڕەنگێکی ڕەشی هەیە و خەتێکی شێوە شریتیشی بە دەوردا کێشراوە .

-سوپاس خاتوو سمیث، بە هیوای کاتێکی خۆش و خوات لەگەڵ. واتسن، یەکێک لەوێ دەبینم کە بەلەمێکی پێیە، با سەرکەوینە سەر ئەو بەلەمە و ڕووبارەکە ببرین. لە کاتێکدا کە سەرکەوتینە سەر بەلەمەکە و دانیشتین، ئەوا هۆڵمز گوتی: گرنگترین شت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بیکەیت ئەوەیە کە وا لە بەرامبەرت بکەیت کە هەست نەکات ئەو زانیارییانەی دەیدرکێنێت گرنگ بن، بەڵکو دەبێت بە سادەیی قسەیان لەگەڵدا بکەیت، وەکو کە چۆن کەمێک پێش ئێشتا ئەنجامم دا .

-دیارە کە ئێستا ئاراستەکەمان دیاری کراوە .

-بە ڕای تۆ ئێستا پێویستە چی بکەین؟

-بە ڕای من دەبێت بەلەمێک بەکرێ بگرین و بە دوای "ئۆرۆرۆ"دا بکەوین .

-ئەمە کارێکی قورس دەبێت هاوڕێی ئازیزم، چونکە ئەگەری هەیە کە لێرەوە تاکو گرینچ لە هەر بەندەرێک بوونی هەبێت وەستابێت، هەروەها لە ژێر پردەکەش چەندین بەندەری دوور و درێژ و ئاڵۆز هەن، ئەگەر بە تەنیا بە دوای ئەو بەلەمەدا بگەڕێیت، ئەوا چەندین ڕۆژت پێ دەچێت .

-کەوایە داوای یارمەتی لە پۆلیس دەکەین .

-نەخێر، لە کۆتا قۆناغدا بانگی جۆنز دەکەم. ئەو کەسێکی خراپ نییە، بۆیە نامەوێت زیان بە کارەکەی ئەو بگەیەنم. هەروەها مادام گەیشتووینەتە ئەم قۆناغە، ئەوا دەمەوێت خۆم کۆتایی بەم دۆسیەیە بهێنم .

-ئەی پێت چۆنە کە لە ڕۆژنامەکاندا ئاگادارییەک بڵاوبکەینەوە و داوای یارمەتی لە خاوەن بەندەرەکان بکەین؟

-جا ئەمە خراپتر ! ئەگەر ئەو دوو پیاوە ئەو ئاگادارییە ببینن، ئەوا دەزانن کە کەسانێک هەن بە دوایان دەکەون، ئەو کاتیش لەوانەیە ڕاکەن و وڵات جێبێڵن. هەرچەندە دڵنیام کە بەمزووانە وڵات جێدێڵن، بەڵام مادام کە وا هەست دەکەن پارێزراون، ئەوا پەلە لە ڕۆیشتندا ناکەن. شایەنی باسیشە کە تێڕوانینی جۆنز سوودی دەبێت، چونکە دڵنیام کە

**بەمزووانە ڕای خۆی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکاتەوە، بەمەش تاوانبارەکان وادەزانن کە پارێزراون و هیچ کەسێکیش بەدوایان ناکەوێت.**

**لە کاتێکدا کە لە بەندەری میلبانک نزیک دەبووینەوە بۆ ئەوەی دابەزین، ئەوا گوتم: ئەی کەوایە چی بکەین؟**

**-دەڕۆین سواری ئەو گالیسکەیە دەبین و بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەوین و نانی بەیانی دەخۆین و کەمێک دەخەوین، شەویش بەڕێ دەکەوینەوە. بەڵام سەرەتا لای ئێستگەیەکی پۆستە دەوەستین. هەروەها (تۆبی)ش لای خۆمان دەهێڵینەوە، چونکە دڵنیام کە کارمان پێی دەبێتەوە. دواتر لای ئێستگەی پۆستەی شەقامی گرەیت پیتەر وەستاین، هۆڵمز ڕۆیشتە ناوەوە و نامەیەکی نارد، دواتریش هاتەوە و بەڕێکەوتینەوە. لە کاتێکدا کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتین، هۆڵمز گوتی: بە ڕای تۆ ئەو نامەیەم بۆ کێ نارد؟**

**-نازانم .**

**-ئەو منداڵە سواڵکەرانەی شەقامی "بەیکەر"ت بیرە کە لە دۆسیەی جێفرسن هۆب یارمەتییان داین؟**

**منیش بە پێکەنینەوە گوتم: بەڵێ، بیرمە .**

**- یارمەتی ئەوان زۆر بەنرخە، ئەگەریش نەیانتوانی یارمەتیمان بدەن، ئەوا ڕێگەی تر دەگرمە بەر، بەڵام با لە ئێستادا بەختی خۆمان تاقی بکەینەوە. ئەو نامەیەی ناردم بۆ (ویگنز)ی هاروهاج بوو کە سەرکردەی منداڵە سواڵکەرەکانە. دڵنیام کە پێش ئەوەی نانی بەیانی تەواو بکەین، ئەوا دێن بۆ لامان.**

## بەشی نۆیەم

## نهێنییەکی شاراوە

پاش نیوەڕۆ درەنگ لە خەو هەستام، هەستم کرد کە وزە و چالاکیم بۆ گەڕاوەتەوە. (هۆڵمز)یش هەر لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، کەمانەکەی دانابوو و پەرتووکێکی بەدەستەوە بوو کە دەیخوێندەوە. کە منی بینی لە خەو هەستاوم، ئەوا بە ڕوویەکی غەمبارەوە گوتی: لە خەوێکی قووڵ دابوویت، نیگەران بووم کە گفتوگۆیەکەی ئێمە لەخەوت بکات .

-گوێم لە هیچ نەبووە، کەوایە هیچ هەواڵێکی تازەت بەدەست گەیشتووە؟

-بەداخەوە نەخێر، پێم سەیرە، چونکە بڕوام وابوو کە هەواڵی دۆزینەوەی بەلەمەکە لەم کاتانەدا پێم دەگات. کەمێک پێش ئێستا ویگنز لێرە بوو، گوتی کە بەلەمەکەیان نەدۆزیوەتەوە، ئەمەش تووڕەم دەکات بەوەی کە کاتێکی کەممان لەبەردەستە .

-ئایا هیچم پێدەکرێت؟ وزە و چالاکیم بۆ گەڕاوەتەوە، بۆیە ئامادەی گەشتێکی شەوانەی ترم .

-نەخێر، تەنیا پێویستە چاوەڕێ بکەین، ئەگەریش بچینە دەرەوە و هەواڵەکەمان پێ بگات، ئەوا کاتێکی زۆرمان لێ دەڕوات. تۆ چیت حەز لێیە بیکە، بەڵام من دەبێت لێرە چاوەڕێ بکەم .

-کەوایە دەڕۆم بۆ کامبرویل تاکو چاوم بە خاتوو فۆرستر بکەوێت و بۆی باسی ڕووداوەکان بکەم، بەڵێنم پێدا بوو.

کاتێک ئەمەم گوت، ئەوا چاوەکانی درەوشانەوە و گوتی: دەچیتە لای خاتوو فۆرستر؟

-بەڵێ، هەروەها دەچمە لای خاتوو (مۆرستن)یش، هەردووکیان دەیانویست گوێبیستی زانیارییەکان ببن .

-باشترە کە زانیاری ورد نەدرکێنیت، چونکە تەنانەت باشترین ئافرەتانیش جێی متمانە نین.

گوێم بەم قسەیەی نەدا و کۆتاییم بەو گفتوگۆیە هێنا و گوتم: پاش کاژێرێک یان دووان دەگەڕێمەوە .

-باشە، بەڵام مادام دەچیتە ئەو دیوی ڕووبارەکە، ئەوا تۆبی بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنەوە، چیتر کارمان پێی نییە.

داواکاری (هۆڵمز)م جێبەجێ کرد و سەگەکەم بۆ خاوەنەکەی گەڕاندەوە، دواتریش وەکو سوپاسێک نیو جونەی زێڕینم پێدا. دوای ئەوەی کە (تۆبی)م گەڕاندەوە، ئەوا ڕۆیشتم بۆ کامبرویل تاکو چاوم بەو دوو خاتوونە بکەوێت. کە گەیشتمە ئەوێ، ئەوا بینیم کە خاتوو مۆرستن هێشتا بە هۆی گەشتی ئەو شەوەمان ماندوویە، بەڵام تامەزرۆی زانینی ڕووداوەکانمان بوو، خاتوو (فۆرستر)یش بە هەمان شێوە تامەزرۆ بوو. دواتر دەستم کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە و زۆربەی شتەکانم بۆ باسکردن. بۆیە دەڵێم زۆربەی چونکە باسی هەندێک وردەکاریم نەکرد. بۆ نموونە باسی تاوانی کوشتنی (بارتلۆمیۆ شولتۆ)م کرد، بەڵام باسی ئەوەم نەکرد کە چۆن کوژراوە. هەرچەندە باسی وردەکاری تریشم نەکرد، بەڵام هێشتا هەر سەرسام بوون. دوای ئەوەی کە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەواو بووم، ئەوا خاتوو فۆرستر بە دەنگێکی

**بەرزەوە گوتی: ئەمە ڕێک لە چیرۆکێکی ڕۆمانسی دەچێت ! خاتوونێک کە پێویستی بە یارمەتییە، گەنجینەیەکی شاراوە، دڕندەیەکی مرۆڤخۆر، خراپەکارێکی قاچ دارین. ئەوان وەکو دوو ئەژدیها یاخود دوو خراپەکاری کلاسیکی وان.**

**خاتوو (مۆرستن)یش بە نیگایەکی میهرەبانەوە سەیری کردم و گوتی: لەگەڵ دوو سوارچاکی پاڵەوان کە یارمەتی خاتوونەکە دەدەن.**

**خاتوو (فۆرستر)یش گوتی: ڕاستت فەرموو، ئەوەش بزانە کە بەختی تۆ بەندە لەسەر دۆزینەوەی ئەو گەنجینەیە. ئەو هەموو پارە زۆرە بێنە پێش چاوی خۆت، دەتوانیت تەواوی جیهان بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە!**

**کاتێک (ماری)م بینی بەم قسەیە زۆر دڵخۆش نەبوو، ئەوا دڵم کەمێک کرایەوە (دەربڕینی وەرگێڕ). کە ئەمەی بیست، ئەوا سەری بۆ دواوە کشاندەوە و وەکو ئەوەی گەنجینەکەی لا گرنگ نەبێت گوتی: ئەوەی لام گرنگە ئەوەیە کە بێتاوانی بەڕێز ثادیۆ شولتۆ بسەلمێنین، ئەو پیاوێکی باشە، شایەنی ئەم مامەڵە خراپە نییە. دواتر ماڵاواییم لێ کردن و ڕۆیشتم، کاتێک چوومە دەرەوە بینیم کە دونیا تاریک بووە، بۆیە ڕێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. کاتێک گەیشتمەوە ماڵەوە، ئەوا (هۆڵمز)م لە ژوورەوە نەبینی، تەنیا پەرتووک و غلیۆنەکەیم بینی کە لەو شوێنەی جێهێشتبوون کە پێشووتر لێی دانیشت بوو. ژوورەکەم پشکنی بەو هیوایەی کە تێبینییەکی جێهێشتبێت کە تێیدا باسی لەوە کردبێت کە بۆ کوێ ڕۆیشتووە، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە. دواتر خاتوو (هەدسن)م بینی کە هاتە سەرەوە تاکو پەردەکان دابخات، کە ئەویش منی بینی، ئەوا گوتم: دیارە کە هۆڵمز چۆتە دەرەوە .**

**-نەخێر دکتۆر، بەڵکو چۆتە ژوورەکەیەوە.**

**دواتر دەنگی نزم کردەوە و گوتی: نیگەرانی تەندرووستی ئەوم .**

**-بۆچی نیگەرانیت خاتوو هەدسن؟**

**-ڕەفتاری سەیر دەنوێنێت دکتۆر. کە ڕۆیشتیت، ئەوا هەر بە ژوورەکەیدا دەهات و دەڕۆیشت، دەنگی پێیەکانی منی بە تەواوی بێزار کردبوو. هەروەها گوێشم لێ بوو کە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، کاتێکیش کەسێک لە زەنگی دەرگایەکەی دەدا، ئەوا دەهات و دەیگوت: ئەوە کێ بوو خاتوو هەدسن؟ دوای ئەوەش ڕێک دەڕۆیشتەوە ژوورەکەی. شایەنی باسە کە هێشتا گوێم لە دەنگی پێیەکانی ئەوە. هیوادارم ئەمە سەرەتای نەخۆشییەک نەبێت، کاتێک گوتم کە لەوانەیە تووشی تا بووبێت، ئەوا بە نیگایەکی وەها تیژ سەیری کردم کە ڕێک تێکچووم، نازانم کە چۆن لەو ساتەدا ئەوێم جێهێشت.**

**-نیگەران مەبە خاتوو هەدسن، ئەو نەخۆش نییە. پێشووتر بەم شێوەیەم بینیوە، دیارە کە بیر لە شتێک دەکاتەوە.**

**لە کاتێکدا کە قسەم بۆ دەکرد، ئەوا هەوڵمدا وا خۆم دەربخەم کە ئەم بابەتەم زۆر بەلاوە گرنگ نییە، بەڵام لێتان ناشارمەوە کە منیش نیگەران بووم، بە تایبەتی کاتێک لەو شەوە دوور و درێژەدا گوێم لە دەنگی پێیەکانی بوو کە هەر دەهات و دەڕۆیشت، دەمزانی کە ئەم بارودۆخە هزری ئەوی تێکداوە.**

**بۆ بەیانی دواتر لەسەر مێزی نانخواردن کۆبووینەوە، تێبینیم کرد کە زۆر ماندوو دیارە. دواتر گوتم: خۆت زۆر ماندوو دەکەیت هۆڵمز، ئەمشەو گوێم لە دەنگی پێیەکانت بوو کە هەر بەوێ و بەوێدا دەڕۆیشتیت .**

**-نەمتوانی بخەوم، ئەم کێشە پووچە وزەیەکی زۆری لێ بردووم. ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە بەربەستێکی وەها پووچ ڕێگریم لێ بکات لە کاتێکدا بەربەستەکانی ترم بڕیوە. دوو پیاوەکە دەناسم، دەزانم کە ناوی بەلەمەکە چییە و شێوەی چۆنە، بەڵام هەواڵی شوێنی ئەوانم پێ نەگەیشتووە. هەموو ڕێگایەکم بەکارهێناوە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو بەلەمە بزانم و تەواوی کەنارەکانی ئەم ناوچەیەش گەڕاوم، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە، خاتوو (سمیث)یش هێشتا چاوی بە هاوسەرەکەی**

نەکەوتۆتەوە. ئەگەر وا بەردەوام بێت، ئەوا گریمانەی ئەوە دادەنێم کە بەلەمەکەیان نوقمی ئاو کردبێت، بەڵام بڕوام وایە کە ئەمە ڕاست نییە .

-لەوانەیە خاتوو (سمیث) فێڵی لێ کردبین .

-نەخێر، چونکە بەدواداچوونم کرد و بۆم دەرکەوت کە بەلەمێکی لەو جۆرە بوونی هەیە .

-کەوایە ئەگەری هەیە کە ئاراستەکەی تری ڕووبارەکەی گرتبێت .

-بیرم لەوەش کردەوە، گروپێک وا ئەوێ دەپشکنن، تاکو ریچمۆند دەڕۆن. ئەگەر ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکم پێ نەگات، ئەوا خۆم دەگەڕێم، مەبەستم ئەوەیە کە بەدوای پیاوەکاندا دەگەڕێم، نەوەکو بەلەمەکە. هەرچەندە بڕوام وایە کە بەمزووانە هەواڵێکمان پێ دەگات.

بەڵام هیچ هەواڵێکمان پێ نەگەیشت، نە ویگنز نە ئەوانی تر هیچیان نەدۆزییەوە. ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژەش باسی کارەساتی (نۆرود)یان دەکرد کە تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو کە (ثادیۆس)ی داماو تاوانبارە. شایەنی باسە کە هیچ کام لە ڕۆژنامەکان زانیاری تازەی تێدا نەبوو، جگە لەوەی کە سبەی دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی تریش دەکرێت. بەهەرحاڵ دواتر ڕۆیشتم بۆ کامبرویل تاکو بە دوو خانمەکە ڕابگەیەنم کە هیچ هەواڵێکی تازەمان لا نییە. دواتر گەڕامەوە ماڵەوە و (هۆڵمز)م بینی کە زۆر بێزارە، توانستی قسەکردنی نەبوو و وەڵامی پرسیارەکانی نەدامەوە. بەهەرحاڵ کە شەو داهات، ئەوا خەریکی تاقیکردنەوەیەکی کیمیایی بوو، مادده کیمیاییەکە بۆنێکی ئێجگار ناخۆشی هەبوو، بۆیە ناچار بووم کە لە شوقەکە بچمە دەرەوە. دواتر گەڕامەوە و ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی خۆم تاکو بخەوم. شایەنی باسە کە تاکو بەرەبەیان هەر خەریکی تاقیکردنەوە کیمیاییەکەی بوو. بەهەرحاڵ بەیانی کە هەستام بینیم لای من بە پۆشاکی دەریاوانێکی سادەوە وەستاوە، پاڵتۆیەکی دەریاوانی خوری لەبەر کردبوو و ملپێچێکی سووری زبریشی لە دەوری ملی ئاڵاندبوو. دواتر گوتی: بەرەو ڕووبارەکە دەڕۆم واتسن، زۆر بیرم لێ کردەوە، دەبێت ئەمە بکەم .

-ئەی دەتوانم لەگەڵت بێم؟

-نەخێر، بوونی تۆ لێرە بۆ من باشترە. حەز ناکەم بڕۆم بەوەی کە لەوانەیە ئەمڕۆ هەواڵێکم بۆ بێت، هەرچەندە دوێنێ ویگنز زۆر نائومێد دیار بوو. هەر نامەیەکت پێگەیشت، ئەوا بیخوێنەوە و چۆنت پێ باش بوو وەڵامیان بدەوە، باشە؟

-بە دڵنیاییەوە .

-بەداخەوە کە ناتوانیت نامەم بۆ بنێریت بەوەی کە خۆشم نازانم بەرەو کوێ دەڕۆم، بەڵام باوەڕ ناکەم کە زۆرم پێ بچێت.

دواتر ڕۆیشت. تاکو ژەمی نانی بەیانی هیچ هەواڵێکی ئەوم پێنەگەیشت. بەهەرحاڵ دواتر سەیری ڕۆژنامەی "زە ستاندارد"م کرد و شتێکی تازەم بینی کە نووسرابوو :

بڕوامان وایە کە دۆسیەی نۆرود لەوە ئاڵۆزتر بێت کە پێشبینیمان دەکرد. چونکە چەند بەڵگەیەکی تازە دەریانخست کە مەحاڵە بەڕێز (ثادیۆس شولتۆ) دەستی لە کوشتنی برایەکەیدا هەبووبێت، بۆیە ئەو و خاتوو (بێرنستن)ی خزمەتکاری شەوی ڕابردوو ئازادکران. بەڵام پۆلیس بڕوای وایە کە ناسنامەی تاوانبارەکان دەزانێت، بۆیە لێکۆڵەر جۆنز بە شێلگیرییەوە لەم دۆسیەیە دەکۆڵێتەوە. ئەگەری هەیە کە بەمزووانە کەسانی تر قۆڵبەست بکرێن .

لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەمە هەواڵێکی خۆشە، بە لایەنی کەمەوە ثادیۆس ڕزگارکراوە. بەڵام ئایا دەبێت ئەم بەڵگە تازانە چی بن، هەرچەندە کاتێک پۆلیس هەڵەیەک دەکات، ئەوا شتێکی لەم شێوەیە دەڵێن.

دواتر ڕۆژنامەکەم فڕێدایە سەر مێزەکە، بەڵام ڕێک لەو کاتەدا چاوم بە بەشی ئاگادارییەکانی ڕۆژنامەکە کەوت کە ئەمەی تێدا نووسرابوو :

وون بوو!

کاژێر سێی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو مۆردیکای سمیث و (جیم)ی کوڕی بە بەلەمەکەیان کە ناوی "ئۆرۆرا"یە بەندەرەکەیان جێهێشت. بەلەمەکە ڕەنگی ڕەشە و دوو خەتی سووری پێدا هاتووە، دوکەڵکێشەکەشی ڕەشە و خەتێکی سپی شێوە شریتی بە دەوریدا هاتووە.

هەر کەسێک هەواڵی شوێنی مۆردیکای سمیث و کوڕەکەی یاخود "ئۆرۆرا" بە خاتوو سمیث لە بەندەری سمیث ڕابگەیەنێت، ئەوا پێنج جونەی خەڵات دەکرێت. یاخود هەواڵەکە بێنن بۆ ئەم ناونیشانە: B: 221 - شەقامی بەیکەر .

ئاشکرابوو کە هۆڵمز ئەمەی نووسیوە، هەر کە ناونیشانەی خۆمانمان بینی، ئەوا لێی دڵنیا بووم. ئەمە پلانێکی ناوازە بوو، چونکە کاتێک تاوانبارەکان ئەم ئاگادارییە دەبینن، ئەوا وادەزانن کە ئافرەتێک خەمی مێردەکەیەتی و دەوێت بیدۆزێتەوە.

ڕۆژەکە هێواش تێپەڕی، هەر جارێک کە گوێم لە زەنگی دەرگایەکە دەبوو یاخود کەسێک لە شوقەکەمان نزیک دەبۆوە، ئەوا وامدەزانی کە ئەوە (هۆڵمز)ە گەڕاوەتەوە یاخود یەکێکە کە ئاگادارییەکەی بینیوە و هاتووە تاکو هەواڵمان پێ بدات. ویستم شتێک بخوێنمەوە، بەڵام نەمتوانی بەوەی کە هزرم لەسەر ئەو ڕووداوە سەیرە بوو، هزرم تەنیا لەسەر ئەو دوو پیاوە بوو. دواتر لە دڵی خۆمدا گوتم: بڵێیت هۆڵمز هەڵنەخەڵەتابێت؟ ئایا گریمانەکانی بەڕاستی درووستن؟ هەرگیز نەمبینیوە کە هەڵە بکات، بەڵام تەنانەت زیرەکترین مرۆڤەکانیش جار جار هەڵە دەکەن. لەوانەیە بە هۆی زیادەڕۆیی لە لێکۆڵینەوە و گریمانەی قورس هەڵەی کردبێت، ویستوویەتی لێکدانەوەیەکی ئاڵۆز بۆ شتێک دانێت کە ساکارە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆم بەڵگەکانم بینی و هەروەها گوێبیستی گریمانە بیرسایەکانی ئەو بووم. کاتێک بیرم لە ڕووداوەکان دەکردەوە، ئەوا زۆر خەیاڵی و پووچ دیاربوون، بەڵام هەموویان یەک ئاڕاستەیان گرتبۆ بەر. ئەگەر گریمانەکانی هۆڵمز درووستیش نەبن، ئەوا دڵنیام کە دەرەنجامی ڕاستەقینە بەو ڕاددەیە سەیرە کە هۆڵمز باسی لێوە دەکرد. کاژێر سێ بوو کاتێک گوێم لە زەنگی دەرگا بوو، دواتر یەکێک هاتە سەرەوە. کە سەیرم کرد، ئەوا بینیم کە ئەوە جۆنز بوو وا بەرەو نهۆمی ئێمە دێت، ئەوەم لا سەیر بوو. لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە جیاواز دەهاتە پێش چاو، چونکە وەکو پێشووتر چالاک و پۆزاوی نەبوو، بەڵکو غەمگین دیار بوو، هەروەها وا دەردەکەوت کە پێویستی بە یارمەتییە. دواتر کە هاتە ژوورەوە، ئەوا گوتی: سڵاو بەڕێزم، بەو هیوایەی کە بێزارم نەکردبێت. ئایا بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز لێرەیە؟

-نەخێر، بەڵام دەتوانیت لێرە چاوەڕێی بکەیت تاکو دەگەڕێتەوە، ئەگەر حەزیش دەکەیت، ئەوا ئەم جگەرەیەش پێ بکە.

لەو کاتەدا دەستەسرێکی سووری گەورەی دەرهێنا و ئارەقی ڕووخساری پێ سڕییەوە، دواتر گوتی: سوپاست دەکەم .

-ئایا ویسکی بە سۆدات دەوێت؟

-تەنیا نیو پەرداخ، چونکە ئەمڕۆ زۆر گەرمە و زۆر شتیش هەیە کە هزری داگیر کردووم. ئاگاداری گریمانەی منیت سەبارەت بە دۆسیەی نۆرود، وایە؟

-بیرمە کە باسی گریمانەیەکت کرد .

-ناچار بووم كه ئەو گریمانەیە پووچەڵ بكەمەوە. وامزانی كە ئادیۆس تاوانبارە، بۆیە پەستانم خستە سەری، بەڵام دواتر بەڵگەیەكی نیشان داین كە ئەو بە تەواوی بێ تاوان دەردەخات. كاتێک برایەكەی جێهێشت، ئەوا چەند كەسێک ئەویان بینی بوو كە لە نیشتەنگەكەی خۆی نەچۆتە دەرەوە، كەوایە مەحاڵە كە ئەو بووبێت بەسەر سەربانی ماڵەكەیدا سەركەوتبێت و بە دەرگای سەقفەكەدا چووبێتە ژوورەوە. ئەم دۆسیەیە زۆر تەماوییە (ناڕوونە-وەرگێڕ)، شایەنی باسیشە كە ناوبانگی من لەسەر ئەم دۆسیەیە بەندە، بۆیە دڵخۆش دەبم ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەكان یارمەتیم بدرێت .

-هەموومان جار جار پێویستمان بە یارمەتییە.

بە دەنگێكی كپكراو گوتی: (شێرلۆک هۆڵمز)ی هاوڕێت بەڕاستی كەسێكی ناوازەیە بەڕێزم. ئەوم چەندین جار بینیوە كە دۆسیەی قورسی گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام هەمیشە توانیویەتی كۆتایی بە هەمووانیان بێنێت. هەرچەندە لەوانەیە لە گریمانەكانیدا زیادەڕۆیی بكات، بەڵام بە ڕای من لێكۆڵەرێكی ناوازەیە. ئەم بەیانییە لە لایان ئەوەوە نامەیەكم پێگەیشت، دیارە كە زانیارییەكی تازەی لەسەر دۆسیەی شولتۆ بەدەستهێناوە، ئەمەش نامەكەیە.

نامەكەی نیشان دام، لە ناوچەی "پۆپلار"ەوە كاژێر دوازدە نێردرابوو، نووسرابوو: هەر ئێستا بڕۆ بۆ شوقەكەم، ئەگەر زوو نەگەڕامەوە، ئەوا چاوەڕێم بكە. خەریكە دەستم بە تاوانبارەكان دەگات. ئەگەر ئەمشەو حەزت كرد، ئەوا دەتوانیت لەگەڵمان بێیت و كۆتایی دۆسیەكە ببینیت.

دواتر گوتم: ئەمە شتێكی باشە، دیارە كە شتێكی دەستكەوتووە.

جۆنز بە سەرسامی و كامەرانییەوە گوتی: كەوایە ئەویش سەرەتا هەڵە بوو، ڕاستیان گوتووە كە تەنانەت زیرەكترین مرۆڤەكانیش هەڵە دەكەن. لەوانەیە ئەم قسەیەی ئەو ڕاست نەبێت، بەڵام وەكو لێكۆڵەرێكی یاسایی ناتوانم پشتگوێی بخەم. بوەستە، دەنگێک دێت، لەوانەیە خۆی بێت.

گوێمان لە دەنگی شوێن پێیەكی قورس بوو كە بەسەر پلیكانەكاندا سەردەكەوت، دیار بوو كە ئەوەی دێت بە ئەستەم هەناسە دەدات، دوو سێ جاریش وەستا، دیار بوو كە سەركەوتن بۆ ئەو قورس بوو. لە كۆتاییدا هاتە سەرەوە و لە دەرگای دا، دواتر هاتە ژوورەوە. پیاوێكی پیر بوو كە پاڵتۆ و چاكەتێكی دەریایی كۆنی لەبەردا بوو و تەواوی قۆپچەكانیشی داخستبوو.

پشتی چەمابۆوە و چۆكەكانیشی دەلەرزین، بە ئەستەمیش دەیتوانی هەناسە بدات. گۆچانێكیشی پێ بوو كە خۆی بەو گرتبوو. ملپێچێكی ڕەنگاوڕەنگی لە ملی كردبوو. ڕووخساریم باش نەبینی بەوەی كە كەمێكی پۆشی بوو، بەڵام چاوە ڕەش و گەورەكانی، برۆ سپی و چرەكانیم بینی. دیار بوو كە دەریاوانێكی كۆنە و پیری پشتی شكاندووە (دەربڕینی وەرگێڕ). دواتر لێم پرسی: چیت دەوێت گەورەم؟

ئەویش وەكو پیرێكی ئاسایی بە هێواشی گوتی: ئایا شێرلۆک هۆڵمز لێرەیە؟

-نەخێر، بەڵام من لەجیاتی ئەو لێرەم، بۆیە ئەگەر دەتەوێت شتێكی پێ بڵێیت، ئەوا بە منی بڵێ تاكو پێی بڵێم .

-دەبێت خۆم پێی بڵێم .

-بەڵام خۆ گوتم كە من لەجیاتی ئەو لێرەم، ئایا ئەمە دەربارەی بەلەمی (مۆردیكای سمیث)ە؟

-بەڵێ، شوێنی بەلەم و دوو پیاوەكە دەزانم، هەروەها شوێنی گەنجینەكەش دەزانم، هەموو شتێک دەزانم .

-كەوایە پێم بڵێ و منیش پێی دەڵێم .

-نەخێر، دەبێت خۆم پێی بڵێم .

-کەوایە دەبێت چاوەڕێ بکەیت تاکو دەگەڕێتەوە .

-نەخێر، نەخێر، تەواوی ڕۆژەکە لێرە بەسەر نابەم. مادام بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز لێرە نییە، ئەوا با خۆی بەدوایان بکەوێت. من ئێوە ناناسم، بۆیە هیچ شتێکتان پێ ناڵێم.

دوای ئەم قسەیە لێمان دوورکەوتەوە و بەرەو لای دەرگایەکە ڕۆیشت تاکو بڕوات، بەڵام جۆنز پێشی کەوتەوە و ڕێگری لێ کرد، دواتی گوتی: چاوەڕێکە بەڕێزم، تۆ هەندێک زانیاری گرنگت لایە کە دەبێت پێمانی بڵێیت، بۆیە تاکو بەڕێز شێرلۆک هۆڵمز دەگەڕێتەوە، ئەوا لێرە دەتهێڵینەوە، جا پێت خۆش بێت یان نا.

پیاوە پیرەکەش بە توڕەیی گۆچانەکەی لە زەویدا و گوتی: من هاتووم تاکو چاوم بە پیاوێکی بەڕێز بکەوێت، کەچی ئێوە کە ناناسم وا بەرۆکم دەگرن و بە شێوەیەکی نابەجێ لێرە دەمهێڵنەوە!

منیش گوتم: هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنین گەورەم. دڵنیابە کە قەرەبووی کاتەکەت بۆ دەکەینەوە، بۆیە کەمێک چاوەڕێ بکە.

ئەویش بە توڕەیی دانیشت و هیچی تری نەگوت. من و (جۆنز)یش جگەرەیەکمان پێکرد و دەستمان بە گفتوگۆ کرد. بەڵام دواتر لەپڕ گوێمان لە دەنگی هۆڵمز بوو کە گوتی: جگەرەیەکیش بە من بدەن.

کە ئەوەمان بیست، ئەوا هەردووکمان ڕێک ڕاچڵەکین و هەستاین. دواتر بە سەرسامییەوە گوتم: هۆڵمز ! ئەوە لێرەیت؟! ئەی پیاوە پیرەکە لە کوێیە؟!

لە کاتێکدا قژێکی دەستکردی سپی نیشان داین، ئەوا گوتی: ئەمە قژە سپییە دەستکردەکەیە، ئەمانەش برۆ و قەنافیزەکانن. دەمزانی کە خۆگۆڕینەکەم زۆرباشە، بەڵام چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە بەم ڕاددەیە باش بێت.

جۆنز بە سەرسامییەکی زۆر و کامەرانییەوە گوتی: هەی فێڵباز ! ئەگەر ویستبات، ئەوا ئەکتەرێکی باشت لێ دەردەچوو. بە شێوەیەکی بێخەوش لاسایی کۆخەی ئەوانەت کردەوە کە لە نیشتەنگە هەژارەکاندا دەژین، هەروەها ئەو لاسایی کردنەوەی شێوازی ڕۆیشتنەکەش شایەنی ستاییشێکی گەورەیە. بەڵام وابزانم لە ڕێگەی چاوتەوە تۆم ناسییەوە، وەکو دەشبینیت کە نەمهێشت وا بە ئاسانی بۆی دەرچیت.

لە کاتێکدا کە جگەرەکەی پێدەکرد، ئەوا گوتی: تەواوی ڕۆژەکە خەریکی ئەم خۆگۆڕینە بووم. وەکو دەبینن کە چەندین ڕێکخراوی تاوانکاری من دەناسن، بە تایبەتیش بە هۆی ئەوەی کە واتسن چەند نووسراوێکی سەبارەت بە دۆسیەکانم بڵاو کردۆتەوە، بۆیە نەمتوانی بە شێوەی ئاسایی خۆم بچمە دەرەوە. بەهەرحاڵ، ئایا نامەکەی منت پێگەیشت جۆنز؟

-بەڵێ، بۆیە هاتووم بۆ ئێرە .

-ئەی دۆسیەکەت هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە بینی؟

-نەخێر، ناچار بووم دوو گومانلێکراو ئازاد بکەم، بەڵگەیەکیش بوونی نییە کە دووانەکەی تریش تاوانبار بن .

-نیگەران مەبە، دوو تاوانباری ترت بۆ لەجێیان دادەنێم، بەڵام پێویستە تەواوی فەرمانەکانم جێبەجێ بکەیت. لە کۆتاییدا دەتوانیت بڵێیت کە ئەوە تۆ بوویت کۆتاییت بە دۆسیەکە هێنا، بەڵام دەبێت گوێبیستی فەرمانەکانم بیت، باشە؟

-بە دڵنیاییەوە، مادام لە قۆڵبەستکردنی تاوانبارەکاندا یارمەتیم دەدەیت، ئەوا کێشەم نییە .

**-زۆرباشه، یەکەم شت ئەوەیە کە پێویستم بە بەلەمێکی پۆلیسییە، بەلەمێکی هەڵمین. کاژێر حەوت دەمەوێت دانەیەک لە بەندەری وستمێنستەر ستیرز ئامادە بکەیت .**

**-ئەوە کارێکی ئاسانە، چونکە ئەوێ هەمیشە بەلەمێکی لەو جۆرەی لێیە، بەڵام با سەرەتا پەیوەندی بە ئێستگەوە بکەم تاکو دڵنیا ببمەوە .**

**-دوو پیاوی بەهێزیش بێنە، چونکە ئەگەری هەیە کە تاوانبارەکان ڕووبەڕوومان ببنەوە .**

**-زۆرباشە، دوو سێ پیاو دێنم و فەرمانیان پێدەکەم کە بچنە ناو بەلەمەکە، چیتر؟**

**-کاتێک دوو پیاوەکە قۆڵبەست کران، ئەوا ئێمە گەنجینەکە دەبەین، دواتریش واتسن دەچێت تاکو بۆ خاوەنەی بگەڕێنێتەوە کە خاتوو (مۆرستن)ە، پێت چۆنە واتسن؟**

**-ئەمەم بەدڵە.**

**جۆنز بە کەمێک دوودڵییەوە گوتی: ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، بەڵام دەی... هیچ شتێک دەربارەی ئەم دۆسیەیە ئاسایی نییە. بەڵام دواتر دەبێت گەنجینەکە ڕادەستی ئێمە بکەنەوە، چونکە بۆ لێکۆڵینەوەکە پێویستمان پێیەتی .**

**-هەروەها شتێکی تریش... دەمەوێت ڕاستی ڕووداوەکان لە دەمی (جانسن سمۆل)ەوە ببیستم، باش دەزانیت کە حەز دەکەم تەواوی وردەکاری دۆسیەکانم بزانم. بۆیە کێشە نابێت ئەگەر بە شێوەیەکی نافەرمی لێرە یان لە شوێنێک کە چاودێرییەکی توندی لەسەر بێت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەم؟**

**-باشە، چیت پێ خۆشە وابکە، هەرچەندە هێشتا بەڵگەم لەسەر بوونی کەسێک بە ناوی (جانسن سمۆل)ەوە نییە. بەڵام ئەگەر توانیت قۆڵبەستی بکەیت، ئەوا دەتوانیت چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەیت .**

**-کەوایە لەوانەی کە بۆم باس کردیت تێگەیشتیت؟**

**-بەڵێ، ئایا داواکاری ترت هەیە؟**

**تەنیا ئەوە ماوە کە بڵێم دەبێت نانی ئێوارەمان لەگەڵدا بخۆیت، نیو کاژێری تر ئامادە دەبێت. خواردنێکی خۆشم ئامادە کردووە، شایەنی باسیشە کە واتسن هێشتا دانی بەوە دانەناوە کە من لە چێشت لێناندا باشم.**

## بەشی دەیەم

## مەرگی دوورگەنشینە دڕندەکە

ژەمێکی خۆشمان بەڕێ کرد بەوەی کە هۆڵمز بە شێوەیەکی ناوازە قسەی زۆری بۆ کردین، نەمدەزانی کە هۆڵمز بەم شێوەیە دەتوانێت لە ڕێگەی قسەکردنەوە سەرنجی بەرامبەری ڕاکێشێت. باسی چەندین بابەتی یەک لە دوای یەکی، بۆ نموونە باسی شانۆی پەرجوویەکانی کرد، یان باسی ئایینی "بودا"ی کرد لە سیلان، یاخود کەشتییە جەنگییەکانی داهاتوو، وا دەردەکەوت کە بە وردی لەو زانیارییانەی کۆڵیوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا بێزارییەکی زۆر ئەوی گرتبوو، بەڵام ئەو ئێوارە قسەی زۆر خۆشی بۆ کردین، ئێمەش زۆر پێکەنین. شایەنی باسیشە کە دەرکەوت جۆنز کەسێکی ئێجگار کۆمەڵایەتییە، هەڵبەتە لە کاتێکدا کە کاری نەبێت، ئەو ئێوارەیە چێژێکی زۆری لە خواردنەکە بینی. منیش دڵخۆش بووم کە دۆسیەکەمان وا بەرەو کۆتایی دەچێت. شایەنی باسە کە لە کاتی خواردنی ژەمەکەدا هیچ کام لە ئێمە باسی ئەو دۆسیەیەمان نەکرد. دوای ئەوەی کە لە نانخواردن تەواو بووین و قاپەکان لابردران، ئەوا هۆڵمز مەیەکی بەهێزی بۆ تێکردین و گوتی: بە خۆشی سەرکەوتنی ئەرکە بچووکەکەمان. ئێستا دەبێت بڕۆین، ئایا دەمانچەت پێیە واتسن؟

-دەمانچە کۆنەکەی سەربازیم لە دۆڵابەکەدایە .

-کەوایە لەگەڵ خۆتی بهێنە، باشترە کە ئامادەبین. داوام کرد کە کاژێر شەش و نیو گالیسکەیەک بێت بۆ ئێرە، دیارە کە لە دەرەوە چاوەڕێمان دەکات.

کاژێر حەوت کەمێکی لادابوو کاتێک گەیشتینە بەندەری وستمێنستەر، لەوێ ئەو بەلەمەمان بینی کە هۆڵمز داوای کردبوو. دواتر هۆڵمز کەمێکی پشکنی و گوتی: ئایا هیچ نیشانەیەک یان هێمایەک دەری دەخات کە ئەم بەلەمە هی پۆلیس بێت؟

(جۆنز)یش گوتی: بەڵێ، ئەو چرایە سەوزە کە بە تەنیشتییەوە بەستراوە .

-کەوایە لاییە.

(جۆنز)یش چرایەکەی لابرد و دواتر سەرکەوتینە سەر بەلەمەکە و بەڕێکەوتین. من و هۆڵمز و جۆنز لە پشتەوەی بەلەمەکە دانیشتبووین، یەکێکیش لە پێشەوە سووکانەکەی بەدەستەوە بوو، یەکێکیش بزوێنەرەکانی پێدەکرد، دوو چوارشانەی گەورەش کە ئەفسەری پۆلیس بوون لە پێشەوە دانیشتبوون.

جۆنز پرسی: بەرەو کوێ دەڕۆین؟

-بەرەو قوللەکە (تاوەر-وەرگێڕ)، پێیان بڵێ کە بەلەمەکە لە نزیک تەرسانەی کەشتییەکانی جەیکبسن بوەستێنن.

بەلەمەکەمان ئێجگار خێرا بوو، بە خێرایی توانیمان ئەو بەندەرانە تێپەڕێنین کە پڕ بوون لە کاڵا جۆراوجۆرەکان، دواتر هۆڵمز زەردەخەنەی ڕەزامەندی هاتە سەر لێوەکانی کاتێک بینی کە لەپێش پاپۆڕێکی هەڵمینمان داوەتەوە، دواتر گوتی: بەم شێوەیە بێت ئەوا دەتوانین لە پێش هەموو بەلەمێک بدەینەوە.

جۆنز لە وەڵامدا گوتی: ئەمە تاکو ڕاددەیەک درووستە، بەڵام کەم بەلەم هەیە کە بتوانێت لەپێشمان بداتەوە .

-بڕوام وایە کە دەتوانین لە خێرایی ئۆرۆرا نزیک ببینەوە، دەشزانن کە ئەو بەلەمە بە خێراییەکەیەوە ناسراوە. بەهەرحاڵ واتسن، بیرتە کاتێک ئەو بەربەستە بچووکە منی چەندە بێزار کردبوو؟

-بەڵێ .

-باشە، دوای ئەم بەربەستە پشوویەکی بچووکم بە مێشکم دا، ئەمەش دوای ئەوەی کە تاقیکردنەوەیەکی کیمیاییم ئەنجام دا. یەکێک لە سیاسەتمەدارەکانی ئێمە دەڵێت: "ئەگەر دەتەوێت پشوو بدەیت، ئەوا جۆری کارەکەت بگۆڕە". ڕاستیش دەکات، چونکە کاتێک سەرکەوتوو بووم لە تواندنەوەی ماددەی هایدرۆکاربۆن، ئەوا گەڕامەوە سەر دۆسیەی شولتۆ و بە تێڕوانینێکی تازەوە سەیرم کرد. کوڕەکان تەواوی ڕووبار و بەندەرەکان گەڕان، بەڵام ئەو بەلەمەیان نەدۆزییەوە. دەمزانی کە ئەو بەلەمە لە شوێنێکە و نوقمی ئاو نەکراوە، هەڵبەتە ئەم ئەگەرە کاتێک ڕاست دەبوو کە ئەگەرەکانی تر پووچەڵ بووبانەوە. دەمزانی کە سمۆل زیرەکە، بەڵام نەمدەزانی کە بەم ڕاددەیە زیرەکە، ئەوەش لە ئاکامی خوێندنی باشییەوە بووە. دواتر بیرم کردەوە کە ماوەیەک لە لەندەن بووە، بەڵگەی ئەوەشمان لایە کە بە شێوەیەکی بەردەوام چاودێری "بۆندچێری لۆج"ی کردووە، بۆیە بۆ ئەو قورس بووە کە ڕاستەوخۆ ئەوێ جێ بهێڵێت. بۆیە پێویستی بە کات بووە - ئەگەر یەک ڕۆژیش بێت - بۆ ئەوەی کاروبارەکانی ڕێک بخات. هەڵبەتە ئەمە گریمانە بەهێزەکەیە .

-ئەگەری ڕوودانی ئەمە کەمە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە تەواوی کاروبارەکانی ڕێکخستبوو پێش ئەوەی دەست بە ئەرکەکەی بکات .

-باوەڕ ناکەم کارێکی لەم شێوەیەی کردبێت، ئەگەر وایکردبێت، ئەوا حەشارگەیەکی بۆ خۆی داناوە بۆ ئەوەی ئەگەر ناچار بوو، ئەوا تێیدا بمێنێتەوە. بەڵام دواتر بیرم لە شتێکی تریش کردەوە... بڕوام وایە کە سمۆل بیری لەوە کردۆتەوە کە شێوەی هاوڕێیەکەی تایبەتە، ئەمەش وا دەکات کە بکەوێتە سەر زاری خەڵک، ئەگەریشی هەیە کە ئەو بلکێنن بە ڕووداوەکەی نۆرود. بۆیە لە تاریکی شەودا بەڕێکەوتن و ویستیشیان پێش ڕووناکی بەرەبەیان بگەڕێنەوە. بەڵام وەکو خاتوو سمیث گوتی کە کاژێر سێ بوو کە ئەوان بە بەلەمەکە بەڕێکەوتن، ئەمەش کاژێرێکیان پێ دەدات پێش ئەوەی ڕووناکی خۆرهەڵاتن دەربکەوێت و خەڵکیش بەربڵاوبن. بۆیە بیرم کردەوە کە ئەگەری هەیە زۆر دوور نەکەوتبێتنەوە.

ئەوان بێدەنگی (سمیث)یان بە نرخێکی باش کڕی، بەلەمەکەشیان لای خۆیان هێشتەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لە ڕێگەیەوە ڕابکەن، دواتریش بە گەنجینەکەوە ڕۆیشتنەوە حەشارگەکەیان. دوای چەند ڕۆژێکیش سەیری ڕۆژنامەکان دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کە ئایا گومانیان لەسەرە یان نا، کە دڵنیابوونەوە گومانیان لەسەر نییە، ئەوا دووبارە لە تاریکی شەودا بەرەو کەشتییەک لە گریفسند یان داونز بەڕێ دەکەون، دڵنیاشم کە بەرەو ئەمریکا یاخود داگیرگەیەکانی تر دەڕۆن .

-بەڵام ئەی چی دەربارەی بەلەمەکە؟ ئەوان ناتوانن بەلەمەکە بۆ حەشارگەکەیان ببەن .

-ڕاستت فەرموو، بۆیە بیرم کردەوە کە زۆر دوور نییە. دواتر خۆم لە جێی سمۆل دانا تاکو بزانم چی لەو بەلەمە کردووە. ئەو وا بیری کردۆتەوە کە هێشتنەوەی بەلەمەکە یان دانانی لە بەندەرێک وا دەکات پۆلیس بە ئاسانی بیدۆزێتەوە، بۆیە چۆن دەتوانێت بیشارێتەوە و لە کاتی پێویستدا بەکاری بێنێت؟ خۆم لە جێگەی ئەو دانا و بیرم تەنیا بۆ یەک شت چوو. ئەگەر لە جێی ئەو بووبام، ئەوا بەلەمەکەم بۆ لای تەرسانەیەک یان وەستایەک دەبرد تاکو شێوەی

بەلەمەکەم کەمێک بۆ بگۆڕێت، دواتریش بەلەمەکە بۆ تەرسانەکە یان کارخانەکە دەبات، بەم شێوەیەش دەیشارێتەوە، هەر کاتێکیش حەزی لێ بێت، ئەوا دەتوانێت داوای بکات و بەکاری بێنێت .

-ئەمە زۆر ساکار دیارە .

-زۆربەی کات شتە ساکارەکانن کە پشتگوێ دەخرێن، بەڵام جەختم زۆر لەسەر ئەم ئەگەرە کردۆتەوە. بۆیە پۆشاکێکی دەریاوانیم پۆشی و تەواوی تەرسانەی کەشتییەکانی ڕووبارەکە گەڕام و پرسیم کە ئایا بەلەمێکی لەو شێوەیان بینیوە یان نا. لە پازدە گەڕاندا سەرکەوتوو نەبووم، بەڵام لە گەڕانی شازدەیەمم کە تەرسانەی جەیکبسن بوو، ئەوا بۆم دەرکەوت کە ئەوان "ئۆرۆرا"یان لە لایان پیاوێکی قاچ دارینەوە پێگەیشتووە کە داوای کردووە کەمێک گۆڕانکاری لە سوکانەکەیدا بکەن. دواتر سەرۆکی کارکەرانی ئەوێ پێی گوتم: ئەمەتا، ئەمە ئەو بەلەمەیە کە دوو خەتی سووری پێدا هاتووە، هیچ کێشەیەک لە سوکانەکەیدا نییە.

ڕێک لەو کاتەدا (مۆردیکای سمیث)ی خاوەن بەلەمەکە هاتە ژوورەوە، زۆر سەرخۆش بوو بوو، ئەگەر ناوی خۆی و بەلەمەکەی نەگوتبا، ئەوا نەمدەناسییەوە. کاتێک هاتە ژوورەوە، ئەوا هاواری کرد و گوتی: دەبێت بۆ کاژێر هەشت ئەو بەلەمە ئامادە دەبێت، دوو پیاوم لەگەڵن کە ناتوانن چاوەڕێ بکەن ! ئاشکرابوو کە پارەیەکی باشی پێدرابوو بەوەی کە بینیم پارەیەکی زۆری پێیە، هەروەها چەندین شلنیشی بەسەر کارکەرەکاندا دابەش دەکرد. دواتر ڕۆیشت و منیش بەدوای کەوتم، بینیم کە ڕۆیشتە ناو مەیخانەیەک، بۆیە ئەوێم جێهێشت. ڕێک لەو ساتەدا و بە ڕێکەوت یەکێک لە کوڕەکانم بینی، داوام لێ کرد کە لەوێ بمێنێتەوە و چاودێری بەلەمەکە بکات. کاتێک بەلەمەکە بەڕێکەوت، ئەوا لەسەر لێواری کەنارەکە بە دەستەسڕە سپییەکەی ئاماژەمان پێ دەدات، ئێمەش لەو کاتەدا لەناو ڕووبارەکە خۆمان دەشارینەوە و دواتر قۆڵبەستیان دەکەین.

جۆنز گوتی: ئاشکرایە کە پلانێکی وردت داڕشتووە، بەڵام لە جێی تۆ بووبام، ئەوا پۆلیسم بۆ تەرسانەی جەیکبسن دەنارد و لەوێ قۆڵبەستم دەکردن .

-بەم شێوەیە بێت، ئەوا هەرگیز شوێنی خۆیان جێ ناهێڵن، چونکە سمۆل کەسێکی زیرەکە. دڵنیام کە کەسێکی چاودێری داناوە، بۆیە ئەگەر شتێک ببینێت کە بەدڵی نییە، ئەوا حەفتەیەکی تریش هەر بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

منیش گوتم: بەڵام دەتتوانی بەدوای مۆردیکای سمیث بکەویت تاکو شوێنی ئەوان بزانیت .

-ئەوە تەنیا کات بەفیڕۆدان دەبوو، چونکە ئەگەرێکی کەمی هەیە کە سمیث بە شوێنی ئەوان بزانێت. تاکو پارە و مەی هەبێت، ئەوا بۆچی پرسیار بکات؟ دڵنیام کە لە ڕێگەی نامەوە فەرمانەکانی پێ دەگات. ئەمانە باشترین پلانەکانن، بیرم لە هەموو شتێک کردۆتەوە.

لە کاتی قسەکردندا بە ژێر کۆمەڵێک لە پردە بچووکەکانی ڕووباری "تیمز"دا ڕۆیشتین، خۆر وردە وردە لە پشت کڵێسای کاتدرائی سانت لویس لە لەندەن ئاوا دەبوو، کاتێکیش کە گەیشتینە قوللەکە، ئەوا کازیوە بەرپا بووبوو (مەبەستی لە خۆراوابوونە-وەرگێر).

لە کاتێکدا کە هۆڵمز ئاماژەی بە گوریس و کەرستەی کەشتییەکان دەدا، ئەوا گوتی: ئەمە تەرسانەی "جەیکبسن"ە، با بە شێوەیەکی هێمن دزە بکەینە پشت ئەو کەشتی بارهەڵگرانە.

دواتر دووربینێکی جۆری شەوی دەرهێنا و سەیری کەنارەکەی کرد، دواتر گوتی: کوڕەکە لەوێیە، بەڵام دەستەسڕەکەی بەرز نەکردۆتەوە.

جۆنز بە پەرۆشییەوە گوتی: ئایا ناتوانین کەمێک بە ئاراستەی تەوژمەکە برۆین و دواتر بوەستین و لەوێ چاوەڕوانیان بکەین؟

لەو کاتەدا هەموومان پەرۆش بووین (مەبەستی لەوەیە کە چاوەڕوانی ڕوودانی شتێکی گرنگ بوون-وەرگێر)، تەنانەت دوو پۆلیسەکە و دوو کارکەرەکەش کە نەیاندەزانی چی ڕوودەدات پەرۆش بوون.

-ئەگەری هەیە کە بە ئاراستەی تەوژمەکە برۆن، بەڵام لەوە دڵنیا نین، بۆیە نابێت پەلە بکەین. ئەمشەو ساماڵە و مانگ ڕووناکییەکی باشی هەیە، هەروەها شوێنی ئێمە زۆر باشە بەوەی کە دەروازەی تەرەسانەکە دەبینین، واتا ئێمە ئەوان دەبینین، بەڵام ئەوان ئێمە نابینن. ئەو کارکەرانە دەبینن کە لە ژێر ڕووناکی گڵۆپە گازییەکاندا وەستاون؟

-دیارە کە کارەکانیان جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە .

-کەمێک پشێو دیارن، بەڵام بڕوام وایە کە هەر یەکێک لەوانە خاوەن ویستێکی گەورەیە. ئەو ویستە هەرگیز لە ڕێگەی ڕووخسارییانەوە دەرناکەوێت، بەڕاستی مرۆڤەکان مەتەڵن !

-هەندێک دەڵێن کە ئەوانە ڕوحێکن لە جەستەی ئاژەڵدا .

-رینوود بە وردی باس لەوە دەکات. دەڵێت کە مرۆڤ بە تەنیا مەتەڵێکی گەورەیە، بەڵام لەناو کۆمەڵە کەسێکدا ئاساییە و تەنیا وەکو ژمارەیەک سەیر دەکرێت. بۆ نموونە ناتوانیت پێشبینی هەڵسوکەوتی تاکە کەسێک بکەیت، بەڵام دەتوانیت پێشبینی هەڵسوکەوتی کۆمەڵە کەسێک بکەیت. مرۆڤەکان لە یەکتری جیاوازن، بەڵام ئەو ڕێژەیە هەر لە جێی خۆیەتی و ناجووڵێت. ئایا ئەوە دەستەسرە؟ شتێک لەوێ دەبینم .

-بەڵێ، ئەوە ئەو کوڕەیە کە باست کرد ! ئاماژەمان پێ دەدات !

-ئەوەش "ئۆرۆرا"یە کە بە خێرایی بەڕێ دەکەوێت. خێرا بەدوای بکەوە هەی شۆفێر ! سوێند بەخوا خۆم نابەخشم ئەگەر پێیان نەگەینەوە.

بەلەمەکە بە نهێنی لە دەروازەی تەرەسانەکەوە هاتە دەرەوە و بە تەنیشت دوو سێ بەلەمی بچووکدا ڕۆیشت، دواتر بە خێراییەکی زۆر بە ئاراستەی تەوژمی ڕووبارەکە ڕۆیشت. (جۆنز)یش نائومێدی دایگرت و گوتی: زۆر خێرایە، باوەڕ ناکەم کە پێیان بگەینەوە!

(هۆڵمز)یش بە پەرۆشییەکی زۆرەوە هاواری کرد و گوتی: دەبێت پێیان بگەینەوە ! دەی خەڵووزی تری تێکەن هەی کارکەران ! وابکەن کە ئەم بەلەمە بەوپەڕی خێراییەوە بڕوات ! هەر دەبێت پێیان بگەینەوە، تەنانەت ئەگەر ئاکامی ئەمە سووتانی ئەم بەلەمەش بێت!

لە کاتێکدا لە ئۆرۆرا نزیک دەبووینەوە، ئەوا دەنگی بزوێنەرەکان بەرز بۆوە، ڕێک وەکو ئەوە وابوو کە دڵێکی ئاسنینی گەورە بێت، بە هۆی خێرایی زۆرەوە شەپۆلێکی گەورەمان لە لای چەپ و ڕاستمان درووست کرد، بەلەمەکەش هەر هەڵبەز و دابەزی دەکرد وەکو ئەوەی کە گامێشێکی زیندووبێت. ناو ڕووبارەکە تاریک بوو، بەڵام کەشتییەک لە نزیکمان بوو و گڵۆپەکانی پێکردبوو، ئەمەش کەمێک لە تاریکییەکەی کەم کردەوە. دواتر "ئۆرۆرا"مان بینی کە بە خێراییەکی زۆرەوە دوور دەکەوێتەوە، ئێمەش هەر بەدوایان دەکەوتین. هۆڵمز بە پەرۆشییەکی زۆرەوە ڕۆیشتە ژووری بزوێنەرەکان، ڕووخساری سوور بووبۆوە و دەمارەکانیشی دەرکەوتبوون، دواتر بە هاوارەوە گوتی: دەی خەڵووزی زیاتری تێبکەن ! پێویستە هەڵمی زیاتر بەدەست بێنین!

جۆنز لە کاتێکدا سەیری "ئۆرۆرا"ی دەکرد گوتی: وابزانم وا لە بەلەمەکە نزیک دەبینەوە.

منیش گوتم: به دڵنیاییەوە، چەند خوولەکێکی تر پێیان دەگەینەوە.

بەڵام بۆ بەدبەختیمان بەلەمێک لە پێشەوە ڕێگەی لێ گرتبووین، بۆیە ناچار بووین کە بە ئاراستەی "با"یەکە بڕۆین تاکو خۆی پێدا نەدەین، کاتێک سووڕاینەوە، ئەوا ئۆرۆرا دوو سەد یارد دوورکەوتبۆوە، بەڵام هێشتا هەر دەمانبینی. لەو کاتەدا ئاسمانی تاریکی ئێوارە دەگۆڕا بۆ ئاسمانی شەوێک کە ئەستێرەکان ڕووناکیان دەکردەوە. لەو کاتەدا بەلەمەکەمان بەوپەڕی خێراییەوە دەڕۆیشت و هەر هەڵبەز و دابەزی دەکرد. بە ناوچەی "زە پۆل"ی ڕووباری "تیمز"دا ڕۆیشتین، دواتریش بە نزیک بەندەری "وێست ئیندیا دۆکس"دا ڕۆیشتین، دوای ئەوەش بە ناوچەی دوور و درێژی "دێتفورد ریچ"دا ڕۆیشتین، لە کۆتاییشدا گەڕاینەوە سەرووی ڕووبارەکە دوای ئەوەی کە بە دەوری سەری دوورگەی سەگەکاندا سووڕاینەوە. دوای ماوەیەک "ئۆرۆرا"مان بە ڕوونی بینی لە کاتێکدا پێشووتر تەنیا وەکو پەڵەیەک لە دوورەوە دەردەکەوت. جۆنز یەکێکی لە پێشەوە دانا تاکو بزانێت چەند کەس لەسەر بەلەمی "ئۆرۆرا"ن. پیاوێکمان بینی کە شتێکی لەسەر ئەژنۆیەکانی دانابوو و بەسەریدا چەمابۆوە، دواتر شتێکمان بینی کە لە سەگی جۆری نیوفاند لاند دەچوو، کوڕێکیش سوکانەکەی بەدەستەوە بوو و (سمیث)ی پیریشم بینی کە سنگی خۆی ڕووت کردبۆوە و بەوپەڕی تواناوە خەڵووزی لە دوکەڵکێشەکەدا دەکرد. لەوانەیە سەرەتا دڵنیا نەبووبن کە بەدوایانەوەین، بەڵام ئێستا لەوە دڵنیان بەوەی کە پێچی زۆریان دەکرد تاکو ونیان بکەین. کاتێک گەیشتینە گرینچ، ئەوا تەنیا سێ سەد هەنگاو لە ئێمەوە دوور بوون، کاتێکیش گەیشتینە بلاکوال، ئەوا مەودای نێوانمان بوو بە دوو سەد و پەنجا هەنگاو. لە چەندین شوێن و وڵاتدا بە دوای چەندین جۆر بوونەوەر کەوتووم، بەڵام هیچیان بە ئەندازەی بەدواکەوتنی ئەو دوو تاوانبارەی ئەو شەوە خۆش نەبوون. پێ بە پێ لێیان نزیک دەبووینەوە، تاکو وای لێهات کە گوێمان لە دەنگی بزوێنەری بەلەمەکەیان بوو.

ئەو پیاوەی لە پشتەوە دانیشت بوو هێشتا سەرقاڵی ئەو شتە بوو کە پێی بوو، جار جاریش سەیری ئێمەی دەکرد تاکو بزانێت کە چەندە لێمانەوە دوورە. بە ئەندازەی درێژی چوار بەلەم لێیان نزیک بووینەوە، لەو کاتەدا بە خێراییەکی زۆرەوە گەیشتینە شوێنێکی دیاری ڕووبارەکە، لایەکمان گردی بارکینگ بوو، لایەکەی تریشمان زۆنگاوەکانی بلامستید بوو. کاتێک لێیان نزیک بووینەوە، ئەوا جۆنز فەرمانیان پێکرد کە لە شوێنی خۆیان بوەستن. کاتێک ئەو پیاوەی لە پشتەوە دانیشت بوو گوێی لە جۆنز بوو، ئەوا هەستا و بە دەنگێکی بەرزەوە چەندین جنێوی پێداین. پیاوێکی بەهێز و گەورە بوو، کاتێکیش ویستی هاوسەنگی خۆی ڕاگرێت، ئەوا هەردوو قاچەکانی دەرکەوتن، یەکێکیان قاچێکی دارین بوو. دواتریش ئەو شتەی کە وامانزانی سەگە، ئەوا خۆی دەرخست و دەرکەوت کە پیاوێکی بچووکە - بچووکترین پیاو بوو کە لە ژیانمدا بینیبێتم -، سەرێکی گەورە و قژێکی ئاڵۆزی هەبوو. (هۆڵمز)یش لەو کاتەدا ڕێک دەمانچەکەی دەرهێنا، منیش دوای ئەو دەمانچەکەم دەرهێنا. جەستەی بە شتێک داپۆشی بوو کە لە بەتانی یان عەبا دەچوو، بۆیە تەنیا توانیمان ڕووخساری ببینین، ڕووخسارێکی ئێجگار ترسناکی هەبوو. هەرگیز ڕووخسارێکم نەبینی بوو کە بەو ڕاددەیە شەڕانگێز دەربکەوێت. چاوەکانی تەسک و پڕ لە دڕندەیی بوون، لێوەکانی قڵیشا بوون و بە توڕەییەکی زۆرەوە سەیری ئێمە دەکرد، ڕێک لە ئاژەڵ دەچوو.

هۆڵمز بە هێمنی گوتی: ئەگەر دەستی بەرز کردەوە، ئەوا تەقەی لێ بکە.

شایەنی باسە کە لەو کاتەدا بە ئەندازەی درێژی بەلەمێک لێیان نزیک بوو بووینەوە، بۆیە چرایەکانمان تێگرتن و بە ڕوونی شێوەی ئەوانمان بینی. پیاوێکی قاچ دارینی گەورە کە خەریکی جنێودانە، کورتەباڵایەکی دڕندەی ددان زەرد کە بە توڕەیی سەیری ئێمە دەکات. شتێکی باش بوو کە ئەوانمان بە ڕوونی بینی چونکە کورتەباڵایەکە قامیشێکی لە ژێر عەبایەکەی دەرهێنا و لە دەمی نزیک کردەوە تاکو شتێکمان تێبگرێت. ئێمەش هەردووکمان لەو کاتەدا تەقەمان لێ کرد، بینیمان کە بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و بە چاوێکی مردووەوە کەوتە ناو ڕووبارەکە، ئیتر کۆتایی بە ژیانی هات. ڕێک لەو ساتەدا پیاوە قاچ دارینەکە پڕیدایە سوکانەکە و بەرەو کەناری باشوور سووڕاندییەوە، ئێمەش لەو کاتەدا تەقەمان دەکرد، هەرچەندە هیچمان نەپێکا. بەهەرحاڵ زۆری پێ نەچوو کە ئێمەش بە هەمان ئاراستە ڕۆیشتین، بەڵام ئەو خەریک بوو بگاتە کەنارەکە. شوێنێکی ئێجگار تاریک و ناخۆش بوو، ڕووناکی مانگ بەسەر زۆنگاوەکاندا دەدرەوشایەوە و چاڵە قوڕینەکانی دەردەخست. ئیتر زۆری پێ نەچوو کە بەلەمەکەی لە کەناردا، هەر کە بەر کەنارەکە

کەوت، ئەوا پێشەوەی بەلەمەی بەرزبۆوە و دواوەوەشی کەوتە ژێر ئاوەوە. پیاوە قاچ دارینەکە خۆی فڕێدایە سەر زۆنگاوەکان، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە قاچە دارینەکەی کەوتە ناو یەکێک لەو چاڵە قوڕینانە. هەوڵێکی زۆری دا تاکو خۆی ڕزگار بکات، بەڵام هەوڵەکانی بێهودە بوون. هەر کە بە بەلەمەکەمان لێی نزیک بووینەوە، ئەوا ناچار بووین گوریسێکی بۆ هەڵدەین بەوەی کە خراپ کەوتبووە ناو چاڵەکەوە، ئیتر زۆری پێ نەچوو کە گوریسەکەی گرت و ئێمەش وەکو ماسییەک بەرەو بەلەمەکەمان هێنا و دواتر بەستمانەوە. کوڕ و باوکەکە بە ڕوویەکی گرژەوە لەناو بەلەمەکەدا مانەوە، بەڵام کاتێک جۆنز فەرمانی پێکردن کە بێنە ناو بەلەمەکەمانەوە، ئەوا فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد. شایەنی باسیشە کە "ئۆرۆرا"شمان ڕاکێشا و بە بەلەمەکەی خۆمانەوە بەستمانەوە، دواتر سەیرمان کرد و بینیمان کە سندووقێکی ئاسنینی هیندی لەسەرە. ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەو سندووقە بوو کە گەنجینەی نەفرەت لێکراوی خانەوادەی (شولتۆ)ی تێدا بوو. کلیلی پێوە نەبوو و زۆریش قورس بوو، بۆیە بە وریاییەوە هێنامانە سەر بەلەمەکەی خۆمان. دواتر بە هێمنی گەڕاینەوە، لە ڕێگای گەڕانەوەشدا ڕووناکیمان خستە سەر ڕووبارەکە بەو هیوای کە لاشەی پیاوە بچووکەکە بدۆزینەوە، بەڵام ئاسەواری دیار نەبوو. دواتر هۆڵمز گوتی: سەیری دوکەڵکێشەکە بکە، ئەو دڕکەی کە هاویشتی بێرە کەوتووە.

هۆڵمز بەمە پێکەنی و زۆری لا گرنگ نەبوو، بەڵام من کە ئەوەم بینی تێکچووم چونکە کە زانیم خەریک بوو بمرین، ئەوا خۆم بۆ نەگیرا و خەریک بوو بڕشێمەوە.

## بەشی یازدەیەم

## گەنجینە مەزنەکەی ئاگرا

تۆمەتبارەکە لای ئەو سندووقە ئاسنینە دانیشت کە کۆششێکی زۆری بۆ کرد. پیاوێکی بێباک دیاربوو، ڕووخساری گنجاوی و مەیلەو سوور بوو، ئەوانە نیشانەی ئەوە بوون کە ژیانێکی سەختی بەڕێکردووە. ڕیشێکی هەبوو کە هەیبەتێکی سەیری هەبوو، وای لێ دەکرێت کە لەوە تێبگەیت ئەو کەسێک نییە کە کۆڵ بدات. لە کەسێکی پەنجا ساڵ دەچوو، قژی ماش و برنجی بوو. ڕووخسارێکی ناشیرینی نەبوو، بەڵام برۆ پانەکانی و چەناگە پانەکەی وا دەکرد کە لێی بترسیت، بە تایبەتی کاتێک توڕە دەبوو. بەهەرحاڵ کاتێک کەلەپچەمان کرد، ئەوا تەنیا سەرنجی لەسەر سندووقەکە بوو. دیار بوو کە زیاتر غەمبارە نەوەکو توڕە. دواتر هۆڵمز جگەرەیەکی پێکرد و گوتی: پێم ناخۆشە کە کۆتاییەکەت بەم شێوەیە بوو جانسن سمۆل .

-هەروەها منیش بەڕێزم، دەمزانی کە ڕزگارم نابێت. بەڵام شتێک بزانە، سوێند بەخوا ئەوە (تونگا)ی نەفرەتی بوو کە دڕکە ژەهراوییەکەی لە (شولتۆ)دا، من دەستم لە کوشتنی ئەودا نەبوو. کاتێک ئەوم بە مردوویی بینی، ئەوا زۆر دڵتەنگ بووم، تەنانەت چەند قامچییەکیشم لە تونگا دا، بەڵام تازە ئەوەی بوو بوو .

-جگەرەیەک بکێشە، هەروەها کەمێکیش لە مەیەی من بخۆوە، چونکە بە تەواوی تەڕ بوویت. باوەڕت پێدەکەم بەوەی کە نەتدەزانی ئەو بەتەمای کوشتنی ئەو بووە .

-زۆر شت دەزانیت بەڕێزم، وەکو ئەوەی کە لەوێ لەگەڵمان بوویبێت. لە ڕاستیدا ویستم هیچ کەسێک لە ژوورەکەدا نەبێت، خووی تەواوی نیشتەجێیەکانی ناو خانووەکەم دەزانی، ئەوەم دەزانی کە لەو کاتانەدا بەڕێز شولتۆ دەڕۆیشت بۆ خوارەوە تاکو ژەمی ئێوارە بخوات. هیچ شتێکتان دەربارەی ئەوە لێ ناشارمەوە، چونکە باشترین ڕێگە کە لێیەوە بەرگری لە خۆم بکەم، ئەوا بە گوتنی ڕاستییەکەیە. سەیرکەن، ئەگەر پێشڕەوەکەم گرتبا، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەر چەقۆم دەدا و دەمکوشت. بەڵام لە بەدبەختیم تووشی کوڕەکەی بووم کە هیچ کینەیەکم بەرامبەر نەبوو .

-بەڕێز ئاسلنی جۆنز سەر بە ئێستگەی پۆلیسی سکۆتلاند یارد قۆڵبەستت دەکات و دەتبات بۆ شوقەکەم تاکو تەواوی ڕاستییەکانم پێ بڵێیت. پێویستە تەواوی نهێنییەکان بدرکێنیت، ئەگەر وابکەیت، ئەوا لەوانەیە بتوانم یارمەتیت بدەم و ئەوە بسەلمێنم کە ژەهرەکە بە ڕاددەیەک خێرا بووە کە پێش ڕۆیشتنی تۆ بۆناو ژوورەکە، ئەوا شولتۆ مردبوو .

-هەر ئەمەش ڕوویدا بەڕێزم، کە چوومە ژوورەکەیەوە، ئەوا لاشەی مردووی ئەوم بینی، هەرگیز ئەو دیمەنە لەبیر ناکەم، ڕووخساری بەڕاستی سامناک بوو. خەریک بوو لەسەر ئەمە تونگا بکووژم، بەڵام ڕایکرد. هەر بۆیەشە کە کوتک و دڕکەکانی جێهێشت، واشبزانم بە هۆی ئەوانەوە توانیتان شوێنی ئێمە بدۆزنەوە، هەرچەندە هێشتا تێناگەم کە چۆن توانیتان شوێنی ئێمە بدۆزنەوە.

دواتر بە پێکەنینێکی پڕ لە ئازارەوە گوتی: من کە خاوەنی یاسایی نیو ملیۆن جونەی ئەو گەنجینەیەم دەبوایە نیوەی ژیانم لە دروستکردنی بەربەستی دژە شەپۆل لە دوورگەکانی ئاندرمان بەسەربدبا، نیوەکەی تریش لە دروستکردنی ئاوەڕۆ لە دارتمۆر. هەر کە ئەو ڕۆژەی (ئاشمیت)ی بازرگانم بینی و گەنجینەی ئاگرا هاتە ژیانمەوە، ئەوا هەموو شتێک

**تێکچوو. ئەوەکو تەنیا بۆ من، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە بەشدار بوون. ئەوەتا بازرگانەکە کوژرا، پێشڕەو (شولتۆ)ی تووشی نیگەرانی و ترس کرد، منیشی تووشی کۆتی هەتاهەتایی کرد.**

**ڕێک لەو ساتەدا (جۆنز)یش هاتە ژوورەوە. لەبیرم چوو کە بۆتان باس بکەم کە ئەومان لەگەڵ سندووقەکە لە ژوورێکی بچووکی ناو بەلەمەکە دانا. دواتر جۆنز گوتی: ئای کە کۆبوونەوەیەکی خێزانی خۆشە، کەمێک لەو "مەی"ەتم پێ بدە هۆڵمز. پێویستە پیرۆزبایی لە یەکتری بکەین، هەرچەندە کە نەمانتوانی پیاوەکەی تر بە زیندوویی قۆڵبەست بکەین، بەڵام هەڵبژاردەی ترمان نەبوو. دەبێت دان بەوە دابنێیت کە خەریک بوو "ئۆرۆرا"مان لەدەست بچێت، بەختێکی باشمان هەبوو کە گرتمان .**

**-گرنگ ئەنجامە، هەرچەندە پێشبینیم نەدەکرد ئۆرۆرا بەو ڕاددەیە خێرا بێت .**

**-سمیث دەڵێت کە ئۆرۆرا یەکێکە لە خێراترین بەلەمەکان، دەیگوت ئەگەر پیاوێکی تری لەگەڵ بووبا تاکو یارمەتی دابا لە تێکردنی خەڵووزەکە، ئەوا هەرگیز پێی نەدەگەیشتینەوە. بەڵام سوێند دەخوات کە هیچ شتێک دەربارەی دۆسیەی نۆرود نازانێت.**

**تۆمەتبارەکەش گوتی: ڕاست دەکات، بۆیە ئەوم هەڵبژارد چونکە بیستم کە بەلەمێکی خێرای هەیە. بەڵام پارەیەکی باشمان پێدا، هەروەها بەڵێنیشمان پێدا کە ئەگەر توانیمان بگەینە کەشتی ئیزمیرالدا لە گریفسند کە بەرەو بەڕازیل دەچێت، ئەوا خەڵاتێکی باشی دەکەین .**

**-زۆرباشە، وا دەکەین کە زیانی پێ نەگات. ڕاستە کە زوو تاوانباران قۆڵبەست دەکەین، بەڵام زوو حوکمیان لەسەر نادەین.**

**شتێکی پێکەنیناوی بوو کە وا خێرا جۆنز خۆی بە بەرپرسیاری سەرکەوتنی ئەو دۆسیەیە زانی، تێبینی ئەوەشم کرد کە (هۆڵمز)یش هەستی بەوە کردبوو کاتێک بینیم زەردەخەنە کەوتۆتە سەر لێوەکانی.**

**دواتر جۆنز گوتی: بەمزووانە دەگەینە پردی ڤۆکسهۆل، تۆ و گەنجینەکە لەوێ دادەبەزێنین دکتۆر واتسن، ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، بەڵام ئەم بارە قورسە دەخەمە سەر شانم. شایەنی باسیشە کە ئەفسەرێکیشت لەگەڵدا دەنێرم بەوەی کە گەنجینەکە قورسە. ئایا بە گالیسکەی بەکرێگراو دەڕۆیت، وایە؟**

**-بەڵێ .**

**-حەیف کە کلیلی سندووقەکەمان لا نییە تاکو بزانین چی تێدایە، سەرەتا دەبێت قوفڵەکەی بشکێنیت. هێی تۆ، کلیلەکە لە کوێیە؟**

**سمۆل بە توڕەییەوە گوتی: لە ژێر ڕووبارەکەدایە .**

**-بەڕاستی تووشی کێشەی زۆرت کردووین، بەڵام چیتر ناتوانیت تووشی کێشەمان بکەیت. دووبارە ئاگادارت دەکەمەوە دکتۆر، وریای سندووقەکە ببە، دواتریش بیهێنەوە بۆ شوقەکەتان، پێش ئەوەی بچین بۆ ئێستگە، ئەوا دەچین بۆ ئەوێ.**

**دواتر من و گەنجینەکەیان لە ڤۆکسهۆل دابەزاند، هەروەها ئەفسەرێکی باشیشیان لەگەڵ ناردم. دوای ئەوەی کە گالیسکەکە بۆ ماوەی پازە خوولەک بە ڕێگادا ڕۆیشت، ئەوا گەیشتینە لای ماڵی خاتوو فۆرستر. خزمەتکارەکە پێی سەیر بوو کە بەو درەنگە کەسێک هاتووە، دواتر پێی گوتم کە خاتوو فۆرستر لەوێ نییە و درەنگیش دەگەڕێتەوە. بەڵام خاتوو مۆرستن لە ژووری میوانەکان بوو، بۆیە بە سندووقەکەوە ڕۆیشتمە لای و بە ئەفسەرەکەشم گوت کە لەناو گالیسکەکەدا بمێنێتەوە. کاتێک چوومە ژوورەوە، ئەوا بینیم کە پۆشاکێکی سپی لەبەردایە، ئێقە و کەمەری خەتێکی سووری پێدا**

**هاتبوو كە ڕازاندبوویەوە. پشتی بە قەنەفە نەرمەكەی دابوو، دیار بوو كە دڵتەنگ بوو. كاتێک گوێی لە دەنگی پێیەكانی من بوو، ئەوا هەستا. كاتێكیش كە منی بینی، ئەوا زۆر دڵخۆش بوو .**

**-گوێم لە دەنگی گالیسكەیەک بوو، وامزانی كە خاتوو (فۆرستر)ە، چاوەڕێی ئەوەم نەدەكرد كە تۆ بیت. ئایا هەواڵێكت پێیە؟**

**سندووقەكەم لەپێش دانا و خۆشحاڵی خۆیم بۆ دەربڕی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو كات زۆر دڵتەنگ بووم.**

**دواتر گوتم: لە هەواڵ باشترم پێیە، گەنجینەكەم بۆ هێناویت.**

**بە شێوەیەكی سارد سەیری سندووقەكەی كرد و گوتی: كەوایە ئەمە گەنجینەكەیە؟**

**-بەڵێ، ئەمە گەنجینە مەزنەكەی "ئاگرا"یە، نیوەی هی تۆیە و نیوەكەی تریش هی بەڕێز (ثادیۆس شولتۆ)یە، هەر یەكێک لە ئێوە چەند سەد هەزار جونەیەكی بەردەكەوێت. ئایا ئەمە ناوازە نییە؟ تۆ دەبیت بە یەكێک لە دەوڵەمەندترین گەنجەكانی ئینگەلترا!**

**وابزانم لە دەربڕینی خۆشحاڵییە ساختەكەمدا زیادەڕۆییم كرد، چونكە تێبینیم كرد كە برۆیەكانی هەڵهێنا و بە شێوەیەكی گوماناوی سەیری كردم .**

**-بە هۆی یارمەتی تۆوە توانیم بەدەستی بێنم .**

**-نەخێر، ئەوە شێرلۆک هۆڵمز بوو كە بۆی دۆزیتەوە، ئەگەر ئەو نەبووبا، ئەوا هەرگیز چاومان بەم گەنجینەیە نەدەكەوت .**

**-تكایە دانیشە دكتۆر واتسن، بۆم باسی هەموو شتێک بكە.**

**بە كورتی بۆم باسی ڕووداوەكانی دوایی كرد كە هۆڵمز چۆن بەدوای بەلەمەكەدا گەڕا و دۆزییەوە، دواتر كە چۆن جۆنز دەركەوت و دواتریش بەو شەوە بەدواكەوتنێكی سەختگیرمان لە ڕووباری تیمز ئەنجامدا. زۆر بە جۆشەوە گوێی بۆ دەگرتم و چاوەكانی دەدرەوشانەوە، كاتێكیش بیستی كە خەریک بوو دڕكێكمان پێ بكەوێت، ئەوا تێكچوو و خەریک بوو لەهۆش خۆی بچێت.**

**لە كاتێكدا كە ئاوم بۆی دەهێنا، ئەوا گوتی: ئێستا باشم، بەڕاستی تووشی شۆک بووم كاتێک بیستم كە هاوڕێیەكانم تووشی مەترسییەكی لەو جۆرە كردووە .**

**-هیچمان بەسەر نەهاتووە و ئێستا هەموو شتێک كۆتایی پێهاتووە. با واز لەم ڕووداوە ناخۆشانە بێنین و بیر لە شتێكی خۆشتر بكەینەوە كە گەنجینەكەیە. چ شتێک لەو گەنجینەیە خۆشترە؟ سەرەتا مۆڵەتم وەرگرت تاكو بۆتی بهێنم، چونكە ویستم یەكەم كەس بیت كە گەنجینەكە ببینیت.**

**ئەویش گوتی: زۆر بۆی تامەزرۆ بووم.**

**بەڵام كە ئەمەی گوت، ئەوا هیچ خۆشییەكی دەرنەبڕی. بەڵام دواتر وای بیركردەوە كە شتێكی جوان نییە گرنگی بەو گەنجینەیە نەدات كە ئێمە بۆ گەڕاندنەوەی زەحمەتمان كێشابوو. بۆیە دواتر گوتی: بەڕاستی سندووقێكی جوانە، ئەم زەخرەفە هیندییانە دەستكردن، وایە؟**

**-بەڵێ، سندووقەكەش لە ویلایەتی بیناریس درووستكراوە.**

**لە کاتێکدا کە دەیویست هەڵی بگرێت، ئەوا گوتی: زۆریش قورسە، لەوانەیە خودی سندووقەکەش بەنرخ بێت. کلیلەکەی لە کوێیە؟**

**-سمۆڵ فڕێیدایە ناو ڕووباری "تیمز"ەوە، بۆیە دەبێت قوفڵەکە بشکێنم. دواتر پارچە ئاسنێکی تۆکمەم لە تەنیشت ئاگردانەکەوە بینی، هێنام و قوفڵەکەیم پێ شکاند. دواتر سەیری ناوەوەمان کرد و بە سەرسامییەوە سەیرمان کرد کە بەتاڵە!**

**شتێکی سەیر نەبوو کە وا قورس بوو، چونکە ئاسنەکە پان و تۆکمە بوو، هەروەها ناوەوەشی فراوان بوو و جێی شتی زۆر دەبۆوە. دیارە کە گەوهەر و شتە بەنرخەکان لەوێدا بوون، بەڵام ئێستا هیچ شتێکی تێدا نییە.**

**خاتوو مۆرستن بە هێمنی گوتی: گەنجینەکە ون بووە!**

**کاتێک کە ئەمەم بیست، ئەوا چیتر دڵتەنگ نەمام و دڵخۆشییەکی ئێجگار زۆر دایگرتم، ڕاستە کە ئەمە خۆپەرستی بوو، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا و بە هاوارەوە گوتم: سوپاس بۆ خوا!**

**خاتوو مۆرستن کە ئەمەی بیست، ئەوا بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: بۆچی وا دەڵێیت؟**

**ڕێک لەو کاتەدا دەستەکانیم گرت و بە توندی گوشیمن، دواتریش گوتم: چونکە لە کۆتاییدا دەتوانم هەستی خۆمت پێ بڵێم، تۆم خۆش دەوێت ماری ! ئەم گەنجینەیە ڕێگری لێ کردبووم، بەڵام مادام ئێستا بوونی نەماوە، ئەوا هیچ ڕێگرێک نییە کە پێت بڵێم خۆشم دەوێیت ! بۆیە سوپاس بۆ خوا.**

**لە کاتێکدا کە باوەشم لێی دا، ئەوا بە هێمنی گوتی: کەوایە منیش سوپاسی خودا دەکەم.**

**ئیتر ئەو شەوە من گەنجینەی خۆم دۆزییەوە.**

## بەشی دوازدەیەم و کۆتایی

## چیرۆکە سەیرەکەی جانسن سمۆل

ئەو ئەفسەرەی کە لەگەڵم بوو ئارامییەکی باشی هەبوو بەوەی کە درەنگ گەڕامەوە لای، کاتێکیش کە سندووقە بەتاڵەکەم نیشان دا، ئەوا خەم گرتی. بە دڵێکی تەنگەوە گوتی: خەڵاتەکەشمان ڕۆیشت ! ئەگەر گەنجینەی تێدا نەبێت، ئەوا حەقدەستی خۆم وەرناگرم .

-بەڕێز ثادیۆس پیاوێکی دەوڵەمەندە، دڵنیام کە خەڵاتتان دەکات.

ئەویش سەری لەقاند و بە بێزاری گوتی: دڵنیام کە بەڕێز جۆنز پێم دەڵێت کە کارەکەم بە باشی ئەنجام نەداوە.

ڕاستی کرد، چونکە کاتێک گەڕامەوە و سندووقە بەتاڵەکەم نیشانی جۆنز دا، ئەوا زۆر تێکچوو. شایەنی باسە کە ئەوان سەرەتا ڕۆیشتنە ئێستگەی پۆلیس تاکو ڕووداوەکان تۆمار بکەن و ئینجا هاتن بۆ شوقەکەمان، دیارە کە پلانەکەیان گۆڕی بوو، بەهەرحاڵ کە منیش گەیشتمە شوقەکە، ئەوا ئەوان تازە گەیشتبوونە ئەوێ. هۆڵمز وەکو هەمیشە لەسەر کورسییە نەرمەکەی دانیشت و (سمۆل)یش لە بەردەمی دانیشتبوو و قاچە دارینەکەی لەسەر قاچەکەی تری دانابوو. کاتێکیش کە سمۆل سندووقە بەتاڵەکەی بینی، ئەوا زۆر پێکەنی.

جۆنز بە توڕەییەکی زۆرەوە گوتی: ئەوە تۆیت کە ئەمەت کردووە سمۆل!

ئەویش بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: بەڵێ ! لە شوێنێکم شاردۆتەوە کە هەرگیز نەتوانن بیدۆزنەوە ! ئەو گەنجینەیە موڵکی من و سێ زیندانی ترە لە دوورگەکانی ئاندرمان، ئەگەر من نەتوانم بەدەستی بهێنم، ئەوا ڕێگە نادەم هیچ کەسێکی تر دەستی پێبگات. لە ئێستادا منیش دەستم پێی ناگات، ئەوانیش دەستیان پێناگات، هەم بۆ خۆم کارم دەکرد و هەمیش بۆ ئەوان، چونکە هەمیشە ئەم چوارەمان پێکەوە بووین. ئەگەر ئەوان لەجێی من بووبان، ئەوا هەمان کاریان ئەنجام دەدا، وەکو من پێیان خۆشتر بوو کە گەنجینەکە فڕێدەمە ناو ڕووباری "تیمز"ەوە نەوەکو بگات بە دەستی یەکێک لە وەچەکانی شولتۆ یان مۆرستن. ئێمە ئەو کارەمان بەرامبەر ئاشمیت نەکرد تاکو ئەوان پێی دەوڵەمەند ببن و زگیان تێر بێت. گەنجینەکە لەگەڵ کلیل و (تونگا)ی بچووک لە ژێر ڕووبارەکەدان. کاتێک بینیم کە بەلەمەکەتان لێمان نزیک دەبێتەوە، ئەوا گەنجینەکەم لە شوێنێکی ڕووبارەکە شاردەوە، بۆیە ئەمەشم کرد تاکو هیچ کەسێکی سوودی لێ نەبینێت.

جۆنز بە توڕەییەوە گوتی: تۆ فێڵمان لێ دەکەیت سمۆل ! ئەگەر بەڕاستی گەنجینەکەت فڕێداوە ناو ڕووباری "تیمز"ەوە، ئەوا باشتر نەدەبوو کە بە سندووقەکەوە فڕێی بدەیت؟!

سمۆل بە چاوێکی پڕ لە فێڵەوە سەیری ئەوی کرد و گوتی: ئەگەر وامکردبا، ئەوا بۆ ئێوە ئاسان دەبوو کە بیدۆزنەوە. چونکە یەکێک بەو ڕاددەیە زیرەک بێت کە بتوانێت گەنجینەکە بدۆزێتەوە، ئەوا بەو ڕاددەیەش زیرەک دەبێت کە لە ژێر ڕووبارەکەدا دەری بهێنێت. بۆیە لە مەودای پێنج میل هەموویم فڕێدا، ئەمەش زۆر ئازاری دام، کاتێکیش کە بە ئێمە گەیشتنەوە، ئەوا خەریک بوو شێت ببم. بەڵام بۆ ئەوە دڵتەنگ نیم، چونکە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و ناخۆشیم بەڕێکرد، بۆیە خەمی شیرێکی ڕژاو ناخۆم (مەبەستی گەنجینەکەیە-وەرگێڕ).

(جۆنز)یش گوتی: کارێکی خراپت کرد سمۆل، ئەگەر ئەمەت نەکردبا، ئەوا لەوانەیە لە دادگا بەرگرییەکەت باشتر بووبا و دادپەروەریت بەدەست هێنابا.

تاوانبارەکەش دەنگی بەرز کردەوە و بە تورەیی گوتی: دادپەروەری؟! کام دادپەروەری؟ ئەگەر ئێمە نەبین، ئەوا کێ خاوەنی ئەو گەنجینەیە؟ ئایا دادپەروەرییە کە ئەو گەنجینەیە بە یەکێک بدرێت کە شایەنی نییە؟ دەزانیت بۆچی ئەو گەنجینەیە مافی منی پێوەیە؟! چونکە بۆ ماوەی بیست ساڵ رۆژانە لە ژێر داری قورم لەو زۆنگاوە پیسە کارم دەکرد و شەوانەش لە زیندانە پیسەکان لەگەڵ تاوانبارەکانی تر کۆت دەکرام، مێشوولە پێیان وەدەدام و تووشی نەوبەی تا دەبووم، دەبوایە بەرگەی سووکایەتی ئەو پۆلیسە رەش پێستانەشم گرتبا کە حەزیان دەکرد تورەیی خۆیان بەسەر پیاوێکی سپی پێستدا برێژن. بەم شێوەیە ئەو گەنجەیەیە مافی منی پێوەیە. تۆش بۆم باسی دادپەروەری دەکەیت و دەڵێیت کە مافی ئەوەم نەبووە پێم ناخۆش بێت کە کەسانی ناشایستە دەستیان بەو گەنجینەیە بگات؟ پێم باشترە بیست جار لە سێدارە بدرێم یاخود یەکێک لە درکەکانی تونگا لە پێستمدا بچەقێت و بمرم نەوەکو لە زیندان ببم و ئەو راستییە بزانم کە یەکێک لە دەرەوە وا خۆشی لە گەنجینەکە دەبینێت.

سمۆل لە کاتی ئەم قسانەدا تورەییەکی ئێجگار زۆر داگیری کردبوو، چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری (دەربرینی وەرگێر) و کەلەپچەکانی دەجووڵاندن. کاتێک بەم شێوەیە بینیم کە تورەیە، ئەوا بۆم دەرکەوت کە بۆچی پێشرەو شولتۆ وا لێی ترسابوو.

هۆڵمز دوای ئەوەی کە ئەم قسانەی بیست بە هێمنی گوتی: ئەوەت لەبیر نەچێت کە ئێمە هێشتا هیچ شتێک دەربارەی چیرۆکەکەت نازانین، بۆیە ئەگەر گوێبیستی چیرۆکەکەت نەبین، ئەوا نازانین کە ئایا ماف لای تۆیە یان نا.

-باشە بەرێزم، تاکو ئێستا تەنیا بە شێوەیەکی بەرێزانە مامەڵەت لەگەڵدا کردووم، هەرچەندە ئەوە تۆ بوویت کە منت قۆڵبەست کرد و تووشی ئەم کەلەپچانەت کردم. بەڵام ئەوە بزانە کە هیچ کینەیەکم بەرامبەرت نییە بەوەی کە ئەوەی ئەنجامت داوە کارێکی یاسایی بووە. ئەگەر دەتەوێت گوێبیستی چیرۆکەکەم بیت، ئەوا تەواوی رووداوەکانت بە راستگۆیی بۆ دەگێرمەوە. دەتوانیت پەرداخەکە لە نزیکم دانێیت بۆ ئەوەی کە هەر کاتێک قورگم وشک بوو کەمێکی لێ بخۆمەوە.

من پیاوێکم سەر بە ورستشایر، لە نزیک بیرشور لەدایک بووم. ئەگەر لەوێ بگەرێیت، ئەوا دڵنیام بۆت دەردەکەوێت کە چەندین ئەندامی خانەوادەی سمۆل لەوێ نیشتەجێن. زۆر جار بیرم دەکردەوە کە لەوێ بەدوایاندا بگەرێم و سەردانیان بکەم، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە هەرگیز کەسێک نەبووم کە مایەی شانازی خانەوادەکەی بێت، دڵنیام کە بە بینینی من دڵخۆش نەدەبوون. ئەوان کۆمەڵە جووتیارێکی بچووکی دیندارن کە بە شێوەیەکی باش خەڵک باسیان دەکات، بەڵام من کەمێک هاروهاج بووم. بەهەرحاڵ کاتێک بوومە هەژدە ساڵ، ئەوا بە هۆی کچێکەوە تووشی کێشەیەکی گەورە بووم، تاکە رێگایەکیش کە توانیبام بیگرمە بەر بۆ ئەوەی لەو کێشەیە رزگارم بێت ئەوە بوو کە بچمە پاڵ سووپا. بەم شێوەیە چوومە پاڵ کەرتی رۆژهەڵاتی شاهانەیی کە فەرمانیان پێکرابوو بەرەو هیندستان بەرێ بکەون. بەم شێوەیە من لەکۆڵی ئەوان بوومەوە. کە گەیشتینە ئەوێ، ئەوا پیشەی سەربازیم زۆری نەخایاند. هێشتا فێری رۆیشتنی سەربازی و بەکارهێنانی تفەنگ نەبووبووم کە لە گەمژایەتیمەوە بۆ رووباری کانگ رۆیشتم تاکو مەلە بکەم. لە کاتێکدا کە لە ناوەندی رووبارەکەوە بەرەو کەنارەکە دەگەرامەوە، ئەوا تیمساحێک هێرشی کردمە سەر و قاچی راستمی لە سەرووی ئەژنۆمەوە قرتاند، خوێنێکی زۆرم لێ رژا و لەهۆش خۆم کەوتم. سوپاس بۆ خوا کە لەو کاتەدا (جۆن هۆلدەر)ی چاودێری سوپاسالارم منی بینی و بە هانامەوە هات، ئەگەر یارمەتی نەدابام، ئەوا دەخنکام و دەمردم. شایەنی باسە کە ئەو یەکێک بوو لە باشترین مەلەوانەکانی سوپا. خۆی فرێدایە ناو رووبارەکە و منی بەرەو کەنارەکە راکێشا، بە هۆی ئەمەوە پێنج مانگم لە نەخۆشخانە بەرێ کرد. کاتێکیش کە بە ئەستەم توانیم ئەوێ بە قاچە دارینە تازەکەم جێبێڵم، بینیم کە سوپا منی دەرکردووە و هیچ جۆرە کارێکم نییە کە من توانستی جەستەیی ئەنجامدانیم هەبێت. وەکو ئاشکرایە کە ئەو کات بەخت پشتی تێ کردبووم، تەمەنم بوو بە بیست ساڵ و هیچ کارێکم نەبوو. بەڵام رۆژێک لە رۆژان بەخت هاتەوە

**یاوەرم. پیاوێک بە ناوی ئاپڵوایت لە دەرەوەی وڵات هاتبوو تاکو کێڵگەی ڕووەکی نەیلە درووست بکات. پێویستی بە سەرپەرشتیارێک بوو تاکو چاودێری کرێکارەکان بکات و وایان لێ بکات کە لە کارکردندا تەمبەڵی نەنوێنن. بە ڕێکەوت هاوڕێی کۆلۆنێل دەرچوو کە هەر لە ساتی ڕووداوی ڕووداوەکەوە گرنگی بە من دەدا. بە کورتی کۆلۆنێل پێشنیاری کرد کە ئەو کارە بگرمە دەست. بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کارەکە لەسەر پشتی ئەسپ بوو، ئەوا قاچم ڕێگر نەبوو، بەوەندە قاچەی کە مامبوو، ئەوا دەمتوانی خۆم بە زینەکەوە ببەستم. تەنیا لەسەرم بوو لەسەر سواری ئەسپ بە کێڵگەکەدا بگەڕێم و تەمبەڵەکان سزا بدەم. شوێنی نیشتەجێبوونەکەم خۆش بوو، پارەیەکی باشیشم پێدەدرا، بۆیە خۆشحاڵ بووم کە لەوێ کار بکەم. بەڕێز ئاپڵوایت پیاوێکی باش بوو، زۆرجار دەهات بۆ کۆخەکەم تاکو گلیۆنێم لەگەڵ بکێشێت. ئەویش وەکو من هەستی بە تەنیایی دەکرد بەوەی کە پیاوی سپی پێست لەو وڵاتەدا کەم بوون، بۆیە هەردووکمان چێژمان لە بەسەربردنی کات پێکەوە دەبینی. بەڵام ئەو خۆشگوزەرانییە زۆری نەخایاند بەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا دانیشتووانە ڕەش پێستەکان شۆڕشیان لەدژ بەرپا کردین. مانگێک بەر لەو کاتە هەمووان ئاسایی دیار بوون، بەڵام دواتر بە شێوەیەکی کتوپڕ دوو سەد هەزار ڕەش پێستی ئەهریمەن شۆڕشیان بەرپا کرد و وڵاتەکەیان خاپوور کرد. دڵنیام کە ئێوە زانیاری زیاتر لەسەر ئەوە دەزانن لەچاو ئەوەی کە من دەیزانم، زۆر حەزم بە خوێندنەوە نایەت، من تەنیا ئەوە دەزانم کە بە چاوەکانی خۆم بینیم. کێڵگەکەمان لە شوێنێک بوو بە ناوی ماتۆرا، لە نزیک سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستان بوو. لەو کاتەدا هەموو شەوێک ئەو خانووانەمان دەبینی کە شۆڕشگێڕان دەیانسووتاندن، هەموو ڕۆژێک ئەو ئەوروپییانەمان دەبینی کە بە خۆیان و ماڵ و منداڵییانەوە بەرەو ئاگرا دەڕۆیشتن بەوەی کە ئێستگە سەربازییەکان لەوێ بوون. بەڕێز ئاپڵوایت کەسێکی کەللەڕەق بوو، بڕوای بەوە نەبوو کە ئەوە شۆڕش بێت، هەر دەیگوت کە بەمزووانە هەموو شتێک کۆتایی پێدێت و بارودۆخ ئاسایی دەبێتەوە. هەموو ڕۆژێک لە پێش ماڵەکەی دادەنیشت و ویسکی بە سۆداوە دەخواردەوە، دواتریش جگەرەیەکی "شیروت" پێدەکرد لە کاتێکدا تەواوی وڵات وەکو دۆزەخی لێ هاتبوو. من و دۆسن و هاوسەرەکەی لەگەڵی مابوونەوە، ئەوان کاروباری ڕێکخستن و ئابووریان بۆ بەڕێوە دەبرد.**

**ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کێڵگەیەکی دوور بووم، تازە دەگەڕامەوە کاتێک لە ڕێڕەوێکی بچووکی ئاو چاوم بە شتێکی ڕەش کەوت، کاتێک نزیک بوومەوە، ئەوا ڕێک تووشی شۆک بووم بەوەی کە ئەوەی بینیم لاشەی خاتوو دۆسن بوو ! لاشەی پارچەپارچە کرابوو و سەگەکانیش لاشەیان هەڵکۆڵیبوو. کەمێکیش دوور لەو لاشەی (دۆسن)ی داماوم بینی کە ڕووخساری لەسەر خۆڵ بوو و دەمانچەیەکی بەتاڵی بەدەستەوە بوو، خۆی و چوار سەربازی هیندووسی لە پێشەوە مردبوون. لەو کاتەدا بە تەواوی شپرزە بووبووم، نەمدەزانی کە چی بکەم. بەڵام ڕێک لەو ساتەدا دوکەڵێکی ڕەشم بینی کە لە ماڵی بەڕێز (ئاپڵوایت)ەوە بەرز دەبۆوە، ئاگرێکی گەورە تەواوی خانووەکەی گرتبوو. بیرم کردەوە کە ئەگەر بڕۆم یارمەتی بدەم، ئەوا خۆشم بەکوشت دەدەم، چونکە لە پێشەوە بینیم کە سەدەها پیاوی ڕەش پێستی دڕندە کە عەبایەکی سووریان لەپشت بوو ناوچەکانی دەوروبەریان خاپوور دەکرد. هەندێکیان منیان بینی، بۆیە بەدوام کەوتن و چەندین گوللەیان تێگرتم. منیش بەناو کێڵگەکانی برینجدا ڕامکرد و شەویش گەیشتمە ناو دیوارە سەلامەتەکانی ئاگرا.**

**بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە تەنانەت "ئاگرا"ش سەلامەت نییە بەوەی کە تەواوی وڵات لە پشێوییەکی گەورەدایە. ئینگلیزەکان کاتێک بە کۆمەڵەیەکی بچووک لە شوێنێک کۆدەبوونەوە، ئەوا تەنیا دەیانتوانی ئەو شوێنە بە چەک بپارێزن، ناوچەکانی تریش لەدەستی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەدا بوو. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە ئەو سەربازە هیندییانەی ئێمە مەشقمان پێکردبوون و فێری بەکارهێنانی تفەنگمان کردبوون، ئەوا ئێستا لە دژی ئێمە دەجەنگان. لە ئاگرا کەرتی بونگالی سێیەم، هەندێک لە سیخەکان، دوو گرووپی سوارچاک، کەرتێکی تۆپ هاوێژ، کەرتێکیش کە لە خەڵکی ئاسایی پێکهاتبوو یەکیان گرت، منیش چوومە پاڵیان، هەرچەندە قاچم ئازارێکی زۆری دەدام. مانگی حەوت بوو کاتێک لە شاهجونگ ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان بووینەوە، ماوەیەک توانیمان پاشەکشەیان پێیان بکەین، بەڵام دواتر گوللە و تەقەمەنیمان لێ بڕا، بۆیە ناچاربووین کە بکشێینەوە ناو دیوارەکانی ئاگرا. ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵی خراپمان بۆ دەهات، ئەمەش سەیر نەبوو بەوەی کە ئێمە لە ناوەندی شەڕدابووین. فلکناو لە دووری سەد کیلۆمەتری ڕۆژهەڵات بوو، "کاونبور"یش بە هەمان ئەندازە لە بەشی باشوورەوە دوور بوو. کوشتن و بڕین و**

ئەشکەنجەدان دەوروبەری ئێمەی بە تەواوی گرتبۆوە. ئاگرا گەورە بوو و پڕ بوو لە چەندین دانیشتووی دڕندە و شۆڕشگێڕ، سەربازەکانیشمان لە ڕێگایەکاندا ون دەبوون، بۆیە سەرکردەکەمان فەرمانی پێکردین کە ڕووبارەکە ببڕین و قەڵای کۆنی ئاگرا بکەین بە ناوەندی خۆمان. شوێنێکی ئێجگار سەیر بوو، تاکو ئێستا شوێنێکی وەها سەیرم نەبینی بوو. قەڵایەکە ئێجگار گەورە بوو، بڕوام وایە کە زەوی ناو دیوارەکانی چەندین دۆنم زەوی بوون. ناوچەیەکی تازەی هەبوو کە زۆر نەبوو دروستکرابوو، بۆیە تەواوی پێداویستییەکان و ئافرەت و منداڵەکانمان لەوێ دانا، بەڵام جێی زۆرتریش دەبۆوە. بەڵام قەبارەی ئەو ناوچە تازەیە هیچ نەبوو لەچاو قەڵا کۆنەکە، ئەوێ پڕ بوو لە دووپشک و ڕێڕەوی سەرلێتێکدەر و درێژ و ئاڵۆز، بۆیە هەر کەسێک ڕۆیشتبا بۆ ئەوێ، ئەوا بە ئاسانی شوێنی خۆی ون دەکرد. بۆیە دەگمەن کەسێک بۆ ئەوێ دەڕۆیشت، هەرچەندە جار جار کۆمەڵە کەسێک بە مەشخەڵەکانیانەوە بۆ ئەوێ دەڕۆیشتن تاکو بیپشکنن.

ڕووبارەکە بە تەنیشت دیواری قەڵا کۆنەکەدا دەڕۆیشت، بۆیە ئەو بەشەی ئەوێ پارێزراو بوو، بەڵام دیوارەکانی تر چەندین دەرگای نهێنی تێدابوو کە خەڵک دەیانتوانی پێیدا بڕۆن، بۆیە دەبوایە پاسەوان لەو شوێنانە دانێین. مەبەستم لە قەڵا کۆنەکە ئەو بەشە تازەیە بوو کە کردبوومان بە ناوەندی خۆمان. ژمارە و چەکی پێویستمان کەم بوو، بۆیە مەحاڵ بوو کە پاسەوانێکی بەهێز لە لای هەر یەکێک لەو دەرگا و دەروازانە دانێین. بۆیە لە ناوەندی قەڵایەکەدا کۆببووینەوە و پیاوێکی سپی پێست و دوو سێ دانیشتووی ئەوێمان لای دەرگایەکان دادەنا تاکو پاسەوانی بکەن. منیان بۆ پاسەوانییەتی شەوی دەرگایەکی چۆڵی بەشی باشووری ڕۆژاوا هەڵبژارد. دوو لە سیخەکانیان خستە ژێر فەرمانم و پێیان گوتم کە تەقە بکەم ئەگەر کێشەیەک ڕوویدا، بەو شێوەیە ڕێک هاریکاریم بۆ دێت. بەڵام دووری نێوان دەرگایەکە و ناوەندەکە بریتی بوو لە دوو سەد هەنگاو، لەبەر ئەوەی کە ڕێڕەوەکان ئاڵۆز بوون، ئەوا پێم وانەبوو کە بتوانن لە کاتی خۆیدا بگەن ئەگەر هێرشێکی ڕاستەقینە ڕوویدا. بە هۆی ئەوەی کە سەربازێکی تازەکار بووم، ئەوا شانازیم بە خۆمەوە دەکرد بەوەی کارێکی وەهام پێدرابوو. بۆ ماوەی دوو شەو پاسەوانیم لەگەڵ دوو پیاوە بونجابییەکەدا کرد، دوو پیاوی باڵابەرزی دڕندە دیاربوون، یەکێکیان ناوی محەمەد سینگ بوو، ئەوی تریش ناوی عبدالله خان بوو. هەردووکیان دوو کۆنە سەرباز بوون کە کاتی خۆی لە شەڕی چیلیانوالا ڕووبەڕوومان بووبوونەوە. دەیانتوانی بە ئینگلیزی قسە بکەن، بەڵام زۆر قسەیان لەگەڵدا نەدەکردم، تەنیا لە دوورەوە لە شوێنێک دەوەستان و بە زمانێکی سیخی سەیر پێکەوە قسەیان دەکرد. بۆیە منیش بە تەنیا دەچوومە لای دەرگایەکە و سەیری ڕووبار و شارە درەوشاوەکەم دەکرد. هەمیشە لە ئاگاداریدا بووین بەوەی کە دەنگی بەرزی شۆڕشگێڕە توندڕەوەکانمان لەو دیوی ڕووبارەکە دەبیست. شایەنی باسە کە ئەفسەری بەرپرسی چاودێری شەو دەهات تاکو لە سەلامەتی دەرگا و دەروازەکان دڵنیا ببێتەوە.

شەوی سێیەمم لەناو قوڕ و تاریکیدا بەسەر برد، بارانیش وردە وردە دەباری، بەڕاستی وەستان بە تەنیایی لەو شوێنەدا سامناک بوو. بەهەرحاڵ ویستم وابکەم کە سیخەکان قسەم لەگەڵدا بکەن، بەڵام سوودی نەبوو. کاژێر دووی بەیانیش یەکەی چاودێری هات و کەمێک لە بێزاری منی کەم کردەوە. دوای ئەوەی کە لە قسەکردن لەگەڵ ئەوان نائومێد بووم، ئەوا غلیۆنەکەم دەرهێنا و پێم کرد، ڕێک لەو کاتەدا هەردووکیان هێرشیان کردمە سەر. یەکێکیان تفەنگەکەی لێ سەندم و نیشانەی سەری گرتم، ئەوی تریشیان چەقۆیەکی لەسەر ملمدا ڕاگرت و گوتی ئەگەر قسەیەک بکەم، ئەوا ملم دەبڕێت.

سەرەتا وامزانی کە ئەو دووە لەگەڵ شۆڕشگێڕانن و بەمزووانە هێرش دەکەنە سەر قەڵایەکە. ئەگەر ئەوان بە دەرگایەکاندا هاتبان، ئەوا هێرشیان دەکردە سەر قەڵا و دواتر لە کانپور چییان لە ژن و منداڵەکانمان کرد، ئەوا هەمان شت دووبارە دەکەنەوە. لەوانەیە وابزانن کە بە مەبەستی پیاهەڵدان بە خۆمدا ئەم قسەیە دەکەم، بەڵام سوێند دەخۆم کە ئەمەی دەیڵێم ڕاستییەکەیە. ویستم هاوار بکەم و سەربازەکان ئاگادار بکەمەوە، بەڵام یەکێکیان مێشکی منی خوێندەوە و بە گوێمیدا چرپاند و گوتی: هاوار مەکە، ئێرە سەلامەتە، شۆڕشگێڕان نایەن. دیار بوو کە ڕاستییەکەی دەڵێت، ئەگەریش هاوارم کردبا، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەیکوشتم، لە چاوەکانیدا دیار بوو. بۆیە بە قسەم کرد و دەمی خۆم داخست و چاوەڕێم کرد تاکو بزانم دەیانەوێت بڵێن چی.

پیاوێکیان کە درێژتر و دڕندەتر دیار بوو ناوی عبداللە خان بوو، قسەی بۆ کردم و گوتی: سەیرکە هاوڕێ، یان وەرە پاڵمان، یان ئەوەتا دەتکوژین. ئەمە بابەتێکی گرنگە، بۆیە یان بەدڵ لەگەڵمانیت و بە خاچی مەسیحییەکان سوێند دەخۆیت، یان ئەوەتا ئەمشەو لاشەکەت لە ڕووبار فڕێ دەدەین و دەچینە پاڵ برا شۆڕشگێڕەکانمان. بۆیە هەڵبژێرە، مەرگ یان ژیان؟ سێ خوولەکت لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بڕیار بدەیت، بۆیە خێراکە تاکو چاودێرەکان نەگەڕاونەوە .

-چۆن دەتوانم بڕیاری شتێک بدەم کە لێی بێ ئاگام؟ ئەگەر ئەو شتەی داوای دەکەیت قەڵایەکە دەخاتە ژێر مەترسییەوە، ئەوا ئەنجامی نادەم. بۆیە ئەگەر حەز دەکەیت، ئەوا ئێستا سەرم ببڕە .

-دڵنیات دەکەمەوە کە ئەم کارە زیان بە قەڵایەکە ناگەیەنێت. تەنیا ئەوەت لێ داوا دەکەین کە وەکو ئەو سپی پێستانە بیت، دەمانەوێت دەوڵەمەند ببیت. بۆیە ئەگەر بێیتە پاڵمان، ئەوا سوێند دەخۆین کە بەشێک لەو گەنجینەت پێ بدەین، چارەگی گەنجینەکە بە تۆ دەدرێت، ئەمەش دابەشکردنێکی دادپەروەرانەیە .

-بۆم باسی ئەو گەنجینەیە بکەن، ئەگەر ڕێگای دەوڵەمەندبوونم نیشان بدەن، ئەوا قبوڵی دەکەم .

-کەوایە سوێند بە گۆڕی دایکت و خاچی مەسیحییەت دەخۆیت کە بە خراپە باسمان نەکەیت و پشتمان تێ نەکەیت؟

-بەڵێ، بە مەرجێک ئەمە نەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە قەڵایەکە .

-کەوایە ئێمەش سوێند دەخۆین کە چارەگی ئەو گەنجینەیەت پێ بدەین کە لە نێوان ئەم چوارەماندا دابەشی دەکەین .

-بەڵام ئێمە تەنیا سێ کەسین .

-نەخێر، دەبێت (دۆست)ی گەورەش بە بەشی خۆی بگات. تاکو ئەوان دێن، ئەوا بۆت باسی چیرۆکەکە دەکەم.

محەمەد سینگ، بڕۆ لای دەرگایەکە و ئەگەر ئەوان هاتن، ئەوا ئاگادارمان بکەوە.

سەیرکە هاوڕێ، ئێمە متمانە بە بەڵێنی ئینگلیزەکان دەکەین، بەڵام ئەگەر هیندییەکی درۆزن بووبایت، ئەوا دەمانکوشتیت و لاشەکەتمانیش لە ڕووبارەکەدا فڕێ دەدا. بەڵام هەر یەکە لە سیخ و ئینگلیزەکان باش یەکتری دەناسن.

میرێک لە بەشی باکوور خاوەن سامانێکی ئێجگار زۆرە، هەرچەندە زەوی زۆری نین. لە باوکییەوە میراتێکی زۆری بۆ مابۆوە، خۆیشی سامانێکی زۆری کۆکردەوە، جا بە هۆی ئەوەی کە چاوچنۆک بوو، ئەوا درهەمێکی لەو گەنجینەیە سەرف نەدەکرد. کاتێک شۆڕش بەرپا بوو، ئەوا بوو بە لایەنگری هەر یەکە لە شۆڕشگێڕان و کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی (ئەمە سەرەتا کۆمپانیایەکی بازرگانی بوو، بەڵام دواتر بوو بە دەسەڵاتداری تەواوی ویلایەتەکانی هیندستان و ئەو ناوچانەش کە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای ئەو کات دابوون-وەرگێڕ). کاتێک زانی کە سپی پێستەکان وا دەردەکرێن و لەناو دەچن، ئەوا پلانێکی تۆکمەی دانا تاکو بە لایەنی کەمەوە نیوەی سامانەکەی بۆ بمێنێتەوە. خشڵ و زێڕەکانی لە نزیک خۆی لە قەڵایەکەی دانا، بەڵام مرواری و گەوهەرە بەنرخەکانی دا بە خزمەتکارێکی بەوەفای تاکو لەسەر شێوەی بازرگانێک بیانبات بۆ قەڵای ئاگرا و لەوێ بیانشارێتەوە تاکو ئەو کاتەی بارودۆخی وڵات ئاسایی دەبێتەوە. بۆیە ئەگەر شۆڕشگێڕان براوە بوون، ئەوا سامانەکەی سەلامەت دەبێت، بەڵام ئەگەر کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی براوە بوو، ئەوا بە لایەنی کەمەوە مرواری و گەوهەرەکانی سەلامەت دەبن. کاتێک سامانەکەی بە نیوە کرد، ئەوا بە تەواوی پشتگیری شۆڕشگێڕانی کرد بەوەی کە ئەوان لە ناوچەی ئەودا دەستەیەکی باڵایان هەبوو. ئەمەش وایکرد کە ئەوەندە سامانەی لەوێ دایناببوو ببێت بە قازانجێک بۆ شۆڕشگێڕان. ئەو (ئاشمیت)ەش کە باسم کرد ئێستا لە شاری "ئاگرا"یە و دەیەوێت بێت بۆناو قەڵایەکە. (دۆست)ی گەورەی برای زڕم ئێستا لەگەڵیەتی و وا بەرەو ئێرە ڕێنوێنی دەکات، شایەنی باسیشە کە ئەو بوو نهێنییەکی ئەوی زانی. دۆست بەڵێنی پێدا کە بە دەرگایەکی شاراوە بیهێنێتە

ناو قەڵایەکە، بۆیە ئێرەی هەڵبژارد. بۆیە کاتێک دێن بۆ ئێرە، ئەوا هەموومان چاوەڕێیان دەکەین و دواتریش ئاشمیت دەکوژین، بەم شێوەیەش گەنجینەکە دەبێت بە موڵکی ئێمە.

لە ورستشایر ژیانی کەسێک پیرۆزی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک دەوروبەرت تەنیا خوێن و توندوتیژی دەبێت، ئەوا بیر لەو پیرۆزییە ناکەیتەوە. ژیانی ئەو (ئاشمیت)ەم لا گرنگ نەبوو، هەروەها ئەو گەنجینەیەش بۆ ئەم کارە هانی دام، بیرم دەکردەوە کە دەتوانم بەو سامانە چی بکەم، دەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ شارۆچکەکەم تاکو خانەوادەکەم ببینن کە کوڕە هاروهاجەکەیان چۆن بووە بە پیاوێکی دەوڵەمەند. عبداللە خان وایزانی کە هێشتا دوودڵم، بۆیە گوتی: سەیرکە هاوڕێ، ئەگەر سەرکردەی ئەم بەشە چاوی بەو بکەوێت، ئەوا ئاشمیت دەکوژێت و گەنجینەکەش بۆ خۆی دەبات، بەم شێوەیە تاکە رووبییەکیشمان دەست ناکەوێت (دراوێکی هیندییە-وەرگێڕ). بەڵام مادام ئێمە دەستەی باڵامان هەیە، ئەوا بۆچی ئێمە سوود لەو گەنجینەیە نەبینین؟ ئێرە جگە لە ئێمە هیچ کەسێکی لێ نییە و هیچ کەسێکیش نازانێت کە چی دەکەین، بۆیە بە نهێنی ئەو دەکوژین و گەنجینەکەش بۆ خۆمان دەبەین. بۆیە هاوڕێ، ئایا لەگەڵمانیت یان نا؟

-بەدڵ لەگەڵتانم.

دوای ئەم قسەیە تفەنگەکەی پێدامەوە و گوتی: زۆرباشە، متمانەت پێ دەکەین. بەڵێنی خۆت بەجێ بهێنە و ئێمەش بەڵێنی خۆمان بەجێ دەهێنین. ئێستاش چاوەڕێی هاتنی ئەوان دەکەین .

-ئایا برایەکەت دەزانێت کە بەتەمای چین؟

-لە ڕاستیدا ئەمە پیلانی ئەو بوو. با بڕۆینە لای محەمەد سینگ و چاودێری دەرگایەکە بکەین.

هەورەکان ڕەش بووبوون و بارانێکی بەلێزمە دەباری، لە پێشەوەی دەرگایەکەش چاڵێکی ئاوی لێبوو، بەڵام چەند بەشێکی چاڵەکە وشک بووبوون، بۆیە بە ئاسانی دەتتوانی بەسەریدا تێپەڕ بیت. لێشتان ناشارمەوە کە بەڕاستی شتێکی سەیر بوو لەگەڵ ئەو بونجابییە گەورانە چاوەڕێی هاتن و کوشتنی کەسێک بکەم.

دواتر لەپڕ رووناکی چرایەکم بینی، دواتریش ون بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بە هێواشی دەرکەوتەوە و وردە وردە بەرەو ئێمە دەهات .

-ئەوەتان!

عبداللە خان بە گوێمیدا چرپاند: کارێک نەکەیت کە ئەو بترسێنیت، بۆیە لێرە چاوەڕێیان بکە و ئێمەش دەچینە ژوورەوە و لەوێ چاوەڕێیان دەکەین، چونکە نامانەوێت ئاشمیت ئێمە ببینێت.

ڕووناکییەکە زیاتر و زیاتر نزیک دەبۆوە، تاکو وردە وردە دوو کەسم بینین کە لەناو ئەو قوڕەدا بەرەو لای من دەهاتن، کاتێکیش بە ئەندازەی پێویست نزیک بوونەوە، ئەوا چرایەکەم تێگرتن و بە دەنگێکی نزمەوە پرسیم: ئێوە کێن؟

دەنگێکیانیش وەڵامی دامەوە و گوتی: ئێمە دوو هاوڕێین.

یەکێکیان سیخییەکی باڵا بەرزی ڕیش درێژ بوو، لە ژیانمدا پیاوێکی وەڵا باڵا بەرزم نەبینی بوو. ئەوی تریشیان پیاوێکی کورت بوو کە سەرپێچێکی زەردی لەسەر بوو و پارچە قوماشێکیش کە شتێکی تێدابوو لە دەستی دابوو. تێبینیم کردبوو کە زۆر ترسا بوو، دەستەکانی دەلەرزین وەکو ئەوەی تووشی مەلاریا بووبێت، وەکو مشکێکیش چاوەکانی زەق بووبوون و هەر سەیری ئەولا و ئەولای دەکرد. کاتێک بیرم لەوە کردەوە کە خەریکە دەیکوژین، ئەوا جەستەم کەوتە لەرزین، بەڵام دواتر بیرم لە گەنجینەکە کردەوە، ئەوەش وایکرد چیتر نەلەرزم و دڵم وەکو بەردی لێبێت. کاتێک کە منی سپی پێستی بینی، ئەوا بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بەرەو لای من ڕایکرد.

به هەناسەیەکی توندەوە گوتی: تکایە بەرگریم لێ بکە گەورەم ! تکایە (ئاشمیت)ی داماو بپارێزە ! لە "راجبوتانا"وە هاتووم بۆ ئاگرا تاکو ژیانی خۆم بپارێزم، لە ڕێگا لێم درا و دزیم لێ کرا و سووکایەتیم بەرامبەر کرا تەنیا بە هۆی ئەوەی کە لایەنگری کۆمپانیام، ئەمشەو بۆ من زۆر خۆش دەبێت ئەگەر ژیان و موڵکەکەم پارێزراو بن .

-ئەوە چیت پێیە؟

-سندووقێکی ئاسنینە کە هەندێک کەلوپەلی خێزانی تێدایە کە بۆ خەڵک گرنگ نین، بەڵام بۆ من زۆر گرنگن. ئەگەر من و موڵکەکەم بپارێزن، ئەوا تۆ و سەرکردەکەت خەڵات دەکەم.

نەمویست زیاتر قسەی لەگەڵدا بکەم، چونکە تاکو ڕووخساریم زیاتر بینیبا، ئەوا کوشتنی بۆ من قورستر دەبوو، بۆیە باشتر بوو زوو کۆتایی پێ بهێنین.

دواتر گوتم: بیبەن بۆ ناوەندی سەرەکی.

سیخییەکان دەوری ئەویان دا و بە ڕێڕەوە تاریکەکاندا بەڕێکەوتن، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک مەرگ بەو شێوەیە گەمارۆی دابووبێت. دواتر کە دوورکەوتنەوە، ئەوا گوێم لە دەنگی لێدان و هاوار بوو، دواتریش گوێم لە دەنگی ڕاکردنی یەکێک بوو، کاتێک چرایەکەم ئاراستەی ڕێڕەوە درێژ و تاریکەکە کرد، ئەوا (ئاشمیت)ی قەڵەوم بینی کە بە ڕووخسارێکی خوێناوییەوە وەکو ڕەشەبا بەرەو من ڕادەکات، سیخییە ڕیش درێژەکەش بە تیغێکی گەورەوە بەدوای دەکەوت. لە ژیانمدا هیچ کەسێکم نەبینی بوو کە وەکو ئەو کورتەباڵایە قەڵەوە وا بە خێرایی ڕابکات. ئاشمیت زیاتر و زیاتر لە من نزیک دەبۆوە، دەیویست بگاتە دەرگایەکە و بۆی ڕابکات. خەریک بوو دڵم بۆی نەرم بێت و ڕێگەی پێ بدەم کە ڕابکات، بەڵام دواتر ڕێگری لە خۆم کرد و دڵم ڕەق بوو. بۆیە تەقەم لە ناوەڕاستی قاچەکانی کرد و وەکو کەروێشکێکی هەڵبەزیو کەوت، دواتریش سیخییە گەورەکە گرتی و چەقۆیەکی لە پشتی ڕاکرد. پیاوەکە هیچ نەجووڵا، وابزانم بە هۆی کەوتنەوە ملی شکابوو و ڕێک مردبوو. ئەمەش ڕاستی ڕووداوەکان بەڕێزان، لام گرنگ نییە کە ئایا ڕاستییەکان بە هانامەوە دێن یان نا، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ڕاستگۆ بووم.

دواتریش بێدەنگ بوو و لەو ویسکییە تێکەڵ بە ئاوەی خواردەوە کە هۆڵمز پێیدابوو. دان بەوە دادەنێم کە بێزم لەو دەکردەوە، نەوەکو تەنیا بە هۆی ئەوەی کە لە تاوانێکی وەها قێزەوندا بەشدار بووە، بەڵکو بە هۆی ئەوەش کە بە شێوەیەکی بێباکانە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە. بۆیە سزایەکەی هەرچییەک بووبا، ئەوا بەزەییم پێدا نەدەهاتەوە. ئەو کاتە هۆڵمز و جۆنز بە دانیشتنەوە دەستیان لەسەر چۆکەکانیان دانابوو، لە ڕووخساریشیانەوە دەردەکەوت کە ئەوانیش بە هۆی ئەم چیرۆکەوە بێزیان لێ دەبۆوە. کاتێک سمۆل هەستی بەوە کرد، ئەوا گوتی: دەزانم کە ئەوەی ئەنجامم داوە کارێکی خراپ بووە، بەڵام هەر یەکێک لەجێی من بووبا، ئەوا گەنجینەکەی قبوڵ دەکرد و خۆیشی لە مەرگ دەپاراست.

ئەگەریش ئاشمیت ڕایکردبا، ئەوا هەموو شتێک ئاشکرا دەبوو، بەم شێوەیەش تووشی دادگای سەربازی دەبووم و گوللەباران دەکرام، چونکە خەڵک لەو جۆرە کاتانەدا میهرەبانی نانوێنن.

(هۆڵمز)یش گوتی: تکایە بەردەوامبە.

دواتر من و عبداللە خان بردمان بۆ ژوورێک کە پێشووتر بۆ لاشەی ئەویان ئامادەکردبوو، ڕاستە کە کورتەباڵا بوو، بەڵام قورس بوو. (محەمەد سینگ)یشمان لای دەرگایەکە دانا تاکو چاودێری ئەوێ بکات. لاشەی (ئاشمیت)مان بە ڕێڕەوێکی تاریکدا بۆ ژوورێک برد کە دیوارەکانی لە خشتی تێکشکاو درووستکرابوون، لە بەشێکی ژوورەکە چاڵێک هەبوو کە لە گۆڕێکی سرووشتی دەچوو، بۆیە ئەومان لەوێ هاویشت و دواتر بە خۆڵ گۆڕی ئەومان داپۆشی. کە ئەم کارەمان تەواو کرد، ئەوا گەڕاینەوە بۆ لای گەنجینەکە.

گەنجینەکە لەو شوێنە بوو کە بازرگانەکە لێی کەوتبوو، ڕێک ئەو سندووقە بوو کە ئێستا لە بەردەمی خۆتان دەیبینن. کلیلی سندووقەکە بە پارچە ئاوریشمێکەوە بەسترابوو، دواتر سندووقەکەمان کردەوە و کۆمەڵە گەواهیر و مرواریەکی زۆرمان بینی. بەڕاستی جوان و درەوشاوە بوون، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە تێر سەیرمان کرد، ئەوا لیستێکمان ئامادە کرد و پێکهاتەکانی ناو سندووقەکەمان تۆمار کرد. پێکهاتبوو لە سەد و چل و سێ ئەڵماسی پاک، هەڵە نەبم کە یەکێک لە ئەڵماسەکان ناوی "مەنگۆلی مەزن" بوو کە دووەم گەورەترین ئەڵماسی جیهان بوو. هەروەها نەوەد و حەوت زمروتی درەوشاوە و سەد و حەفتا یاقوتی سووری تێدابوو، هەندێکیان زۆر بچووک بوون. هەروەها چل بەردی پیرۆزی سوور و دوو سەد و دە یاقوتی شینی تێدابوو. شەست و یەک بەردی پیرۆزی عەقیق و چەندین بەردی پیرۆزی زوبرجد و عەقیقی یەمانی و چاوی پشیلە (ئەمەش بەردێکی پیرۆزە-وەرگێر) و فیروز و چەندین جۆری تریش کە ئەو کاتە نەمدەزانی ناویان چییە، بەڵام ئێستا زیاتر شارەزای جۆرەکانم. شایەنی باسیشە کە سێ سەد مرواری گرانبەهای تێدا بوو و دوازدەدانەشیان ملوانکەیەکیان پێکهێنابوو. دواتر کە سندووقەکەم کردەوە، ئەوا بینیم کە مرواریەکان ون بووبوون. دوای ئەوەی کە هەموویمان تۆمار کرد، ئەوا گەنجینەکەمان بۆناو سندووقەکە گەڕاندەوە و دواتر ڕۆیشتین تاکو نیشانی (محەمەد سینگ)ی بدەین. دوای ئەوەی کە نیشانمدا، ئەوا لە شوێنێکی قەڵایەکە شاردامانەوە و دواتریش بەڵێنی خۆمان نوێ کردەوە و سوێندمان خوارد کە دوای ئەوەی وڵات ئارام بۆوە، ئەوا گەنجینەکە لە نێوان خۆماندا دابەش دەکەین. ئەو کات نەماندەتوانی دابەشی بکەین بەوەی کە ئەگەر خەڵک ئەو سامانەی ئێمەی بینیبا، ئەوا گومانیان لێ دەکردین، هەروەها لەبەر ئەوەی هەمووومان پێکەوە بووین، ئەوا نەماندەتوانی سامانەکەمان لە شوێنێکی سەلامەت دانێین. بۆیە سندووقەکەمان بۆ ئەو ژوورە برد کە لاشەمان تێیدا ناشتبوو. کونێکمان لە دیوارەکە کرد و گەنجینەکەمان لەوێ هاویشت، دواتریش بە کۆمەڵە خشتێک کونی دیوارەکەمان داپۆشی. بۆ ڕۆژی دواتریش چوار نەخشەم کێشا و دام بە هەر یەکێکیان، لە خوارەوەی نەخشەکانیش هێمای ژمارە چوارم دانا، دواتریش سوێندمان خوارد کە هیچ کاممان لەوی تر یاخی نەبین و هەر پێکەوە بین. بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم کە من لە ئاست متمانەی ئەوان دابووم و بەڵێنەکەی خۆم بەجێهێنا.

خۆتان باشتر دەزانن کە شۆڕشی هیندی چۆن کۆتایی پێهات، کاتێک وێلسن دلهی داگیر کرد و سێر (کۆلن لکناو)ی ڕزگار کرد، ئەوا پشتی شۆڕشگێرانی شکاند. پاڵپشتییەکی سەربازی گەورەمان بۆ هات و (ساحیب نانا)ش ڕایکردە دەرەوەی وڵات. هێزێک بە سەرکردایەتی کۆلۆنێل گریتهێد هات بۆ ئاگرا و تەواوی شۆڕشگێرانی ناوی لەناوبرد، وردە وردە وڵات ئارام دەبۆوە و ئێمەش بیرمان لەو سامانە دەکردەوە کە دواتر دەستمان پێی دەگات. بەڵام بۆ بەدبەختیمان زۆری پێ نەچوو کە بە تۆمەتی کوشتنی ئاشمیت قۆڵبەست کراین. ئەمەش بەم شێوەیە ڕوویدا: میرەکە بۆیە گەنجینەکەی بە ئاشمیت دا چونکە دەیزانی کە خزمەتکارێکی بەوەفا و دەستپاکە، بەڵام وەکو خۆتان دەزانن کە ڕۆژهەڵاتییەکان خوویان وایە کە بەگومان بن. بۆیە میرەکە خزمەتکاری دووەمی نارد کە متمانەیەکی زیاتری پێ بوو تاکو چاودێری خزمەتکاری یەکەم بکات و وەکو سێبەر بەدوای بکەوێت. ئەو شەوە کە بینی بەرەو قەڵایەکە دەڕوات، ئەوا لای سەیر نەبوو بەوەی کە وایزانی لەوێ سەلامەت دەبێت، بۆیە ئەویش بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆیشتە ناو قەڵایەکە، بەڵام (ئاشمیت)ی نەبینی، بۆیە کەوتە گومانەوە. بۆیە قسەی لەگەڵ سەرداری سەربازەکان کرد، ئەویش قسەی لەگەڵ سەرکردەکەی کرد. زۆری پێ نەچوو کە بە وردی قەڵایەکەیان پشکنی و لاشەی (ئاشمیت)یان دۆزییەوە، کاتێکیش کە وامانزانی سەلامەتین، ئەوا هەر چوارمان بە تۆمەتی کوشتنی (ئاشمیت) قۆڵبەستکراین. بە هۆی ئەوەی کە ئەو شەوە ئەو سێیەمان پاسەوانی دەرگایەکەمان دەکرد و کەسی چوارەمیش لەگەڵ کوژراوەکە بوو، ئەوا قۆڵبەستکراین.

لە دادگاییەکەدا باسی گەنجینەکە نەکرا بەوەی کە میرەکە لە وڵات دەرکرابوو، بۆیە هیچ کەسێک گرنگی بەوە نەدا، بەڵام تاوانی کوشتنەکە ئاشکرا بوو و ئێمەش تێکەوتین. سێ سیخەکە زیندانی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپێنرا، منیش سزای لەسێدارەدانم بەسەردا سەپێنرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە سزایەکەم کەم کرایەوە و بوو بە سزای زیندانی هەتاهەتایی. لەو کاتەدا لە بارودۆخێکی نێجگار ناهەمواردا بووین، ئەگەری دەرچوونمان لە زیندان زۆر کەم بوو. لە کاتێکدا کە سامانێکی شاراوەمان هەبوو، ئەوا زۆرمان خەفەت دەخوارد بەوەی کە دەستمان پێناگات و ناچارین بەرگەی زیندان و سووکایەتی پاسەوانەکان بگرین. ناچار بووین تەنیا برنج و ئاو بخۆین لە کاتێکدا بەو سامانە دەمانتوانی خۆشترین

خواردنەکانی جیهان بخۆین. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کەسێکی کەللەڕەق بووم، ئەوا کۆڵم نەدا و ئارامم گرت. لە کۆتاییشدا هەلێکی باشم بۆ ڕەخسا بەوەی کە لە "ئاگرا"وە گوازرانەوە بۆ مدارس، دواتریش لەوێوە بۆ دوورگەی بلیر لە ئاندرمان. پیاوی سپی پێست لەوێ کەم بوون، بۆیە هەر کە لە سەرەتاوە ڕەفتاری باشم نواند، ئەوا بوومە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەک. کۆخێکم لە هۆپ تاون پێدرا کە لە سەرووی لێژاییەکانی شاخی "هاریت"ەوە بوو، ئیتر لەوێ بە ئازادی دەژیام. شایەنی باسە کە شوێنێکی ئێجگار ناخۆش بوو بەوەی کە نەخۆشی "تا"یەکی زۆری تێدا بڵاو دەبۆوە، هەروەها پڕیش بوو لە دانیشتووانە مرۆڤخۆرەکان کە بەدوای هەلێکدا دەگەڕان تاکو بە دڕکە ژەهراوییەکانیان بمانکوژن. ڕۆژانە خەریکی هەڵکەندنی چاڵ و چەندین کاری تر بووین، بۆیە زۆر سەرقاڵ بووین، بەڵام شەوانەش بۆ خۆمان بە ئازادی پشوومان دەدا. شایەنی باسە کە لەو کاتەی لەوێ مامەوە خۆم فێری دروستکردنی دەرمان کرد کە بە پزیشکی بریندارم دەدا، شارەزاییەکی باشم تێیدا پەیدا کرد. هەمیشە بیرم لە ڕاکردن دەکردەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دوورگەکە سەدەها میل لە شارستانییەت دوور بوو و ئەو ناوچەیەش "با"ی لاوازی هەبوو بۆ چارۆکە و کەشتی، ئەوا هەڵاتن زۆر قورس بوو.

دکتۆر (سەمرتن)ی برینکار گەنجێکی وریا بوو کە حەزی بە قومار دەهات، ئەفسەرە گەنجەکانی تریش وەکو ئەو حەزیان بە قومار دەهات، بۆیە شەوانە لە ژووری ئەودا کۆدەبوونەوە و قوماریان دەکرد. لەو نۆرینگەیەی کە تێیدا دەرمانەکانم ئامادە دەکرد، ئەوا لە تەنیشت ژوورەکەیەوە بوو. کاتێک بێزار دەبووم، ئەوا گڵۆپەکانم دەکوژاندەوە و پەنجەرەکەم کەمێک دەکردەوە و گوێم لە قسەکانی ئەوان دەگرت و سەیرم دەکردن. منیش زۆر حەزم بە قومار دەهات، بۆیە کاتێک ئەوانم دەبینی کە یاری دەکەن، ئەوا هەستم دەکرد کە خۆشم لەناو ئەو یاریە دام. ئەفسەرەکان بریتی بوون لە پێشڕەو شولتۆ، کاپتن مۆرستن، جێدار براون. ئەوان سەرپەشتیاری هێزە زەمینییەکانی ئەوێ بوون، هەروەها دوو یان سێ لە سەرپەرشتیاری زیندانەکەش لەوێ بوون. شایەنی باسە کە لە قوماردا زۆر باش بوون و بە شێوەیەکی هێمنیش دەیانکرد.

دوای ماوەیەک هەستم بە شتێک کرد، هەستم کرد کە سەربازەکان دەدۆڕێن و فەرمانبەرە شارستانییەکانیش هەمیشە براوە دەبن. ئەوان گزیان نەدەکرد، هەر ئەوە بوو کە سەرپەرشتیارەکانی زیندان کاتێکی زیاتریان لە قوماردا بەسەر بردبوو و شارەزای شێوازی یاری کردنی یەکتری بوون. بە پێچەوانەی سەربازەکان کە تەنیا بۆ کات بەسەربردن یاریان دەکرد و بێ پلان کارتەکانیان دادەنا. بۆیە شەو لە دوای شەو سەربازەکان زیاتر مایەپووچ دەبوون، بەڵام هەر ئەوە بوو وایکرد کە لە یاریکردندا بەردەوام بن. لە هەموویان زەرەدمەنتر پێشڕەو شولتۆ بوو، سەرەتا بە دراوی ئاسایی و دراوی زێڕی کەم یاری دەکرد، بەڵام دواتر وای لێهات کە پارەیەکی زۆر لەسەر ئەوە بەفیڕۆ بدات. جار جار چەند خوولێکی دەبردەوە، بەڵام لە کۆتاییدا تەواوی پارەکانی دەدۆڕاند. بۆیە بە ڕووخسارێکی گرژەوە ئەوێی جێی دەهێشت و تەواوی ڕۆژەکە توڕەیی دایدەگرت و "مەی"ەکی زۆری دەخواردەوە، ئەو هەموو خواردنەوەیەش زیانێکی زۆری بە تەندرووستی دەگەیاند. شەوێکیان کە لە بەردەم کۆخەکەم دانیشتبووم، ئەوا گوێم لە دەنگی مۆرستن و (شولتۆ)ی سەرخۆش بوو کە بە نزیک ئەوێدا تێپەڕ دەبوون. ئەو و مۆرستن دوو هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون، هەمیشە لەگەڵ یەکتریدا بوون. گوێم باش بۆ گرتبوون تاکو بزانم دەڵێن چی، گوێم لە شولتۆ بوو کە بە توڕەییەوە دەیگوت: تەواو تێداچووم مۆرستن، ناچارم کە لە کارەکەم بکشێمەوە بەوەی کە مایەپووچ بووم.

مۆرستن ویستی دڵنەوایی بداتەوە، بۆیە گوتی: ئەم قسانە مەکە هاوڕێی ئازیزم، منیش پێشووتر کێشەی لەم شێوەیەم...

تەنیا ئەمەندەم لەوان بیست، بەڵام ئەمەندە بەس بوو بۆ ئەوەی پلانێک دانێم.

دوای چەند ڕۆژێک پێشڕەو (شولتۆ)م لەسەر کەنارەکە بینی، بۆیە ئەمەم بە هەل زانی و ڕۆیشتمە لای تاکو قسەی لەگەڵدا بکەم. دواتر گوتم: دەمەوێت ڕای تۆ دەربارەی شتێک بپرسم .

-دەی بیڵێ سمۆل، چییە؟

-باشترین کەس کێیە تاکو گەنجینەیەکی شاراوەی پێ بدەم؟ گەنجینەیەکم لە شوێنێک بە نرخی نیو ملیۆن جونەی شاردۆتەوە، دەمەوێت بیدەم بە یەکێک لە دەسەڵاتداران بەو هیوایەی کە ماوەی سزایەکەم کەم بکەنەوە.

کە ئەمەم گوت، ئەوا بە سەرسامییەکی زۆر و چاوێکی زەقەوە سەیری کردم و گوتی: نیو ملیۆن جونەی سمۆل؟ !

-بەڵێ گەورەم، گەنجینەکە پێکهاتووە لە گەواهیر و مرواری، ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە خاوەنەکەی لە وڵات دەرکراوە و مافی ئەوەی نییە کە داوای بکاتەوە، بۆیە هەر کەسێک ئەو گەنجینەیە بدۆزێتەوە، ئەوا دەبێت بە موڵکی ئەو.

ئەویش بە زمانێکی لێکاڵاوەوە گوتی: حکوومەت ! بیدە بە حکوومەت!

بەڵام دیار بوو کە دڵی لەسەر ئەم قسەیەی نەبوو.

دواتر بە بە شێوەیەکی هێمن گوتم: گەورەم، ئایا پێت باشە کە بیدەم بە سەرکردەی گشتی؟

-پەلە مەکە سمۆل ! سەرەتا بۆم باسی ئەو گەنجینەیە بکە، بزانم چۆنە.

دواتر تەواوی چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، هەڵبەتە کەمێک لە وردەکارییەکانی چیرۆکەکەم گۆڕی تاکو شوێنی گەنجینەکە نەزانێت. دوای ئەوەی کە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە تەواو بووم، ئەوا وەکو پەیکەرێک لە شوێنی خۆی وەستا و بیری دەکردەوە، دیاربوو کە لە جەنگێکی ناوەکی گەورەدابوو.

دواتر گوتی: ئەمە بابەتێکی گرنگە سمۆل، تاکو دووبارە چاوم پێت دەکەوێتەوە، ئەوا بۆ هیچ کەسێکی باس نەکەیت.

ئیتر کات تێپەڕی و دوای دوو شەو لەگەڵ (مۆرستن)ی هاوڕێی هاتن بۆ کۆخەکەم، دواتر شولتۆ گوتی: دەمەوێت کاپتن مۆرستن چیرۆکەکە لە دەمی تۆوە ببیستێت سمۆل.

بۆیە دووبارە چیرۆکەکەم گێڕایەوە.

دواتر شولتۆ گوتی: بڕوام وایە کە چیرۆکەکەی درووستە، پێویستە شتێک دەربارەی ئەمە بکەین، وایە؟

(مۆرستن)یش سەری ڕازی بوونی لقاند.

دواتر شولتۆ گوتی: سەیرکە سمۆل، من و هاوڕێیەکەم لەسەر ئەمە گفتوگۆمان کرد و بڕیارماندا کە ئەو گەنجینەیەی تۆ پەیوەندی بە حکوومەتەوە نییە، مافی خۆتە و چی لێ دەکەیت، ئەوا ئازادیت. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا ئامادەیت چەندمان پێ بدەیت بۆ ئەوەی نهێنییەکەت بپارێزین؟ هەرچەندە لەوانەیە خۆشمان بمانەوێت سەیرێکی بکەین، ئەگینا زۆرمان لا گرنگ نییە.

دەمزانی کە درۆ دەکات بەوەی کە بینیم بۆ گەنجینەکە زۆر بە پەرۆشە. هەرچەندە منیش وەکو ئەو زۆر بە پەرۆش بووم، بەڵام ویستم خۆم ئارام دەرخەم، دواتر گوتم: باشە بەڕێزان، تاکە شتێک کە پێم بکرێت ئەوەیە کە ئێوەش بکەم بە هاوبەشی خۆمان، بۆیە من و سێ هاوڕێیەکەم لە زیندان ئازاد بکەن و ئێوەش یەک لەسەر پێنجی گەنجینەکە وەردەگرن.

شولتۆ گوتی: تەنیا یەک لەسەر پێنج؟! ئەمە کەمە .

-واتا هەر یەکێکمان سەد هەزار جونەیمان بەر دەکەوێت، لەمە باشترتان دەست ناکەوێت .

-بەڵام چۆن ئازادت بکەین؟ باش دەزانیت کە ئەوە مەحاڵە .

-نەخێر وا نییە، چونکە پلانێکی وردم کێشاوە. تاکە بەربەستێک لێرە کە هەبێت ئەوەیە کە بەلەمێکی گونجاومان نییە تاکو پێی ڕاکەین، هەروەها پێداویستی و خواردنیشمان کەمە. بەڵام لە مدارس و کۆلکاتا بەلەمی چارۆکەدار زۆرن، بۆیە دانەیەکیان بێنن بۆ ئێرە و دواتر ڕادەکەین، ئەگەر لە هەر شوێنێکی کەناری هیندیش داتاننا، ئەوا بزانن کە ئێوە کاری خۆتان کردووە .

-خۆزگە تەنیا یارمەتی تۆمان دابا .

-نەخێر، یان یارمەتی هەموومان دەدەن، یان ئەوەتا ئەم پەیمانە هەڵدەوەشێنمەوە .

-دەبینیت مۆرستن؟ سمۆل کەسێکە کە بەڵێنی خۆی بەجێ دێنێت، با متمانەی پێ بکەین.

(مۆرستن)یش گوتی: هەرچەندە ئەمە کارێکی نایاساییە، بەڵام پارەکە قەرەبووی هەموو شتێک دەکاتەوە.

دواتر شولتۆ گوتی: باشە سمۆل، بەڵام سەرەتا دەبێت پێمان بڵێیت کە گەنجینەکە لە کوێیە تاکو مۆڵەت وەربگرم و بڕۆم بۆ هیندستان.

لە کاتێکدا من ئارامتر دەبوومەوە و ئەویش بە پەرۆشتر، ئەوا گوتم: بەم خێراییە نا، دەبێت ڕای هاوڕێیەکانیشم وەرگرم، وەکو گوتم... ئێمە هەمیشە پێکەوەین .

-قسەی پووچ ! ڕای سێ پیاوی ڕەش پێست چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟ !

-ڕەش بن یان سپی، ئەوا هاوکاری منن.

زۆری پێ نەچوو کە بە هاتنی هاوکارەکانم دووبارە کۆبوونەوەیەکی ترمان ئەنجام دا. هەموومان ڕازی بووین کە نەخشەی شوێنی گەنجینەکە بە دوو ئەفسەرەکە بدەین. دەبوایە شولتۆ ڕۆیشتبا بۆ هیندستان تاکو لە ڕاستی بابەتەکە دڵنیا ببێتەوە، هەر کە گەنجینەکەی دۆزییەوە، ئەوا دەبوایە لە شوێنی خۆی جێهێشتبا و دواتریش بەلەمێکی پڕ لە پێداویستی سەرەتایی بۆ ناردباین و خۆیشی لە کەناری دوورگەی ڕۆتلاند چاوەڕێی کردباین، دواتریش بە شێوەیەکی ئاسایی دەبوایە گەڕابایەوە سەر کاروبارەکانی خۆی. دواتریش دەبوایە کاپتن مۆرستن مۆڵەتی وەرگرتبا و هاتبا بۆ ئاگرا بۆ ئەوەی بەشی خۆی و شولتۆ وەربگرێت، هەموومان سوێندمان لەسەر ئەم پەیمانە خوارد. تەواوی شەوەکەم لە نووسینی نەخشەکاندا بەسەر برد و دواتریش هێمای ژمارە چوارم لە خوارەوەی پەڕەکان دا، مەبەستیش لە هێمایەکە من و عبداللە خان و محەمەد سینگ و دۆست بوو.

باشە بەڕێزان، دەزانم کە چیرۆکەکەم زۆر درێژەی کێشا و ئاشکراشە کە بەڕێز جۆنز دەیەوێت بە زووترین کات بمخاتە زیندانەوە، بۆیە لە کورتەی دەبڕم (دەربڕینی وەرگێڕ). (شولتۆ)ی چەپەڵ ڕۆیشت بۆ هیندستان، بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە. کاپتن (مۆرستن)یش مۆڵەتی وەرگرت و ڕۆیشت بەوەی کە مامی سامانێکی بە میراتی بۆ بەجێهێشتبوو، ئیتر ئەویش وازی لە سوپا هێنا (ڕۆیشتنی مۆرستن پلان بوو-وەرگێڕ). دوای ماوەیەکیش مۆرستن ڕۆیشت بۆ ئاگرا بۆ ئەوەی سەیری گەنجینەکە بکات، بەڵام بۆی دەرکەوت کە (شولتۆ)ی نەفرەتی هەمووی دزی بوو و هیچی نەهێشتبۆوە. بۆیە لەو ڕۆژەوە ڕقم لێیدا هەڵگرت و تەنیا بیرم لە تۆڵەسەندنەوە دەکردەوە. تاکە شتێک بوو کە بتوانم بیری لێ بکەمەوە، تۆڵەسەندنەوە تەواوی هزری منی داگیر کردبوو، تەنانەت تۆڵەسەندنەوەم لە شولتۆ و کوشتنی لە خودی گەنجینەکەی "ئاگرا"ش گرنگتر بوو. هەمیشە هەر بەڵێنێکم دابێت، ئەوا بەجێم هێناوە ئەگەر کاتێکی زۆریشی ویستبێت.

ڕۆژێک لە ڕۆژان کە دکتۆر سەمرتن بە هۆی "تا"وە لەسەر جێگا کەوتبوو، ئەوا ڕۆیشتمە دارستان تاکو هەندێک گژوگیا کۆبکەمەوە. بە ڕێکەوت یەکێک لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئەوێم بینی کە دیاربوو زۆر نەخۆش بوو، دواتر بۆم دەرکەوت کە بە هۆی نەخۆشییەوە خەریکە دەمرێت، بۆیە هاتۆتە دارستان تاکو دوور لە چاوی خەڵکەکەی بمرێت.

**کاتێک بەو شێوەیەم بینی، ئەوا بەزەییم پێدا هاتەوە، بۆیە نەخۆشییەکەی ئەوم چارەسەر کرد. دوای ئەمە زۆر حەزی بە من هات، هەمیشە دەهاتە لای من، تاکو وای لێهات فێری زمانەکەی خۆیانی کردم. کورتەباڵایەکە ناوی تونگا بوو وەکو کە بۆم باس کردن. دواتر بۆم دەرکەوت کە بەلەمێکی گەورەی هەیە، هەر کە زانیشم ئامادەیە هەموو کارێکم لەپێناودا بۆ ئەنجام بدات، ئەوا بە هەلم زانی بۆ ئەوەی ڕاکەم. بۆیە فەرمانم پێکرد کە شەوێکیان بەلەمەکەی بێنێت بۆ بەندەرێکی کۆن کە هیچ جۆرە چاودێرییەکی لەسەر نییە، هەروەها پێشم گوت کە خواردن و خواردنەوەش لەگەڵ خۆی بێنێت.**

**تونگا بە ڕاددەیەک بەوەفا بوو کە تەواوی فەرمانەکانی جێبەجێ کردم. شەوێکیان بەلەمەکەی بۆ ئەو بەندەرە هێنا کە دیاریم کردبوو، بەڵام ئەو شەوەیان بەندەرەکە پاسەوانێکی زیندانی لێ بوو. ئەوە باثانی نەفرەتی بوو کە لەوێ پاسەوانییەتی دەکرد. ئەو هەمیشە لێی دەدام و سووکایەتی پێ دەکردم، بەڵێنیشم بە خۆم دابوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێت تۆڵەی لێ بکەمەوە. بینیم کە پشتی لە من بوو، بۆیە بیرم کردەوە کە بە بەردێک سەری بهاڕم و بیکوژم، بەڵام هیچ جۆرە بەردێکی گەورەم نەدۆزییەوە. بۆیە قاچە دارینەکەم لێکردەوە و وەکو چەکێک بەکارمهێنا. ڕێک لەو ساتەدا هێرشم کردە سەر، ئەویش هەستی پێکردم، بۆیە تەقەی کرد، بەڵام هیچم بەرنەکەوت. خێرا بازم دایە سەری و بەشی سەرەوەی کەللەسەریم شکاند. ئەگەر ورد بینەوە، ئەوا ئاسەواری لێدانی لەسەر قاچە دارینەکەم دیارە. دواتر هەردووکمان کەوتین، من بۆیە کەوتم چونکە هاوسەنگی خۆم لەدەستدا، بەڵام زوو هەستامەوە. بەڵام ئەو هەڵنەستایەوە و بە مردوویی لەوێ ڕاکشابوو. بەهەرحاڵ دواتر بەرەو بەلەمەکە ڕۆیشتم و لە ماوەی کاتژمێرێکدا من و تونگا کەوتینە ناو دەریا. تونگا هەرچی هەیبوو، ئەوا هێنابووی. چەک و خۆراک و چەندین شتی تریش. شایەنی باسیشە کە ڕمێکی هێنابوو لە داری بامبوو دروستکرابوو، هەروەها حەسیرەیەکیشی هێنابوو کە لە توێکڵی داری گوێزی هیندی ئاندرمانی دروستکرابوو، بەو دووانە جۆرێک لە چارۆکەم دروستکرد. بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەناو دەریادا ماینەوە، تاکو لە ڕۆژی یازدەیەم بەخت یاوەرمان بوو و کەشتییەکی هەڵمین ئێمەی لەخۆ گرت، کەشتییەکە لە "سنگافورە"وە بەرە جەددە دەڕۆیشت، زۆربەی گەشتیارەکانی ناوی حاجی مەولاوی بوون کە بەرەو ئەوێ گەشتیان دەکرد. خەڵکێکی سەیر بوون، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە من و تونگا توانیمان تێکەڵیان ببین و لەگەڵیان بگوونجێین. ئەو موسڵمانانە سیفەتێکی زۆر باشیان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە خۆیان لە کاروبارێک تێهەڵنەدەقورتاند کە پەیوەندی بە خۆیانەوە نییە. ئیتر با بۆتان باسی ئەوە نەکەم کە من و تونگا بە درێژایی گەشتەکە تووشی چی بووین، چونکە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە تاکو بەرەبەیان تەواو نابێت. لە تەواوی گەشتەکەدا هەمیشە هزرم لەسەر یەک شت بوو، ئەویش بریتی بوو لە تۆڵەسەندنەوە لە شولتۆ و کوشتنی. بەهەرحاڵ دوای سێ چوار ساڵ گەیشتینە ئینگەلترا، زۆری پێ نەچوو کە شوێنی (شولتۆ)م دۆزییەوە، دواتریش هەوڵمدا بزانم کە ئایا گەنجینەکەی کردووە بە پارە یاخود هێشتا لای ماوە. دواتر پەیوەندیم بە یەکێکەوە کرد کە دەیتوانی یارمەتیم بدات - ناوی نادەم بەوەی کە نامەوێت تووشی لێپێچینەوەی یاسایی ببێتەوە -، ئیتر بۆم دەرکەوت کە گەنجینەکەی هێشتا لاماوە. بیرم لە چەندین ڕێ کردەوە بۆ ئەوەی دەستم پێی بگات، بەڵام ئەو زۆر زیرەک بوو. هەمیشە دوو مشتەوانی بە توانا پاسەوانیان دەکرد، هەروەها هەمیشەش دوو کوڕ و خزمەتکارە هیندووسییەکەشی لەگەڵدا بوون. بەهەرحاڵ ڕۆژێک لە ڕۆژان کە بیستم خەریکە دەمرێت، ئەوا ڕامکردە ماڵەکەی ئەو بەوەی کە نەمویست وا بە ئاسانی بۆی دەرباز ببێت. دواتر لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە بینیم لەسەر جێگایە و خەریکە دەمرێت، ئەگەر نەمردبا، ئەوا ڕاستەوخۆ دەچوومە ناو ژوورەکەوە. بەڵام بۆ شەو چوومە ژوورەکەیەوە و هەموویم پشکنی، ویستم هێمایەک یان شتێک هەبێت کە شوێنی گەنجینەکەم نیشان بدات، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە، بۆیە توڕەییەوە ڕۆیشتم. بەڵام پێش ئەوەی بڕۆم نیشانەی هێمای ژمارە چوارم لەسەر سنگی ئەو دانا تاکو نیشانەی ڕقی ئێمەی پێوە دیاربێت. پێم حەیف بوو کە جۆرێک لە ئاسەواری ڕقی ئێمە لەگەڵ خۆی بۆناو گۆڕ نەبات.**

**بەهەرحاڵ ئەو کات بژێوی ژیانمان لەسەر نمایشی (تونگا)ی داماو بوو. بەوەی کە پیاوێکی ڕەش پێست بوو کە گۆشتی خاوی دەخوارد و سەمای جەنگی دەکرد، ئەوا خەڵک پارەیان دەدا بۆ ئەوەی ببینن. بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەواڵم لە "بۆندچێری لۆج"ەوە بۆ دەهات، بەڵام هیچیان تازە نەبوون، هەر ئەوە بوو کە ئەوان هێشتا بەدوایدا دەگەڕان، بەڵام لە کۆتاییدا هەواڵی ئەوەم پێگەیشت کە گەنجینەکەیان دۆزیوەتەوە. گەنجینەکە لە نهۆمی سەرەوەی تاقیگەی کیمیایی بەڕێز بارثلۆمیۆ شولتۆ بوو. بۆیە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتم بۆ ئەوێ، بەڵام نەمزانی کە بە قاچە دارینەکەمەوە چۆن بەسەر**

خانووەکەدا سەرکەوم و بچمە ناو ژوورەکەی. بەڵام دەمزانی کە سەربانەکە دەرگای هەیە، هەروەها دەشمزانی کە بەڕێز بارثڵۆمیۆ کەی نانی ئێوارەی دەخوات، بۆیە بیرم کردەوە و بۆم دەرکەوت کە پێویستم بە یارمەتی (تونگا)یە. ئیتر ئەوم برد و گوریسێکم لە کەمەری بەست، وەکو پشیلە بەسەر خانووەکەدا سەردەکەوت، دواتر گەیشتە سەرەوە و پەنجەرەکەی بینی. بەڵام بۆ بەدبەختیمان بەڕێز بارثڵۆمیۆ هێشتا لە ژوورەکەی بوو. تونگا وایزانی کە کارێکی زیرەکانەی کردبوو بەوەی کە ئەوی کوشت، چونکە کاتێک گوریسەکەی بەست و منیش سەرکەوتم، ئەوا بینیم بە پۆزەوە لە شوێنی خۆی وەستاوە.

کاتێک ئەوەم بینی، ئەوا زۆر توڕە بووم، بۆیە بە سەری گوریسەکە کە وەکو قامچی وابوو لێمدا و پێم گوت ئەهریمەنی خوێنخۆر. ئەمەی زۆر لا سەیر بوو. بەهەرحاڵ دواتر سندووقەکەم هەڵگرت و بە گوریسەکەدا بردمە خوارەوە، هێمای ژمارە چواریشم جێهێشت بەو مانایەی کە خاوەن مافەکان گەنجینەکەیان بەدەست هێناوەتەوە. دواتر تونگا گوریسەکەی ڕاکێشا و بەو شێوازە هاتە دەرەوە کە پێی ڕۆیشتە ژوورەوە.

دوای ماوەیەکیش بیستم کە کەسێک بەلەمێکی خێرای هەیە بە ناوی ئۆرۆرۆا، بۆیە بیرم کردەوە کە ئەوە باش دەبێت بۆ ئەوەی لە ڕێگایەوە ڕاکەین. بۆیە لەگەڵ سمیث ڕێککەوتم و پارەیەکی زۆرم پێدا، گوتیشم کە خەڵاتی دەکەم ئەگەر بە سەلامەتی بەرەو کەشتییەکەمان ببات. ئیتر ئەمە تەواوی چیرۆکەکە بوو، ئەوە بزانن کە خۆشم لەوانە نەدیوە کە ئەنجامم داون، ئەوە بزانن کە من ستەم لێکراوم و (شولتۆ)ش خیانەتی لێ کردین!

هۆڵمز دوای بیستنی ئەمانە گوتی: بەڕاستی چیرۆکێکی سەیرە، بەڵام کۆتاییەکی گونجاوی هەیە. جگە لەوەی کە نەمدەزانی گوریست لەگەڵ خۆتدا بردبوو، ئەوا وامزانی کە تونگا تەواوی دڕکەکانی ون کردبوون، بەڵام لەسەر بەلەمەکە دانەیەکی تێگرتین .

-ڕاستت فەرموو بەڕێزم، بەڵام دانەیەک لەناو قامیشەکەدا مابۆوە .

-ڕاست دەکەیت، بیرم لەوە نەکردەوە.

تاوانبارەکە بە میهرەبانییەوە پرسی: هیچی تر ماوە لێم بپرسیت؟

-نەخێر، سوپاس.

دواتریش جۆنز گوتی: کێشەم نییە کە چاوەڕێت بکەم هۆڵمز، بەڵام ئەرک ئەرکە، هەروەها کاتێکی زۆریشم پێ بەخشین. هەر ئێستا دەبێت ئەم پیاوە بخەمە زیندانەوە. هێشتا گالیسکەکە لە دەرەوە چاوەڕێمان دەکات. زۆر سوپاس بۆ هاوکاریتان، شایەنی باسیشە کە بوونی ئێوە لە دادگا بۆ مەبەستی شایەتیدان پێویست دەبێت، بە هیوای کاتێکی خۆش.

(سمۆل)یش گوتی: شەوتان شاد بەڕێزان.

لە کاتی ڕۆیشتنیاندا جۆنز گوتی: دەبێت وریای قاچت بم، چونکە نامەوێت بە قاچە دارینەکەت هێرشم بکەیتە سەر وەکو چۆن هێرشت کردە سەر ئەو پاسەوانەی ئاندرمان.

ئیتر ئەوان ڕۆیشتن. دوای ئەوەی کە کەمێک دانیشتین و بە بێدەنگی جگەرەمان کێشا، ئەوا گوتم: بەم شێوەیە دۆسیە سەیرەکەمان کۆتایی پێهات، جێی داخە کە چیتر ناتوانم توانا ناوازەکانت ببینم بەوەی کە بەمزووانە هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (مۆرستن)دا دەکەم.

سەری ناڕەزایەتی دەربڕی و گوتی: دەترسام کە شتێکی لەم شێوەیە ڕووبدات ! ناتوانم پیرۆزبایی لێ بکەم.

ئەم قسەیەی کەمێکی ئازار دام، دواتر پرسیم: ئایا ئەوت پێ باش نییە؟

**-بە پێچەوانەوە، ئەو یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین ئەو ئافرەتانەی کە تاکو ئێستا بینیومە، ئەگەر ویستبای، ئەوا دەبوو بە هاریکارییەکی گەورە بۆ ئێمە، ئەو زۆر بەتوانایە ! بیرتە کە چۆن نەخشەکەی باوکی هەڵگرتبوو؟ بەڵام خۆشەویستییەتی سۆزە، سۆزیش لەگەڵ شێوازی کارکردنی مندا ناگونجێت. من وەکو خۆم هەرگیز هاوسەرگیری ناکەم بەوەی کە ئەگەری هەیە شێوازی بیرکردنەوە و کارکردنم بگۆڕێت.**

**منیش بە پێکەنینەوە گوتم: وابزانم ئەوە منم کە ئەوەم بەسەردا دێت. بەهەرحاڵ، ماندوو دیاریت .**

**-شوێنەواری ماندوویم پێوە دیارە، دەبێت یەک حەفتە بۆی بخەوم (دەربڕینی وەرگێر .(**

**-سەرم لە حاڵەتی تەمبەڵی و چالاکی تۆ دەرناچێت .**

**-من هەم کەسێکی تەمبەڵم، هەمیش چالاک، بۆیە زۆرجار بیر لەو دوو دێڕە دەکەمەوە کە (جوتێ) نووسیویەتی :**

**جێی داخە کە سرووشت تەنیا جۆرێک لە تۆی درووست کردووە**

**چونکە ژیان جێی ئەوە دەبۆوە کە هەردوو جۆرەکەی تۆی تێدابا**

**سەبارەت بەوەی کە کێ یارمەتی (سمۆل)ی دابوو، ئەوە لال راو بوو، ئەو یارمەتی دابوو. بۆیە جۆنز تەنیا تۆمەتبارێکی لایە و تۆمەتبارەکانی تریشی فەرامۆش کردووە .**

**-ئەمە داپەروەرانە نییە. جۆنز سەرکەوتوویی دۆسیەکەی دەخرێتە پاڵ، منیش هاوسەرێکم بەدەستهێنا، ئەی تۆ چیت دەستکەوت؟**

**-هیچم دەست نەکەوت، بەڵام بە لایەنی کەمەوە کۆکایینەکەم هەر ماوە.**

# کۆتایی